**کارڵ مارکس**

# سەرمایە

## Das Kapital

**ڕەخنە لە ئابووری سیاسی**

- ناوی کتێب: سەرمایە
- ناوی نووسەر: کارڵ مارکس
- وەرگێڕان: شلێر ڕەشید، کەژاڵ حەمەڕەشید، سەلام عەبدوڵا
- هەڵەبڕی: ڕێبوار حەمە تۆفیق
- نەخشەسازی و بەرگ: فەهمی جەلال
- سەرپەرشتیار: عوسمان حەسەن شاکر
- تیراژ: ١٠٠٠دانە
- ژمارەی سپاردن: (٦٩٢) ساڵی ٢٠٠٦

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٦

# بەرگی یەکەم

## ٢٠٠٤

وەرگێڕانی : شلێر ڕەشید ،کەژاڵ حەمەڕەشید، ، سەلام عەبدوڵا

ناوەڕۆک لاپەڕە

پێشکەش ٢

پێشەکی ٣
ڕوونکردنەوە ٤

کتێبی یەکەم- گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی سەرمایە

بەشی یەکەم

کالاَ و دراو

کالاَ

١-دوو فاکتەری کالاَ: بەهای بەکارهێنان و بەهای گۆڕینەوە یان

بەهای پەتی(کاکڵەی بەها-پێوانەی بەها) ٥

٢- مۆرکی دوولایەنەی کار کە لەناو کالاَدا خۆی دەنوێنێ ٩

٣- شێوەی بەها یان بەهای گۆڕینەوە ١٣

ا-شێوەی ساکار، تاک یان بەڕێکەوتی بەها ١٤

١-دوو پۆلی دەربڕینی بەها: شێوە ڕێژەییەکەی و شێوە هاوهێزەکەی ١٤

٢- شێوەی ڕێژەیی بەها ١٥

ا- ناوەخنی شێوەی ڕێژەیی بەها

ب- دیاریکردنی چەندایەتی فۆرمی ڕێژەیی بەها ١٧

٣- شێوەی هاوکێش ١٩

٤-کۆی فۆرمی بەهای سادە ٢٢

ب- شێوەی بەهای گشتی یان پەرەئەستین ٢٤

١- شێوەی پەرەئەستێنی بەهای ڕێژەیی ٢٤

٢-شێوەی هاوکێشی تایبەت ٢٤

٣-کەموکوڕییەکانی شێوەی بەهای گشتی یان پەڕەئەستێن ٢٤

ت- شێوەی بەهای گشتی ٢٥

١- مۆرکە گۆڕاوەکانی شێوەی بەها ٢٦

٢-پەیوەندی گەشەکردن لە نێوان شێوەی بەهای ڕێژەیی و شێوەی هاوکێش ٢٧

٣-گواستنەوە لە شێوەی گشتی بەهاوە بۆ شێوەی دراو ٢٨

٤-خوورەوشتی کاڵاپەرەستن و نهێنییەکانی ٢٩

# پێشکەش:

**بە هاوڕێی ئازا، بە ئەمەک و ڕابەری پرۆلیتاریا**

**ڤیهێلم ڤۆلف.**

**لە تارناو، ڕۆژی٢١. یونی.١٨٠٩ لەدایکبووە و لە ڕۆژی ٩.٥.١٨٦٤لە تاراوگەی مانشیستەر، گیانی لەدەستدا**

**ڕوونکردنەوە:**

بۆ وەرگێڕانی کەپیتاڵ بۆ زمانی کوردی، پشتمان بە لەچاپدانی چوارەم بەستووە کە لە لایەن ئەنگلسەوە خوێندراوەتەوە و لە ساڵی ١٨٩٠لە شاری هامبۆرگ بەچاپدانی گەیاندووە و بە دەقە

ئینگلیزییەکەی. هەروا بۆ ئەوەی تا پێمان بکرێ بە پوختی بۆ بڵاوکردنەوە بینێرین، لەگەل وەرگێرانە عەرەبییەکەی بەراوردی دەکەین. ئومیدەوارین، ئێوەی بەرێزیش بە چاوێکی رەخنەگرانەوە، لەم ئەرکە گرنگ و پر بایەخە، بە پێشنیار و تێبینی بەشداریمان بکەن

بەرز و پیرۆز بێ گیانی هەموو گیانبەختکردووانی رێگای شیوعییەت(کۆمونیزم)!

شلیر رەشید، کەژاڵ حەمەرەشید، ، سەلام عەبدوڵلا

٢٣-١٢-٢٠٠٤

# کتێبی یەکەم

# پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایە

## کاڵا و دراو

### بەشی یەکەم

### کاڵا

## ١-	دوو فاکتەری کاڵا: بەهای بەکارهێنان و بەهای گۆڕینەوە یان بەهای پەتی(کاکڵەی بەها-پێوانەی بەها)

سامانی ئەو کۆمەڵگایانە کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تێدا باڵادەستن، وەک (کەڵەکەکردنی بێ سنووری کاڵا) دەردەکەوێ و هەر کاڵایەکیش، وەک فۆرمە سەرەتاییەکەی. بەم هۆیەوە لێکۆڵینەوەکەمان بە شیکردنەوەی کاڵا دەستپێدەکات.

سەرەتا، کاڵا شتێکە، بەهۆی تایبەتمەندیەکانیەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان، پێداویستییەکانی مرۆڤ پڕدەکاتەوە. سرووشتی ئەم پێداویستییانە هەرچییەک بن (بۆ نموونە)چەندایەتییەکەی یان فەنتازییەکەی، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ. لێرەدا، مەسەلەکە پەیوەندی نییە بەوەی کە چۆن شتەکە، پێداویستییەکانی مرۆڤ بە ڕاستەوخۆیی پڕدەکاتەوە، ئەگەر شتەکە خۆراک بێت، واتە وەک بابەتی چێژلێوەرگرتن، یان، بەناڕاستەخۆ، وەک ئامێری بەرهەمهێنان.

هەر شتێکی سوودبەخش، وەک ئاسن و کاغەز...هتد، دەکرێ بە دوولایەنە سەرەنجی بدەین، واتە لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتی. هەر یەکێک لەو شتانە، کۆمەڵێکن تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە، بۆیە دەتوانرێ بە شێوەی جۆراوجۆر سوودیان لێ وەربگیرێت. دۆزینەوەی ئەم فرەلایەنییەو، فرەلایەنی شێوازی بەکارهێنانیان، کاری مێژووە. ئەوە شێوەی دۆزینەوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ چەندایەتی شتە سوودبەخشەکان. جیاوازی پێوەرەکانی ئەم کاڵایانە سەرچاوەی هەندێکیان سرووشتی جیاوازی ئەو شتانەیە کە دەبێ بپێورێن و سەرچاوەی هەندێکیتریان، کۆنڤۆتسیونە(ڕێکەوتن)ە.

سوودوەرگرتن لە شتێک، دەیکات بە بەهای بەکارهێنانەکەی، بەڵام ئەم سوودوەرگرتنە، شتێکی ناڕۆشن یان دیارینەکراو نییە. ئەم سوودوەرگرتنە کە مەبەست لە تایبەتمەندییەکانی جەستەی کاڵاکانە، قەت ناتوانی بە بێ ئەو هەبێ. خودی ئەم جەستەیە، وەک ئاسن یان گەنم و ئەڵماس...هتد-واتە-بەهای بەکارهێنانیان کاڵایە وبەوەوە پەیوەست نییە، داخۆ مرۆڤ، بۆ موڵکایەتی تایبەتمەندی بەکارهێنانەکەی، کەم یا زیاد، کاری بۆ کردووە. لەکاتی سەرنجدانی بەهای بەکارهێنان، یەکسەر چەندایەتییەکەی دیاریدەکەین، بۆ نموونە، دەستەیەک سەعات، مەترێک کوتاڵ یان تۆنێک ئاسن ...هتد

بەهای بەکارهێنانی کاڵاکان، مەتریاڵی دیسپلینی مەعریفی خۆیمان بەدەستەوە دەدا. بەهای بەکارهێنان تەنها لە بەکاربردن یان بەکارهێناندا خۆی جێبەجێ دەکا. فۆرمی کۆمەڵایەتی سامان

هەرچۆنێک بێ، بەهای بەکارهێنانەکانی، ماددەکانی پێکدەهێنێ و لەم کۆمەڵگەیەدا کە دەمانەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، لەهەمان کاتدا کۆڵەکە ماددییەکانی بەهای گۆڕینەوەیە.

لەسەرەتادا، بەهای گۆڕینەوە وەک پەیوەندی چەندایەتی دەردەکەوێ و ئەو ڕێژەیە کە تێیدا بەهای بەکارهێنانی شتێک لە گەڵ بەهای بەکارهێنانی شتێکیتر ئاڵوگۆر دەکرێ؛ ئەمە جۆرە پەیوەندییەکە کە بەردەوام بەپێی گۆڕانی کات و شوێن، ئاڵوگۆڕێ بەسەردا دێ. ئا لێرەوەدا، بەهای ئاڵوگۆڕ نەختێ وەک ڕێکەوت و ڕێژەی پەتی دەردەکەوێت کە لەناو خودی کاڵاکەیە. بە بۆچوونی قوتابخانەی کلاسیک، بەهای ناوەکی گۆڕینەوە، وەک ناکۆکییەک لە دەربڕین و مانایەکی ئاوەژوو، دەردەکەوێت. دەبا مەسەلەکە لە نزیکەوە سەرەنج بدەین.

بۆ نموونە، کاڵایەکی تایبەت و دیاریکراو، با بڵێین مەترێکی چوارسوچەیی گەنم لەگەڵ سنفێکیتر بە ڕێژەی جۆراوجۆر دەگۆڕدرێتەوە، بەڵام هەر چۆنێک دەریببڕین، بەهای گۆڕینەوەکە وەک خۆی دەمینێتەوە و ناگۆڕێ، بە(ی) ڕۆن یان(ن) هەورێشم یان(م)ئاڵتون وهتد... دەبێ ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەبێ لەو دەربڕینە جیاوازانە.

با دوو کاڵایتر وەربگرین، بۆ نموونە نەختێک گەنم و نەختێک ئاسن. پەیوەندی گۆڕینەوەیان هەرچییەک بێ، هەمیشە دەکرێ بە هاوکێشێک بۆ دەربڕین، هەندێکی دیاریکراو لە گەنم، یەکسانە بە هەندێک لە ئاسن، بۆ نموونە، مەترێکی چوارسووچەی گەنم =ئەوەندە کیلۆ ئاسن. ئایا ئەم هاوکێشەیە مانای چییە؟

ئەمە واتای ئەوەیە، شتێکی هاوبەش بەهەمان گەورەیی لەناو دوو شتی جیاوازدا هەیە؛ شتێکی هاوبەش لەناو یەک مەتری چوارسووچەیی گەنم و لە چەند کیلۆگرامێکی ئاسن هەیە. کەواتە، هەردوو شتەکە یەکسانن بە شتێکی سێهەم، نە لەناو ئەم و نە لەناو ئەودا هەیە. دەبێ هەر شتێکیان، بەو مانایە کە بەهای گۆڕینەوەیە، لەتواناادا هەیە بۆ شتێکی سێهەم، بەدوور لە یەکتری، بگۆڕدرێ.

نموونەیەکی ئەندازەیی سەرەتایی هەیە کە دەتوانێ ئەم مەسەلەیە بۆ ئێمە ڕۆشن بکات. بۆ ئەوەی هەموو فیگورێکی هێڵ ڕاست بپێوین و لەگەڵ یەکتر بەراوردیان بکەین، بۆ سێ گۆشەیی دابەشدەکرێن. خودی سێ گۆشەکە دەهێنرێت بۆ ئاستی یەکێک لە فیگۆرە بینراوەکەی کە زۆر لە ڕەواڵەتە بینراوەکەیەوە، جیاوازە: بۆ نیوەی دەرئەنجامی بنەماکەی کە بە بەرزییەکەی لێدەدرێتەوە: هەروا بەهای گۆڕینی کاڵاکە دەهێنرێتە ئاستی هاوبەشییەک کە زیاد یان کەم، نیوەکەی دیاریدەکات.

ناکرێ ئەم شتە هاوبەشە، تایبەتمەندیەکی جیومەتری، فیزیکی، شیمی یان هەر تایبەتمەندیەکی سرووشتی کالاّ بێت. تایبەتمەندیە جەستەییەکەی تەنها بەئەندازەی چەندایەتی بەخشینە لە قازانج و کردنی بە بەهای بەکارهێنان. بەلاّم لە لایەکیترەوە، ڕاستەوخۆ، ئەبستکراکتسیونە(تجرید)ە لە بەهای بەکارهێنانی کالاّکان کاتێ ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ. ئەوە مەسەلەیەکی بەڵگەنەویستە کە هەر پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکردن، تایبەتمەندی ئەو چاوپۆشینەی تێدایە. لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردندا، بەهای سوودمەندی، دەقاودەق یەکسانە بە بڕی یەکسانی هەر بەهایەکی تر، بە مەرجێک، ڕێژەیەکی گونجاو بن، یان وەک(باریون)ی پیرەمێرد دەڵێ: (جۆرە کالاّیەک وەک کالاّکانی تر باشە، کاتێ یەک بەهای گۆڕینەوەیان دەبێ. هیچ جیاوازی و چاک و خراپی شتەکان نیە کە هەمان بەهایان هەیە- ١٠٠لیرەی ئەستەرلینی لە ئاسن، هەمان بەهای ١٠٠لیرەی ئاڵتون و زیوی هەیە).

کالاّکان بەو مانایە کە بەهای بەکارهێنانن، پێش هەموو شتێکیتر، چۆنایەتی جیاوازیان هەیە و، ناکرێ ببن بە مانای گۆڕینەوەی بەها، تەنها وەک چەندایەتی جیاواز نەبێ. کەواتە کالاّکان بەهای بەکارهێنانی وردیلەیی نین.

ئەگەر بەهای بەکارهێنانی کالاّکان وەلابنێین، بێجگە لەیەک سیفەت نەبێ، هیچیان لێ نامێنێتەوە، ئەوەش بەرهەمی کارکردنە. بەلاّم بەرهەمی کارکردن بەبێ ئەوەی پێی بزانین، گۆڕانکاری بەسەر هاتووە. ئەگەر چاوپۆشی لە بەهای بەکارهێنانی بکەین، ئەوا هەموو توخمە ماددی و ڕەواڵەتەکانی کە ئەو بەهایە پێی داوە، بەجارێک نامێنێ، هیچیش لەبەردەستمان نامینێ، تەنها(بۆ نموونە)مێزێک، یان خانوویەک یا هەر شتێکی سوودبەخش. هەروا هیچ لە بەرهەمی کرێکارێکی میکانیکێک، بیناسازی یان هەر کارێکی بەرهەمهێنەریتر نامێنێ. لەگەل نەمانی تایبەتمەندییە سوودبەخشەکانی بەرهەمی کارکردن، لەهەمان کاتدا، مۆرکی سوودبەخشی ئەو کارانە کە لە ناو بەرهەمەکەدان و شێوە هەستپێکراوە جۆربەجۆرەکان کە کارێک لە کارێکیتر جوێ دەکاتەوە، نامینێ. کەواتە هیچ شتێک نامینێ، تەنها مۆرکی هاوبەشی ئەو کارانە نەبێ کە هەموویان بۆ خودی کاری مرۆیی دەگەڕێنەوە، بۆ خەرجکردنی هێزی کاری مرۆیی، بە چاوپۆشی لەو شێوە تایبەتییە کە ئەو هێزە تێدا بەکارهێنراوە.

دەبا ئێستا بڕوانینە کاکڵەی بەرهەمەکانی کارکردن. هەر یەکێکیان بەدەستەوە بگرین، زۆر لەوی تریان دەچن و هەموشیان ڕاستییەکی وەهمییان هەیە، واتە خەرجکردنی هێزی کاری مرۆیی، بەبێ بایەخدان بە فۆرمەکەیان، واتە هێزێکی مرۆیی تێدا کەڵەکەی کردووە و وەک کریستاڵی ماددە کۆمەلاّیەتیە هاوبەشەکەیان، بە بەهای کالاّ دادەنرێ.

ئەو شتە هاوبەشە کە لەناو پەیوەندییەکانی گۆڕینەوەی کاڵاکاندا یان لەناو بەهای گۆڕینەوەیان دەردەکەوێ، سەرئەنجام، بەهاکەیەتی و بەهای هیچ بەکارهێنانێک یان سنفێک لە سنفەکان بەهای نییە، تەنها بە ئەندازەی ئەو کارە مرۆییە نەبێ، کە تێدا خەرجکراوە.

ئێستا چۆن پێوەری بەهاکەی بپێوین؟ بە چەندایەتی ئەو ماددەیە(خوڵقێنەری بەها) کە تێدایە، واتە کار و خودی چەندایەتی کار؛ بە ماوەکەی لە زەمەن دەپێورێ و کاتی کاریش پێوەری خۆی هەیە، لە بەشەکانی کاتێکی دیاریکراودا، وەک کاتژمێر، ڕۆژ ...هتد.

ڕەنگە وادەربکەوێت، ئەگەر بەهای کاڵایەک بە چەندایەتی ئەو کارە کە بۆ بەرهەمێنانی، خەرجکراوە، دیاری بکرێت، و هەرچەند پیاوەکە تەمەڵتر و کەمتر داهێنەر بێ، بەهای کاڵاکەی زیاتر دەبێ، چونکە، کاتێکی درێژتر بۆ درووستکردنی بەکاردەهێنێ. بەڵام ئەو کارە کە ماددەی بەهای کاڵاکە پێکدەهێنێ، هەمان کارە مرۆییەکەیە؛ بەکارهێنانی هەمان هێزی کاری مرۆییە. هەموو هێزی کاری کۆمەڵگە کە لە کۆی بەهاکانی جیهانی کاڵادا دەردەکەوێ، گەرچی لە هێزی تاکی بێ ئەژمار پێکدێن، هەر هەمان هێزی کاری مرۆییە. هەر یەکێک لە هێزی کاری تاکەکان، هەمان هێزی کاری تاکێکیترە، مادام مۆرکی هێزێکی کۆمەڵایەتی ناوەندی هەیە و هەر بەو شێوەیەش کاردەکات. واتە، لە بەرهەمهێنانی کاڵایەکدا، تەنها کاتی کاری مامنێوەندی پێویست، یان کاتی کۆمەڵایەتی پێویست، بەکاردەهێنرێت.

کاتی کۆمەڵایەتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکان، ئەو کاتەیە کە هەر کرێکارێک بە پلەیەکی مامناوەند لە لێزانی و هێز و لە مەرجێگەلێکی ئاساییدا بە نیسبەت ژینگەی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، بەرهەمدەهێنێت.

لەپاش ئەوەی لە ئەنگلتەرە، چنین بە مەکینەی هەڵم بەکارهێنرا، ماوەی کارکردن بۆ گۆڕینی چەندایەتییەکی تایبەت لە پەتەوە بۆ تەون، بوو بە نیوەی ماوەی کارکردن کە لە ڕابردوودا پێویستی بوو. بەڵام چنین سازی ئینگلیزی بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆڕانە، هەمیشە پێویستی بە هەمان ماوە بوو و، لەو بروارەوە، بەرهەمی خولەکێکی کارێکی تاکڕەو، تەنها نیو خولەکی کۆمەڵایەتی کارکردن، پێکدەهێنا و تەنها نرخی نیو بەهای یەکەمەکەی دەدا.

کەواتە، تەنها چەندایەتی کارکردن یان ماوەی کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هەر سنفێک لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، چەندایەتی بەها دیاریدەکات و هەر کاڵایەکی تایبەت، بەشێوەیەکی گشتی وەک کۆپیەکی مامناوەندە لە جۆرەکەی، یان دەکرێ لە ماوەیەکی یەکسان بەرهەمبهێرێت و لە پاشاندا، بەهایەکی یەکسانی دەبێ. بەهای هەر کاڵایەک، بە نیسبەت بەهای هەر کاڵایەکیتر، نموونەی هەمان ڕێژەی کاری پێویستە بۆ بەرهێنانی ئەمە بۆ کاتی پێویست بۆ بەرهەمێنانی ئەویتر.

چەندایەتی بەهای هەر کالایەک لە کالاکان، بە نەگۆڕی دەمینێتەوە، ئەگەر کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. بەلام ئەم کاتە دەگۆڕێ لەکاتی گۆڕینی هێزی کاری بەرهەمهێنەر کە لەلای خۆیەوە بە بارودۆخی جیاوازەوە گرێدراوە، لەوانە، لێهاتوویی مامناوەندی کرێکاران، گەشەسەندنی زانست، پلەی جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا، پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، بەرفراوانی، کارتێکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە سرووشتییەکان. بۆ نموونە، چەندایەتی خودی کارکردن، لە ناو ٨کیلۆ گەنم، ئەگەر وەرزەکە گونجاو بێ و، ٤کیلۆ ئەگەر ناگونجاو بێ، پێکدێت. چەندایەتی خودی کارکردن بەستەلەیەکی کانزای ناو کانگە دەوڵەمەندەکان زیاتر لە کانگا هەژارەکان پێشکەش دەکات...هتد. پارچە ئەڵماس، بەدەگمەن لە توێژی سەرەوەی زەمین دەردەکەوێ، بۆیە، بە ڕێژەیەکی ناوەند، پەیداکردنی، پێویستی بە ماوەیەکی درێژ هەیە، بەشێوەیەک، کە کارێکی زۆر لە قەوارەیەکی بچوک پێکدێت. (یاکوپ) گومانی هەیە لەوەی کە ئاڵتون، ڕۆژێک لە ڕۆژان، نرخی بەهای تەواوی خۆی پێدرابێ. هەروا ئەمە لە بارەی گەوهەر(ئەڵماس) دروستترە. بە بۆچوونی(ئێشڤێگە)، بەرهەمی گشتی کانگاکانی گەوهەر لە برازیل لە ماوەی هەشتا ساڵ، تا ١٨٢٣دا، نەگەیشت بە نیوەی ڕێژەی ناوەندی ساڵ ونیویکی بەرهەمهێنان لە کێڵگەکانی شەکر یان قاوە لە هەمان وەلات، گەرچی کارێکی زۆر زۆرترو لەپاشاندا بەهایەکی زیاتری پێکدەهێنا. لە کانگا دەوڵەمەنترەکاندا، هەمان چەندایەتی کار، لە گەوهەرێک زیاتر خۆی دەنواند و، بەهاکەی دادەبەزاند. گەر مرۆڤ پێی بکرابا بەکارێکی کەمتر، خەڵوزی بگۆڕیبا بۆ گەوهەر، ئەوا بەهاکەی دەبوو بە کەمتر لە بەهای خشت.

بەگشتی، هەرچەند هێزی کاری بەرهەمهێنەر گەورەتر بێ، کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی سنفێک، کورتتر دەبێ و چەندایەتی ئەو کارەی تێدایە، کەمتر دەبێ و بەهاکەیشی نزمتر. بە پێچەوانەیشەوە، هەرچەند هێزی بەرهەمهێنەری کار، بچووکتر بێ، کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی سنفێک، زیاتر دەبێ و بەهاکەیشی، بەرزتر. کەواتە، چەندایەتی بەهای هەر کالایەک، ڕاستەوخۆ جیاواز دەبێ، وەک چەندایەتی کار و بە پێچەوانەشەوە، لەگەل هێزی کاری بەرهەمهێنەری ناو کارەکە.

ئێستا لە کاکلەی بەها تێگەیشتین: کارکردنە و پێوانی چەندایەتییەکەی: ماوەی کارکردنە.

دەکرێ هەر شتێک لە شتەکان، بەهای بەکارهێنانی هەبێ، بەبێ ئەوەی بەها بێ. بۆ ئەوە بەسە، سوودی بۆ مرۆڤ هەبێ، بەبێ ئەوەی سەرئەنجامی کارەکەی بێ، وەک با و دەشتی نەکێڵراو، سەوزەلانی سرووشتی یان دارستانەکان...هتد. هەروا دەکرێ شتێک لە شتەکان شت، سوودمەند بێ و بەرهەمی کاری مرۆڤ بێ، بە بێ ئەوەی کالا بێ. هەر کەسێک، بەڕێگای بەرهەمەکەیەوە پێداویستەکانی خۆی پڕ بکاتەوە، بەهای بەکارهێنان، بە بەرهەمدەهێنێ، نەک

کاڵا. بۆ ئەوەی کاڵایەک بە بەرهەم بهێنرێ، دەبێ نەک تەنها بەهای بەکارهێنان بەرهەم بهێنرێ، بەڵکو بەهای بەکارهێنان بۆ کەسانی تر بە بەرهەمبهێندێت، واتە بەهای بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی.

لە دواییدا، هیچ شتێک، نابێ بە بەها، گەر سوودمەند نەبێ. ئەگەر سوودمەند نەبوو، ئەوا ئەو کارەی تێدایە، بە خۆڕایی تێدا خەرجکراوە و لەپاشاندا نابێ بە خوڵقێنەری بەها.

## ٢- مۆرکی دوولایەنەی کار کە لەناو کاڵادا خۆی دەنوێنێ

لە سەرەتاوە، کاڵا وەک شتێکی دوو ڕووو دەرکەوت: بەهای بەکارهێنان و بەهای گۆڕینەوە. لەپاشاندا بینیمان، کەوا کار، تا ئەو ڕادەیە، خۆی وەک بەها دەردەبڕێ، چیتر نابێتە خاوەنی هەمان ئەو دیاردانە کە خۆی وەک خوڵقێنەری بەهای بەکارهێنان وەریدەگرێ. من یەکەم کەسم، کە سرووشتی دولایەنەی کار کە لەناو کاڵادا خۆی دەنوێنی، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بسەلمێنم. کاتێ ئەم خاڵە، خاڵی تەقینەوەیەو بە دەوریدا تێگەیشتن لە ئابووری سیاسی دەسووڕێتەوە، دەبێ لێرەدا ڕۆشنتر بکرێتەوە.

دەبا دوو کاڵا وەربگرین، کراسێک و دە میتر کەتان. یەکەمەکەیان بەهای دووبەرابەری هەیە لە دووهەمەکەیان، بەشێوەیەک، ئەگەر دە میتر کەتانەکەW=بێ، کراسەکەW2=ە.

کراسەکە بەهای بەکارهێنانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکی تایبەت و، سەرئەنجامی جۆرێکی تایبەتە لە چالاکی بەرهەمهێنەر کە مەبەست، شێواز و سەرئەنجامی کارکردنەکەی دیاریکراوە. ئێمە، ئەو کارە کە لە یەکانەکانیدا یان لە بەهای بەرهەمی بەکارهێنانی دەردەکەوێ، بە ئاسانی ناوی دەنێین، کارێکی سوودبەخش. لەم بۆچوونەوەوە، بۆ کاریگەری سوودەکانی دەڕوانین.

هەر وەک چۆن کراس و پارچە کەتانەکە، چۆنایەتی دوو بەهای بەکارهێنانی جیاوازن، بەهەمان شێوەش، چۆنایەتی کاری بەرگدووری کراس، جیاوازە لە کاری چنینسازی کەتانەکە. ئەگەر بهاتبا، ئەم دوو شتە، دوو بەهای بەکارهێنان و دوو چۆنایەتی کاری سوودبەخش، نەبان، هەرگیز نەیاندەتوانی لە ئاستی یەکتر وەک دوو کاڵا ڕاوەستن. کراس لەگەڵ هەمان کراس ناگۆڕدرێتەوە؛ دوو بەهای بەکارهێنانی لەیەکچوو، لەگەڵ یەکتر ناگۆڕدرێتەوە.

لە ناو گشتی فرەچەشنەکانی بەهای بەکارهێنان یان جەستەی کاڵا و، بەهەمان شێوەش، بەگشتی، بە گوێرەی ڕەگەز، شێواز، خێزان و فرەچەشن، دەردەکەوێ-دابەشکردنی

کۆمەڵەلایەتی کارکردن–بە بێ ئەوە، بەرهەمهێنانی کاڵایە لە ئارادا نابێ. ئەوە مەرجی بوونی بەرهەمهێنانی کاڵایە، بەڵام بەرهەمهێنانی کاڵا، مەرجی بوونی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی نییە. لە ناو کۆمەڵگەی هیندی دێریندا، کار بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دابەشکرابوو، بەبێ ئەوەی بەرهەمەکان ببن بە کاڵا. دەبا لێرەدا نموونەیەکی بەرچاو بهێنینەوە، لە هەر کارگەیەکدا، کار بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی دابەشکراوە، بەڵام ئەم دابەشکردنە لەوەوە سەرئەنجامی نەگرتووە کە کرێکاران وەک تاک بەرهەمەکانیان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە. تەنها بەرهەمە سەربەخۆ بە یەک نەبەستراوەکانی کاری تایبەت، لە ئاستی یەکتردا، وەک کاڵایەک، بۆ گۆڕینەوە دەردەکەون.

وەک بینیمان: لەناو بەهای بەکارهێنانی هەر کاڵایەک، کارێکی سوودمەندی تایبەت هەیە، یان چالاکییەکی بەرهەمهێنەر هەیە کە هاوجووتی مەبەستێکی تایبەت. بەهای بەکارهێنانەکان ناتوانن لەبەرامبەر یەکتر وەک کاڵا ڕاوەستن، تەنها ئەگەر لەهەناویاندا کارێکی سوودمەندی جیاواز هەبێ.

لەو کۆمەلگایانەدا کە بەرهەمەکان بەگشتی، شێوەی کاڵا وەردەگرن، واتە لە کۆمەڵگەیەکدا، هەر بەرهەمهێنەرێک دەبێ ببێ بە فرۆشیار، جیاوازی لەناو جۆرە جیاوازەکانی کارە سوودبەخشەکان کە جێبەجێ دەکرێن، بەشێوەیەکی سەریەخۆ لەیەکتر، بۆ بازرگانی تایبەت بە بەرهەمهێنەرە ئازادەکان، گەشەدەکەن. من دەڵێم ئەم جیاوازییانە بۆ سیستێمێکی فرە پەلوپۆدار گەشەدەکەن، واتە بۆ دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کارکردن.

پاشان، هیچ جیاوازییەک بۆ کراسەکە نییە، بەرگدوورەکە لەبەری بکا یان کڕیاری بەرگدوورەکە، لەهەردوو حاڵەتەکەدا، وەک بەهای بەکارهێنان کارتێکردنی هەیە و بەهەمان شێوە، پەیوەندی لە نێوان کراسەکە و ئەو کارەی بەرهەمیدەهێنێ، ناگۆڕێ، چونکە درووستکردنی پیشەیەکی تایبەتە و لەو ڕۆژەوە کە پێویستی بەرگلەبەرکردن مرۆڤی ناچارکرد خۆی بپۆشێ بووە بە بازنەیەک لە بازنەکانی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کارکردن. هەزاران ساڵە، مرۆڤ کراسی بۆ خۆی درووستکردووە، بەبێ ئەوەی هەر مرۆڤێک، لەو پێناوەدا، ببێ بە بەرگدوور. بەڵام چ کەتان یان کراس، هەر توخمێک لە توخمەکانی سەروەتە ماددییەکان، لەلایەن سرووشتەوە، پێمان نەدرابێ، هەمیشە کاری بەرهەمهێنەری تایبەت، هۆی بوونی بووەو ئامانجی موڵکداری ئەو ماددە سرووشتییانە بووە کە لەگەڵ پێویستیە تایبەتییەکانی مرۆڤ دەگونجێ.

کار، وەک بەرهەمهێنەری بەهای بەکارهێنان و سوودبەخشە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە هەر فۆرمێک لە فۆرمەکانی کۆمەڵگە، مەرجی ژیانی مرۆڤە و پێداویستێکی سرووشتی هەتاهەتاییە بۆ ماددە گۆڕینەوە لە نێوان مرۆڤ و سرووشت، واتە پەیوەندی درووسکەری ژیانی مرۆڤایەتییە.

بەها بەکارهێنەرەکان وەک کەتان و کراس...هتد، واتە جەستەی کاڵا، پەیوەندیگەلێکن، لە دوو توخم پێکهاتوون: ماددەی سرووشتی و کار. ئەگەر بێین، سەرجەم کارە سوودبەخشەکان کەم بکەینەوە کە لەناو کراس و کەتانەکەدا هەیە، ئەوا هەمیشە پاشماوەیەکی ماددی دەمینێتەوە، ئەویش شتێکە کە سرووشت بە ئێمەی داوەو بەهیچ شتێک قەرزاری مرۆڤ نییە.

مرۆڤ دەتوانێ لە بەرهەمهێنانەکەیدا، تەنها وەک خودی سرووشت، مامەلە بکات، واتە تەنها فۆرمی ماددەکان بگۆڕێ و، هەروا، لە کاتی فۆرمپێدانەکانادا، هەمیشە لەلایەن خودی هێزە سرووشتییەکانەوە، پیشتوانی دەکرێ. کەواتە کار، تاقە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی بەهای بەکارهێنانی سەروەتە مادییەکان نییە و وەک(وەلییەم پیتی) ئێژێ:(کار باوکییە و زەمین دایکی).

دەبا ئێستا لە کاڵا، وەک شتێکی سوودمەند، گەڕێین و بۆ بەهاکەی بگەڕێینەوە.

ئێمە گریمانەی ئەوەمان کرد کە بەهای کراسەکە، دوو بەرابەری بەهای پارچە کەتانەکەیە، بەڵام ئەمە تەنها جیاوازییەکی چەندایەتییە و هێشتا ئەو گرنگییەی نییە. لێرەدا بەبیرماندەهێنینەوە کەوا ئەگەر بەهای کراسێک یەکسان بێ بە دووبەرابەری دە میتری کەتانەکە، ئەوا بیست میتری کەتان، وەک کراسەکە هەمان بەرزی بەهای هەیە. ئەگەر وەک بەها سەیری کراس و کەتانەکە بکەین، ئەوا هەردووکیان هەمان جەوهەرن و دوو دەربڕینی بابەتییانەی کارێکی هاوچەشنن. بەرگدووری و چنین دوو کاری جیاوازن، بەڵام هەندێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەیە، هەمان مرۆڤ جارێک بەرگدوورە و جارێکیتر چنین سازە. ئەمە جۆرە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتییە، تێیدا ئەم جۆرە کارانە، تەنها گۆڕانکاری ساکاری کاری تاکێکە، نەک کاری جێگری تاکە جیاجیاکان، هەروا ئەو کراسە کە بەرگدوورەکە ئیمرۆ دروستی دەکات و ئەو پانتۆڵەی سبەی دروستیدەکات، تەنها فرەڕەنگی کارە تاکییەکەیەتی. پاشان لەیەکەم تێڕوانیندا، دەبینین، کار لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکەماندا، بە پێی داخوازی لەسەر کار، دەگۆڕێ؛ داخوازی لەسەر بەشێکی دیاریکراو لە کاری مرۆیی دەکرێ، جارێک بە شێوەی دروستکردنی کراسە و، جارێک بەشێوەی دروستکردنی کەتان، جا ئەم بەیەکگەیشتنە هەر گۆڕنکارییەک لە شێوەی کار بکا، لە هەموو حاڵەتێکدا هەر ڕوودەدا.

ئەگەر بەوردی تەماشابکەین، دەبینین هەر چالاکییەکی بەرهەمهێنەر، بەبێ گوێدان بە مۆرکی سوودبەخشییەکانیان، هەر بەخەرجدانی هێزێکی مرۆییە. سەرەڕای ئەوەی دروستکردنی کراس و کەتان جیاوازن، بەڵام هەردووکییان پێکەوە،خەرجدانێکی بەرهەمهێنەرانەی مێشک، بازوو، دەمار و دەستی مرۆڤن؛ لەم ڕووەوە، هەردووکیان، دوو کاری مرۆیی هاوتان. ئەو هێزی کاری مرۆییە کە شێوەی بزاوتنی لە چالاکییە بەرهەمهێنەرە جیاوازەکاندا دەگۆڕێ، دەبێ زیاد یا کەم پێگەیشتبێ، تاکو بتوانێ لەم یا ئەو شێوەیە خەرجی بکات. بەڵا بەهای کاڵاکان بەشێوەیەکی سادە، کاری مرۆڤ بەرجەستەدەکات، واتە، بەگشتی خەرجکردنی هێزێکی مرۆیی.

هەر وەک چۆن ژەنەراڵ یان خاوەن بانک لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ و لە بەرامبەریاندا، مرۆڤ ڕۆڵێکی زۆر بچوک دەگێڕێ، هەمان ئەم شتە لە گەڵ کاری مرۆیی دەکرێ. کار، خەرجکردنی ئەو هێزە سادەیەیە کە هەر مرۆڤێک هەیەتی، بەبێ ئەوەی موڵکایەتییەکی تایبەتی هەبێ لە گەشەکردنێکی ئۆرگانە جەستەییەکەیدا. ڕاستە ڕێژەی مامناوەندی سادەی خودی کار لە وەڵات و چەرخە جیاجیاکاندا کارەکتەرەکەی دەگۆڕێ، بەڵام هەمیشە، لەناو کۆمەڵگەیەکی دیارکراودا، سنووردارکراوە. کاری ئاڵۆز، هیچیتر نییە، بێجگە لە هێزێک لە هێزەکانی کاری سادە، بە دەربڕینێکیتر، دووچەندانی(دووئەوەندە) کاری سادەیە، بەشێوەیەک کە چەندایەتییەکی کەم لە کاری ئاڵۆز هاویەکە لەگەل چەندایەتییەکی گەورەی کاری سادە. ئەزموونەکان پیشانماندەدەن کە ئەم گۆڕانکارییە بە بەردەوام ڕوودەدەن. با کاڵایەک بەرهەمی کاری ئاڵۆز بێ، بەڵام بەهاکەی، بە ڕێژەیەکی دیاریکراودا، دەیکا بە هاوتای بەرهەمی کارێکی سادە. ئەو ڕێژانە کە کارە جۆربەجۆرەکان بۆ کاری سادە دەگۆڕێ، بەو مانایە کە یەکەی پێوانی، بە ڕێگای پرۆسەی کۆمەڵکە و لەپشتسەری بەرهەمهێنەرانەوە، جێگیر دەبێ و وەک زاراوەیەکی باو دەردەکەوێ، بۆیە، لەکاتی شێکردنەوەی بەها، دەبێ هەر جۆرێک لە جۆرەکانی هێزی کار، بەوەی هێزی کاری سادەیە، چارەسەر بکەین.

کەواتە، وەک چۆن جیاوازی لە بەهای کەتان و کراسەکە، لە بەهای بەکارهێنانیان بەتاڵکراوەتەوە، بەهەمان شێوەیەش، جیاوازی لەنێوان هەردوو شکڵە سوودبەخشەکەیان، بەتاڵدەکرێت، واتە بەرگدووری و چنین سازی. وەک چۆن هەردوو بەهای بەکارهێنانی پارچە کەتان و کراسەکە، تێکەڵن لە چالاکی بەرهەمهێنانی تایبەت و لەگەل پەت و(جۆخ)، پەیوەندی و هەمان شێوەی کارکردنیان هەیە، هەروا ئەو کارە شوێن بتەوانەی ناو ئەم بەهایانە، چیتر پەوەیندییەکی بەرهەمهێنەرانە بە پەت و(جۆخ)ەکەوە نییە، بەڵکو خۆی تەنها وەک خەرجکردنی هێزی مرۆیی دەردەبڕێ.

بەرگدووری و چنینسازی، کراس و پارچەی کەتان درووستدەکەن، چونکە بە ڕێکوڕەوانی، دوو سیفەتی جیاوازیان هەیە، بەڵام دوو بەهایان بۆ درووست ناکەن، تەنها بە ڕێگای خەسلەتە هاوبەشەکەیان نەبێ، بەوەی کە دوو هێزی کاری مرۆیین.

کراس و پارچە کەتانەکە بەگشتی تەنها بەها نین، بەڵکو هەردووکیان بەهایەکی خاوەن پێوەرێکی دیاریکراون و بە گوێرەی گریمانەکەمان، کراسەکە دووبەرابەری ١٠مەتری کەتانەکەیە. ئەم جیاوازییە لە بەهاکانیان، لە کوێوە هاتووە؟ ئەم جیاوازییە، لەوەوە هاتووە کە پارچە کەتانەکە تەنها نیوەی هێزی کاری ناو کراسەکەی تێدایە، بەشێوەیەک، دەبێ بۆ بەرهەمهێنانی، دووبەرابەری هێزی کاری خەرجکراو بۆ درووستکردنی پارچە کەتانەکە، تێیدا خەرج بکرێ.

کەواتە، ئەگەر ئەو کارەی وا لەناو کاڵاکەدا هەیە، بەهاکەی نەپێوریێت،-ئەوەی پەیوەندی بە بەهای بەکارهێنەکەیەوە هەیە- تەنها بەوەی پۆلێکە، ئەوا بە نیسبەت بۆ پێوانی بەهای یەکەمیان، تەنها وەک چەندایەتی نەبێ، ناپێوریێت. لە حاڵەتی یەکەمدا، مەسەلەکە پەیوەندی بە زانینی ئەوەی چۆن کار دەکرێ و چی بەرهەمدەهێندرێت و لە حاڵەتی دووهەمدا، پەیوەندی بە چەندایەتی ماوەی کارەکەوە هەیە. لەبەر ئەوەی زۆری بەهای هەر کاڵایەک، تەنها چەندایەتی ئەو کارەی تێدا خەرجکراوە، بەرجەستە دەکات، دەبێ کاڵاکان بە ڕێژەیەکی دیاریکراو، بەهایەکی یەکسانیان هەبێ.

ئەگەر هێزی بەرهەمهێنەر لە هەموو ئەو کارە سوودبەخشانە کە دروستکردنی یەک کراس دەیخوازێ، بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، ئەوا چەندایەتی بەهای کراسەکە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەکەی، زیاد دەکا. ئەگەر یەک کراس (X)لە یەک ڕۆژی کار بەرجەستە بکا، ئەوا دوو کراس(٢ X)بەرجەستەدەکا و هەروا... با ئەم جارەیان ئەو گریمانە بکەین، کە کاری پێویست بۆ دروستکردنی کراسێک بە دوو بەرابەر دەبێ یان کەم دەبێ بۆ نیوەی. لە حاڵەتی یەکەمدا، وەک ڕابردو، بەهای کراسەکە دەبێ بە دووبەرابەری بەهای کراسە؛ لە حاڵەتی دووهەمیشدا، دوو کراس، بەهای یەک کراسی هەیە، گەرچی کراسەکە لە هەردوو حاڵەتەکە هەمان خزمەتگوزاری دەکەن و ئەو کارە سوومەندەی لێ ئەنجامدەگرێ، هەمان جۆری هەیە، بەڵام چەندایەتی ئەو کارەی تێدا خەرجکراوە، وەک خۆی نەمایەوە.

بەڵگەنەویستە، چەندایەتییەکی زۆرتر لە بەهای بەکارهێنان، سەروەتێکی ماددی زیاتر بۆ خۆی پێکدەهێنێ؛ بە دوو کراس، دەتوانین دوو پیاو بەرگپۆش بکەین، بەڵام بە یەک کراس، تەنها یەک پیاومان پێ بەرکپۆشدەکرێ و هتد...

دەکرێ زیادبوونی چەندایەتی سەروەتی ماددی-لە هەمان کاتدا- ببێ بە هۆی نزمبوونی بەهاکەی. ئەم بزووتنەوە ناکۆکە، لە مۆرکی دوولایەنەی کارەوە سەرچاوەی گرتووە. چالاکی کاری سوودبەخش، لە زەمەنێکی دیاریکراودا، ڕەهنە بە هێزە بەرهەمهێنەرەکەیەوە، واتە کاری سوودمەند، لە پلەیەکی فرەییدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بە گوێرەی زیادبوون یان کەمبوونی هێزی کارەکەی، دەبێت بە سەرچاوەی بەرهەمەکان. بەرامبەر بەمە، گۆڕانکاری لەم هێزە بەرهەمهێنەرەدا هەرگیز بە شێوەی ڕاستەوخۆ، کارتێکردنی نابێ بەسەر ئەو کارەی وا لەناو بەهادا بەرجەستە بووە. کاتێکیش هێزی بەرهەمهێنان، موڵکی فۆرمی کاری هەسپێکراو و سوودمەندە، ئاساییە نەتوانێ کارتێکردنی هەبێ بەسەر کارەوە، تا ئەو کاتەی وا لە فۆرمە سوودبەخشەکەی، کەم دەکرێتەوە و هەر جۆرە گۆرانکارییەکیش بێتە سەر هێزی کار کە لە هەمان کاتدا ڕوودەدا، هەمیشە لەناو خودی بەهاکەدا بەرجەستە دەبێ. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەگەر هێزی کارەکەی کەم بکاتەوە بەهای بەکارهێنانی زیاترمان دەداتێ.

هەر گۆڕانكارييەک لە هێزی كاركردندا، لە فەری كار زياد دەكاو لەپاشاندا، چەندايەتی بەهای بەكارهێنانی ئەو كارەی دەمانداتێ، زياد دەكا و بەهای ئەو چەندايەتييە كە بەو جۆرە زياد دەكا، كەم دەبێتەوە، ئەگەر كۆی كاتی پێويست بۆ بەرهەمهێنانی كەم ببێتەوە. ئەگەر مەسەلەكەمان پێچەوانە بكەينەوە، هەمان ئەم شتە ڕوودەدا.

هەموو كارێک، لە لايەكەوە، خەرجكردنی هێزی كاری مرۆييە بە مانا دەروونييەكەی و لەناو ئەم تايبەتمەنديەدا، هەمان كاری مرۆڤ يان كاری مرۆڤی تەجريدكراو، بەهای كاڵاكان درووستدەكات. لەلايەكيترەوە، هەر كارێک، خەرجكردنی هێزی مرۆييە لەناو فۆرمی ئامانجێكی دياريكراوداو لەناو ئەم تايبەتمەنديەشدا، بە شێوەيەكی كۆنكريتی، كاری سوودبەخشە و بەهای بەكارهێنان يان سوودمەند بە بەرهەمدەهێنێ.

پێش هەموو شتێک، دەبێ كاڵا سوودمەند بێ تا ببێ بە بەها، بەهەمان شێوەش، پێش ئەوەی كار ببێ بە هەر شتێک، دەبێ سوودمەند بێ تا پڕ بە پێستی ووشەكە، بە خەرجكردنی هێز و كاری مرۆيی دابنرێ.

## ٣- شێوەی بەها يان بەهای گۆڕينەوە

كاڵا، بەشێوەی بەهای بەكارهێنان يان جەستەی كاڵايی وەک ئاسن، كەتان و گەنم...هتد لەدايكدەبن. ئەوە فۆرمە سرووشتييەكەيانە. ئەمانە كاڵان، چونكە جووتە شتی بەكارهێنانن و لەهەمان كاتيشدا هەڵگری بەهان. هەر بۆيە دەتوانن تەنها وەک كاڵا دەربكەون يان تەنها ببن بە خاوەنی فۆرمی كاڵا، كاتێ دەبن بە خاوەنی جووتە فۆرم: فۆرمی سرووشتی و فۆرمی بەها.

ئەو ڕاستيانە كە بەهای كاڵاكان هەيانە، لەوەدا خۆيان لە(ڤيتيب هورتيک)جوودادەكەنەوە، كە مرۆڤ نازانێ لە كوێ پەيدا دەبێ .

بە گوێرەی ناكۆكی لەگەل هەستياری زەقی مادديەتی جەستەی كاڵا، هيچ ورديلەيەكی ماددەی سرووشتی ناتوانێ بچێتە ناو بەهاكەی. –كەواتە– دەتوانين تەنها كاڵايەک بەدەستەوە بگرين و بە ئارەزووی خۆمان سەروخواری بكەينەوە، وەک شتێكی خاوەن بەها، بە دوور لە تێگەيشتن دەمينێتەوە.ئەگەر بەبيرمان بهێنينەوە، كاڵاكان، تەنها خاوەن ماددەی بەهان، هەركە دەربڕينی هەمان يەكەی كۆمەڵايەتييە، واتە، كاری مرۆييە، دەبێتە مەسەلەيەكی بەڵگەنەويست كە ئەو كارە

مرۆییە تەنها لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کاڵا لەگەل کاڵا دەردەکەوێ. لە ڕاستیدا، ئێمە بە بەهای گۆڕینەوە یان لە پەیوەندی گۆڕینەوە لەنێو کاڵاکاندا، دەستماپێکرد، تا شوێن پەنجەی بەها شاراوەکەی ناوی بدۆزینەوە. ئێمە دەبێ ئێستا بۆ ئەو فۆرمە دەرکەووتووەی بەها بگەڕێینەوە.

هەر مرۆیەک، چەند نەزان بێ، دەزانێ کەوا کاڵا فۆرمی بەهای تایبەتمەندی هەیە و ئەو پەڕی ناکۆکیدایە لەگەل شێوە سرووشتییە فرەڕەنگەکانی، مەبەستمان: شێوەی دراوە. مەسەلەکە ئێستا ئەوەیە هەستین بەوەی کە کە تا ئێستا زانستی ئابووری بۆرژوازی هەرگیز پێی هەڵنەستاوە: بەڵگەهێنانەوەو بەدواچوون لەسەر پێکهاتنی فۆرمی بەهای دراو، واتە، شرۆڤەی پەرەسەندنی دەربڕینی بەهای ناو پەیوەندی کاڵاکان بکەین لە دەستپێکە سادە و کەم دەرکەوتووەکەی کە لە دراودا بەرجەستە بووە تا فۆرمە کوێرکەرەکەی دراو. بەم شێوەیە، لەهەمان کاتدا، مەتەڵی دراو دەدۆزرێتەوە.

بەگشتی، ساکارترین پەیوەندی کاڵا، پەیوەندی بەهای کاڵایەکە لەگەل فرەڕەنگی تاقە کالایەکیتر، ئیتر گرنگ نییە چ کاڵایەک. پەیوەندی بەها یان پەیوەندی گۆڕینەوە لەنێو دوو کاڵا، ساکارترین دەربڕین لە دەربڕینەکانی بەهای کاڵایەکی دیاریکراو، پێشکەشمان دەکا.

## ا- شێوەی ساکار، تاک یان بەڕێکەوتی بەها

Xکاڵای y = Aکاڵا B، یان: xکاڵای A = بەهای کاڵای Bهەیە. واتە(٢٠مەتری کەتان=کراسێک، یان ٢٠مەتر کەتان، یەکسانە بە بەهای کراسێک)

١- دوو پۆلی دەربڕینی بەها: شێوە ڕێژەییەکەی و شێوە هاوهێزەکەی

نهێنی هەموو فۆرمەکانی بەها لەناو ئەم فۆرمە بەها ساکارەدا هەیە، بۆیە لە ڕاڤەکردنیدا سەختی دەبینین.

بە گوێرەی ئەو نموونەیەی دیاریمان کردووە، پارچەیەکی کەتان و کراسێک، دوو کاڵای جیاوازن(ا) و(ب) و بە ڕوونی دوو ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن. پارچە کەتانەکە، لە کراسەکەدا، بەهای خۆی دەردەبڕێ، ئەمەش دەبێتە ماددەیەک بۆ ئەم دەربڕینە. کاڵا یەکەمەکە، ڕۆڵی ئەرێتی(ایجابی)و دووهەمەکەش، ڕۆڵێکی نەرێتی(سلبی) دەبینن. بەهای یەکەمیان وەک بەهایەکی ڕێژەیی دەردەکەوێ یان خۆی لە فۆرمی بەهای ڕێژەیی دەبینێ. کاڵا دووهەمەکەش وەک هاوکێش کاردەکا یان خۆی لە فۆرمی هاوکێشدا دەبینێ.

شێوەی ڕێژەیی و شێوەی هاوکێش، دوو ڕووی بەیەکبەستراو و لێکنەترازاون، بەڵام لەهەمان کاتدا، دژی یەکترن، واتە، دوو جەمسەری هەمان دەربڕینن بۆ بەها؛ هەردووکیان، هەمیشە خۆیان بەسەر ئەو کاڵا جۆربەجۆرانە دابەشدەکەن کە ئەم دەربڕینە لەنێویاندا پەیوەندی دادەمەزرێنێ. بۆ نموونە، من ناتوانم بەهای پارچە کەتان بە پارچە کەتان، دەربڕم. ٢٠مەتر کەتان=٢٠مەتر کەتان، دەربڕینی بەها نییە. بەپێچەوانەوە، هاوکێشەکە پێمان دەڵێ: ٢٠مەتر کەتان هیچیتر نییە، غەیری٢٠مەتری کەتان، واتە، چەندایەتی ماددەی بەکارهێنانی پارچە کەتانەکەیە. بەهای پارچە کەتانەکە دەکرێ تەنها بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەربڕێت، واتە لەگەل کاڵایەکیتردا. ئەمە گریمانەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەم کاڵایە لەهەمبەر کاڵایەکیتر وەک شێوەی هاوکێشیدا، هەیە. لەلایەکیترەوە، کاڵاکەیتر کە وەک هاوکێشێک، ڕاوەستاوە، ناتوانێ لەهەمان کاتدا، لە فۆرمی بەهای ڕێژەییدا هەبێ. ئەو کاڵایە ناتوانێ دەربڕی بەهاکەی بێ، بەڵکو تەنها ماددەی دەربڕین لە بەهای کاڵا یەکەمەکە دەکا.

دەربڕینی: ٢٠مەتری کەتان=کراسێک، یان ٢٠مەتر کەتان، کراسێکە، لەڕاستیدا دەربڕینی بەرامبەری یەکتریان تێدایە: کراسێک=٢٠مەتر کەتان، یان، بەهای کراسێک، ٢٠مەتر کەتانە. بەڵام من دەبێ ئەوسا، بۆ دەربڕینی ڕێژەیی لەسەر بەهای کراسەکە، هاوکێشەکە وەگێرم و هەر بەم کارە هەستم، پارچە کەتانەکە لەبری دەبێت بە هاوکێشەکەی. کاڵا بەخودی خۆی ناتوانێ لە ناو هەمان دەرڕبرینی بەها، هەمان کاتیش لە هەردوو فۆرمەکە، دەربکەوێ. ئەم دوو فۆرمە، زیاتر دوو جەمسەری دژ بەیەکن.

## ٢- شێوەی ڕێژەیی بەها

## ا- ناوەڕۆکی شێوەی ڕێژەیی بەها:

بۆ ئەوەی چۆنێتی دەربڕینی سادەی بەهای کاڵایەک لە پەیوەندی بەهای دوو کاڵادا، بدۆزینەوە، دەبێ یەکەمجار، بە چاوپۆشی لە چەندایەتییەکانیان، سەرنجیان بدەین. بەڵام ئابووریناسەکان بەگشتی، ئەو کارە بە پێچەوانەوە ئەنجامدەدەن، بەوەی کە لەناو پەیوەندی بەها، تەنها ڕێژەکەی دەپشکنن، ئەو بەشە کە چەندایەتییەکی دیاریکراو لە دوو پۆلی جیاوازی کاڵا، بە یەکتری یەکسانن. ئەوانە لەبیری دەکەن، کە پاش ئەوەی گەورەیی شتە جیاوازەکان دەهێنرێنە هەمان

یەکە، ئەوسا دەەتوانین بەراوردیان بکەین. تەنها وەک دەربڕینگەلێکی هەمان یەکە، یەکسان دەبن و دەکرێ بپێورێن.

ئەگەر ٢٠مەتر کەتان=کراسێک بکا، یان=٢٠، یانXکراس، واتە چەندایەتییەکی دیاریکراو لە کەتان و ژمارەیەکی دیاریکراو لە کراس، هەمان بەهایان هەیە و بە جۆرێک هاوکێش دەکرێن، کراس و پارچە کەتانەکە، وەک پێوانەی بەها و دوو دەربڕینی هەمان یەکە و دوو شتی هاو سرووشت.

کەتان=کراس بناغەی هاوکێشەکەیە.

بەڵام بە یەکسانکردنی چۆنایەتی دوو کالا، ناتوانن هەمان ڕۆڵ ببینن. تەنها بەهای کەتانەکە دەردەبڕێ. چۆن؟ بە پەیوەندیەکەی لەگەل کراسەکە، وەک هاوکێشی یان لەگەلیدا دەگۆڕدرێتەوە. لەم پەیوەندییەدا، کراسەکە دەبێت بە خاوەن فۆرمی بوونی بەها و شتێکی بەهادار، چونکە تەنها بەو جۆرە، وەک کەتانەکە، دەبێ بەهەمان شت. لەلایەکیترەوە، بەهای تایبەتی کەتانەکە لە دەربڕینێکی تایبەتمەندا دەردەکەوێ، یان دەربڕینێکی سەربەخۆ وەردەگرێ، تەنها لە پێویست بەوەی وەک بەها یان خۆی دەگۆڕێتەوە. ئەوە وەک(بوتە زۆیەغە)و (فۆرماتیاتی پرۆپیل)ە، هەردووکیان دوو جەستەی جیاوازن، بەڵام هەردووکیان لە یەک ماددەی کیمیایی و پێکهاتوون- ماددەی کاربۆن، هیدرۆجین و ئۆکسجین-و لەناو هەردووکیاندا، هەمان ڕێژەیان هەیە کە بریتین لە$C_4H_8O_2$. ئێستا ئەگەر(بوتە سۆیەغە)و(فۆرماتیاتی پرۆپیل)لە هاوکێشەیەکدا دابنێین یان لەگەل یەکتر بەراوردیان بکەین، ئەوا لەم پەیوەندەدا، (فۆرماتیاتی پرۆپیل)، هەمان شت نییە، تەنها وەک دارشتنێکیتر نەبێ بۆ $C_4H_8O_2$، واتە هەمان ماددەی هاوبەشی نێوانیان. هاوکێشەیەک لەم جۆرە، مانای ئەوەیە، ماددە کیمیاییەکان بە جیا لە فۆرمە جەستەییەکەیان خۆیان نیشاندەدەن.

ئەگەر بڵێن: هەموو کالاکان، بەهان، تەنها لە کارێکی مرۆیی پێکهاتوون، ئەوا، لە شیکردنەوەکەماندا، کالاکانمان بۆ بەهای موجەرەد، دەگەڕێنینەوە، بەڵام هیچ شێوەیەکی بەهای جیاواز بە شێوە سرووشتییەکانی نادا، بەپێچەوانەی پەیوەندی بەهای کالایەک لە گەل کالایەکیتر. خوورەوشتەکەی بە ڕێگای پەیوەندییەکانییەوە لەگەل کالاکانی تر دەردەکەوێ.

بۆ نموونە، کاتێ کراسەکە وەک شتێکی بەهادار، لەگەل کەتانەکە یەکسان دەکرێ، ئەوا، کارە شاراوەکەی ناو هەردووکیان، یەکسان دەکرێ. ڕاستە بەرگدووری و چنینسازی دوو کاری جیاوازن، بەڵام هاوکێشکردنی بە چنینسازی، دەیهێنێتەوە بۆ ئاستی کارەکتەرە هاوبەشەکەیان، واتە بۆ ئەوەی کە هەردووکیان مۆرکی کارێکی مرۆییان هەیە.

بەم ڕێگا ناڕاستەوخۆیە، دەگوترێ، هەر کە چنینسازی، بەهادەچنێ، هیچ نیشانەیەکی جیاواز لەگەل بەرگدووری نامینێ، واتە کاری پەتی مرۆڤە. تەنها بە دەربڕینی هاوهێزی بۆ کاڵا جۆربەجۆرەکان، کارەکتەرە تایبەتەکانی کاری بەرهەمهێنانی بەهاکەیان، دەردەخا، بەڵام ئەوە بەس نیە بۆ دەربڕینی مۆرکی چۆنایەتی کار کە بەهای پارچە کەتانەکە پێکدەهێنێ. بۆ ئەوەی بەهای کەتانەکە وەک کارێکی مرۆیی دەربڕین، دەبێ شێوەی"ماددەیەک" وەربگرێ. بەم شێوەیە، ئەو مەرجانە کە دەبێ لەبەردەستدا بن، بۆ دەربڕین لە بەهای پارچە کەتانەکە، وا دەردەکەوێ وەک بڵێی لە گەل خۆیدا ناکۆکە و لەهەمان کاتدا، لەگەل کاڵایەکی تر، هاوبەشە. ئەم مەسەلەیە پێشتر شیکردوەتەوە.

لە پەیوەندی بەهای کەتانەکە، کراسەکە وەک چۆنایەتی، هاوکێشە و وەک شت، هەمان سرووشتیان هەیە، چونکە بەهایە. بەڵام کراسەکە(جەستەی خودی کراسەکە) تەنها بەهای بەکارهێنانی پەتی نییە. کراسەکە، وەک پارچە کەتانەکە، دەربڕینی هیچ بەهایەک نییە. بەم شێوەیە، لە پەیوەندی بەهای پارچە کەتانەکە، مانایەکی زیاتری هەیە لە ماناکەی دەرەوەی ئەم پەیوەندییە، هەروا کەسایەتییەکی گرنگ لەناو کراسێک خاوەن مەرجگەلێک، نیشانەیە بۆ پلەیەکی بەرز و بێ کەڵک دەبێ، ئەگەر لەو مەرجانەی تێیدا نەبێ.

لە بەرهەمهێنانی کراسەکە، هێزێکی مرۆیی بەشێوەیەکی تایبەتی بەکارهاتووە. کەواتە، هێزێکی مرۆیی تێیدا کەڵەکەی کردووە. لەم تێڕوانینەوە دەبینین کراسەکە هەڵگری بەهایە، گەرچی بوارمان پێنادا، لە دووتۆی پەتە ناسکەکانییەوە، گەر زۆر شڕیش بن، بچینە ناو ئەو تایبەتمەندێتیەوە؛ و لە پەیوەند بە بەهای پارچە کەتانەکەشەوە، مانایەکیتری نییە. سەرەڕای دیمەنە ڕازاوە دەرەکییەکەی، پارچە کەتانەکە، ناسیاوی لەگەل  برادەرە ڕووحییە پڕ بەهاکەی پەیداکرد. ئەمە لایەنی ئیفلاتۆنی مەسەلەکەیە. لەڕاستیدا، کراسەکە هەرگیز ناتوانێ لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا نوێنەرایەتی بەها بکات، بەبێ ئەوەی بەها لە هەمان کاتدا، کراسەکە ئامادە بکات. بەم شێویە، تاکی(A)ناتوانێ بەنیسبەت تاکی(B) وەک خاوەن شکۆ هەڵسوکەوت بکات، بەبێ ئەوەی بۆ(A)شکۆدارێتی و جەستەکەی لەلایەن(B)یەوە قبووڵدەکرێ و لێرەوە سیما و پرچ و شتەکانیتر کە هەر جارێک باوکی گەل، دەیانگۆڕدرێت.

لە پەیوەندی بەهادا، کە تێیدا، کراسەکە هاورێژەیی لەگەل پارچە کەتانەکە، درووست دەکات، شێوەی کراسەکە گەشەدەکات بۆ شێوەی بەهای پارچە کەتانەکە، یان بە بەهای یەکارهێنانی کراسەکە، پارچە کەتانەکە دەردەبڕێ و پارچە کەتانەکە بەوەی کە بەهای بەکارهێنانە، شتێکی هەستپێکراوی جیاوازە لە کراسەکە؛ بەوەی کە بەهایە، شتێکی یەکسانە بە کراسەکە و هەمان ڕووخساری هەیە، وەک پێشتر بە ڕوونی هاورێژەیی کراس و پارچە کەتانەکەمان سەلماند.

بوونی بەهاکەی لە یەکسانبوونی لەگەڵ کراسەکە دەردەکەوێ، وەک یەکسانی سرووشتی کاوڕیانەی مسیحییەکانە لەگەڵ مەڕی خودا.

وەک دەبینین، ئەوەی شیکردنەوەی بەهای کاڵا پێی گووتین پێشتر، خودی پارچە کەتانەکە پێمان دەڵێ، لەو کاتەوە خۆی لە ئاستی کاڵایەکی تر(کراس)ەکە دەبینێ، ئەوە نەبێ بیروباوەڕی خۆی تەنها بەو زمانە دەردەبڕێ کە دەیزانێ، واتە زمانی کاڵا. بۆ ئەوەی بڵێ کار لەناو تایبەتمەدی کاری پەتی مرۆڤە و بەهای خۆی درووستدەکات، دەڵێ، کراسەکە یەکسانە بە من، کەواتە بەهایە و لە هەمان کار پێکهاتووە کە خۆیشی پێکهێناوە. بۆ ئەوەی بڵێ، حەقیقەتی شکۆداری بەهاکەم جیاوازە لە جەستە جوانە ڕیشاڵییەکەم، دەڵێ، بەها لە کراسەکە دەچێ، بۆیە لەخۆی دەچێ وەک شتێکی بەهادار، وەک چۆن هێلکەیەک لە هێلکەیەکیتر دەچێ. لە لابەلای ئەوانەوە، با تێبنی ئەوەش بکەین کە زمانی کاڵا، بێجگە لە زمانی عبری، زیاد یان کەم، زۆر زاراوەی درووستی تریش دەزانێ. بۆ نموونە، ووشەی(Wertsein)ی ئەڵمانی، بە وێنەیەکی مانای کاڵتر دەدەبڕێ لە ووشەی کاتی ڕۆمانی(valere، valer، valoir)، بەشێوەیەک کە یەکسانکردنی کاڵایBی لەگەڵ کاڵایA، دەربڕینێکی تایبەتە بە بەهای کاڵایA.

بە گوێرەی پەیوەندی بەها، شێوەی سرووشتی کاڵای(B)، شێوەی بەهای کاڵای(A)دەگرێ، یان جەستەی کاڵای(B)دەبێتە ئاوێنەی بەها بۆ کاڵای(A) . بەو شێوەیە کە کاڵای(A)خۆی بە کاڵای(B)وەک جەستەی بەها دەبەستێتەوەو وەک(مەتریاتوری)کاری مرۆیی، بەهای بەکارهێنانی کاڵای(B)دەکا بە(مەتریاتوری دەربڕینی بەهای خۆی. بەهای کاڵای(A)بەو شێوەیە بە بەهای بەکارهێنانی کاڵای(B) دەربڕین، دەبێ بەخاوەنی فۆرمی ڕێژەیی بەها.

### ب- دیاریکردنی چەندایەتی فۆرمی ڕێژەیی بەها

دەبێ هەر کاڵایەک بەخۆی بەهاکەی دەربڕێ، ئەوە چەندایەتی شتێکی سوودمەندە، بۆ نموونە، ١٥کیلو گەنم، ١٠٠فوند قاوە و هتد...ئەم برە کاڵایە، چەندایەتییەکی دیاریکراو لە کاری مرۆیی لە هەناویدا هەیە. کەواتە شێوەی بەها، بەگشتی، تەنها بەها نییە، بەڵکو بەهایەکی دیاریکراو یان چەندایەتییەک لە بەها، دەدەبڕێ.

لە پەیوەندی بەهای کاڵای(A)لەگەڵ کالای(B)، واتە پارچە کەتانەکە لەگەڵ کراسەکە، تەنها هاوکێشەیی چۆنایەتی کاڵای(B)لەگەڵ کاڵای(A)ڕانەگەیاندووە، بەڵکو لەم پەیوەندییەدا، ئەوەش ڕادەگەیەنین کە چەندایەتییەکی دیاریکراو لە(B) لەگەڵ چەندایەتییەکی دیاریکراو لە(A) هاوکێشن.

یەکسانکردنی:٢٠مەتری کەتان=کراسێک، یان بەهای ١کراس=٢٠مەتر کەتان. با ئەو کریمانەی بکەین کە هەردوو کاڵاکە بە هەمان کات بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام ئەم کاتە لە پەیوەند بە هەردووکیانەوە، دەگۆڕێت، بە گۆڕینی ئەو هێزی کارە کە بەرهەمیان دەهێنێت. دەبا ئێستا کارتێکردنی ئەو جۆرە گۆڕینانە لەسەر دەربڕینی ڕێژەیی پێواندنی بڕی بەها لە نزیکەوە، تاوتوێ بکەین.

١- ئەگەر بەهای کەتانەکە، بگۆڕدرێت، و چەندایەتی دیاریکراوی بەهای کراسەکە، بەجێگری مایەوە و کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی دووبەرابەر بووە، بۆ نموونە بەهۆی کەموکوری ناڵەباری ئەو زەمینەی کەتانی لێ ڕوواوە، ئەو کاتە بەهاکەی زیاد دەبێ. لەبری ئەوەی ٢٠مەتری کەتان=کراسێک، ئەو کات، ٢٠مەتری کەتان=دوو کراس، چونکە ئێستا کراسێک نیوەی چەندایەتی کاری تێیدا هەیە. بەڵام ئەگەر کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی پارچە کەتانەکە، کەم بووەوە بۆ نیوەی چەندایەتییەکەی جاران، بەهۆی باشتربوونێک لەبارودۆخی کەتانەکە، ئەوا بەهاکەی بەنیسبەت خۆیەوە، کەمدەبێتەوە. ئەو کاتە، ٢٠مەتری کەتان یەکسانە بە نیو کراس و لە پاشاندا، بەهای دراوی کاڵای(B) بەرز و نزمدەبێتەوە، بە گوێرەی_بە وێنەیەکی ڕاستەوخۆ-بۆ بەهای کاڵای(A)، ئەگەر بەهای کاڵای(B) بە نەگۆڕی مایەوە.

٢- کاتێ بەهای پارچە کەتانەکە بە نەگۆڕی مایەوە، بەهای کراسەکە، دەگۆڕێ. وەختێک، لەم بارودۆخەدا، کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کراسەکە دووبەرابەر دەبێتەوە، بۆ نموونە بەهۆی خراپی وەرزی بڕینی خوری، ئەوسا، لەبری ئەوەی ٢٠ مەتر کەتان، بە کراسێک یەکسان بێ، بە نیو کراس یەکسان دەبێ. بە پێچەوانەیشەوە، ئەگەر بەهای کراسەکە بۆ نیوەی کەم بووەوە، ئەوسا، بەهای ٢٠مەتر لە کەتان، هاوکێش دەبێ لەگەڵ ٢ کراس. کاتێ بەهای کاڵای(A)بە نەگۆڕی دەمبینێتەوە، دەبینین ئەو بەها ڕێژەییە کە لە کاڵای(B)دا دەریدەبڕێ، بەرز و نزم دەبێ، بە بەپێچەوانەیەوە بۆ گۆڕانی بەهای(B). ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان حاڵەتە جۆربەجۆرەکانی هردوو کاڵاکە، بەڕوونی دەبینین کە خودی گۆڕنگارییەکە لە بەهای ڕێژەیی دەکرێ بەهۆگەلی دژ بە یەکەوە ئەنجامگر بێ. بەو شێوەیە، هاوکێشی: ٢٠مەتر کەتان دەکاتە کراسێک، دەبێ بە ٢٠مەتر کەتان دەکاتە دوو کراس، ئەوەش لەبەر ئەوەی یان بەهای پارچە کەتانەکە دووبەرابەر بووە، یان لەبەر ئەوەی بەهای کراسەکە بۆ نیوەی کەمبووەتەوە و ٢٠مەتر کەتان یەکسانە بە نیو کراس، یان لەبەر ئەوەی بەهای پارچە کەتانەکە بۆ نیوەی کەم دەبێتەوە، و بەهای کراسەکە دەبێ بە دوو بەرابەر.

٣- ئەگەر چەندایەتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی پارچە کەتان و کراسەکە، بە هەمان ئاراستە و لە هەمان کات و بەهەمان ڕێژە گۆڕان، لەم حاڵەتەدا، گەر هەر گۆڕانکارییەکیش لە بەهاکەیان ڕوویدا، ئەوا وەک جاران، ٢٠مەتر کەتان هەر یەکسان دەبێ بە کراسێک. ئێمە ئەم

گۆڕانکارییانە لە بەراوردکردن لەنێوان ئەم لەگەڵ کاڵایەکی سێهەم کە بەهاکەی بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، دەدۆزینەوە. ئەگەر بەهای هەموو کاڵاکان لە هەمان کات و بەهەمان ڕێژە زیاد و کەم بکەن، ئەوا هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر بەها ڕێژەییەکەی نایەت. لە داهاتوودا، زیاتر ئاشنا دەبین بە گۆڕینی ڕاستەقینەی بەهاکانی لەوەی کە، لە هەمان ماوەی کاتی کارکردندا، لەجاران زیاتر چەندایەتییەکی زیاترمان پێدەدا.

٤- لەوانەیە، کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی پارچە کەتان و کراسەکە و بەهاکەیان، لە یەک کات و بە هەمان ئاراستەدا، بگۆڕێ، بەڵام بە پلەیەکی جیاواز یان بە دوو ئاراستەی دژ بەیەک...هتد. کارتێکردنی هەر پێکهاتێکی لەبار بۆ ئەم جۆرە لە بەهای ڕێژەیی کاڵا، بە بەکارهێنانی ساکارانەی حاڵەتی ١و ٢و ٣ دەژمێردرێ.

وەک دەبینین، گۆڕانکارییە واقیعییەکان لە پێوانی بەها بە ڕوونی و بە وێنەیەکی تەواو لە دەربڕینە ڕێژەییەکەیدا، بەرپەرچ ناداتەوە. بەهای ڕێژەیی هەر کاڵایەک دەکرێ بگۆڕێ، گەرچی بەهاکەی بە نەگۆڕاویش بمێنێتەوە؛ و دەکرێ بە نەگۆڕاویش بمێنێتەوە، گەر بەهاکەی گۆڕا و لە دواییدا، ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاری لە چەندایەتی بەهادا هەبێ، و لە دەربڕینە ڕێژەییەکەی، لە هەمان کاتدا بکرێ، بەبێ ئەوەی دەقاودەق هاویەک بن.

### ٣- شێوەی هاوکێش

وەک پێشتر بینیمان: لەوەی کە کاڵای(A)، واتە کەتانەکە، بەهاکەی بە بەهای بەکارهێنانی جۆراوجۆری(B)، واتە کراسکە دەردەبڕێ، بەوەی، وێنەکەی لە بەهای دووهەمەکەیدا، بەشێوەیەکی تایبەتی بەها، دەکێشێ و ئەوە بەهاکەیەتی، بەوەی هاوکێشەکەیەتی. پارچە کراسەکە، مۆرکە تایبەتییەکەی خۆی لە بەهادا بە ڕێژەی هاوکێشبوون، لە کاڵایەکیتر، دەردەبڕێ، واتە کراسەکە وەک خۆی، بەشێوە جەستییەکەی. کەواتە، کەتانەکە، هاوکێشی خۆی لەگەڵ شتێکی تر دەردەبڕێ، بەو هۆیە کە کاڵایەکی تر(کراس)ەکە، ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دەگۆڕدرێ. هەموو کاڵاکان، بەو مانایە کە بەهان، دەربڕینی یەکسانن بۆ خودی یەکەیەک، ئەوەش کاری مرۆییەو دەکرێ لەگەڵ یەکتریان ئالوگۆریان پێبکرێت، کەواتە هەر لەو کاتەوە کە شێوەیەک وەردەگرێ، وەک بەها پیشانیدەدا و دەکرێ لەگەڵ کاڵایەکتر بگۆڕدرێنەوە.

ئەگەر جۆرە کاڵایەک وەک کراس هاوکێشی جۆرە کاڵایەکی تر بێ وەک کەتان، خەسلەتە تایبەتمەندییەکانی یەکتر وەردەگرنو، دەکرێ یەکسەر لە لەگەڵیدا بگۆڕدرێتەوە، ئەوا بڕی ڕێژەی گۆڕینەوەکەیان، هەرگیز دیاری ناکرێ. دیاریکردنی چەندایەتی پارچە کراسەکە، بەندە بە

چەندایەتی بەهاکەیەوە، کاتێ کراسەکە، وەک هاوکێشێک،لە پەیوەندی بە بەهای نەگۆڕەوە، هاوچەشن دەبێ، و پارچە کەتانەکە وەک بەهایەکی ڕێژەیی، یان ئەگەر مەسەلەکە وەرگێڕینەوە، ئەوا ڕێژەی گۆڕینەوەکەی، وەک خۆی دەمێنێتەوە. چەندایەتی بەهای تایبەت بە هەردوو کاڵاکە، و پێوانیان بە بەراوردکردنیان بە ماوەی پێویست بۆ بەرهەمهێنیان، دەقاودەق، ڕادە دیاریکردنێکی سەربەخۆیە لە شێوەی بەها.

بۆ نموونە: ٤٠مەتری کەتان یەکسانە بە چی؟ بە دوو کراس، لەبەر ئەوەی لێرەدا، جۆری کاڵاکە ڕۆڵی یەکسان دەگێڕێ و بەهای بەکاهێنانی کراسەکە لە ئاستیدا، وەک جەستەی بەها دادەنرێت، لێرەدا چەندایەتییەکی دیاریکراو لە کراسەکە بەسە بۆ ئەوەی چەندایەتی بەهای ناو پارچە کەتانەکە، دەربڕین.

لەبەر ئەو هۆیە، دوو کراس دەتوانن گەورەیی بەهای ٤٠مەتر کەتانیان هەبێ، بەڵام گەورەیی بەهاکەیان هەرگیز ناتوانن گەورەیی بەهای کراسەکە دەربڕن. تێبینی ڕووکەشییانەی ئەو ڕاستییە بکەین کە یەکسانی لە هاوکێشی بەهادا، تەنها لە فۆرمی چەندایەتییەکی سادەی شتێکەوە، دەبێت بە خاوەن بەهای بەکارهێنان، وایکرد، بایلی و ئەو زانا ئابووریناسانەی لە پێش و پاشییەوە هاتوون، کە لە دەربڕینی بەهادا، تەنها پەیوەندیە چەندایەتییەکەیان بینیوە، بەهەڵەدابچن، چونکە فۆرمی هاوکێشی کاڵایەک، هیچ چۆنایەتییەکی بەهاکەی، دەرنابڕێ.

یەکەم تایبەتمەندی کە لە سەرەنجدانی فۆرمی هاوکێشدا بەرچاو دەکەوێت، ئەمەیە:

بەهای بەکارهێنان دەبێت  بە فۆرمی بەرجەستەکردنی دژەکەی، واتە، بەها. شێوەی سرووشتی کاڵاکان دەبن بە فۆرمی بەهاکەیان، بەڵام تێبینیکردنی بەهەڵە تێگەیشتن بەنیسبەت کاڵایەک(B)لە کاڵاکان(کراس، گەنم، ئاسن)، تەنها لە سنووری پەیوەندی کاڵادا ڕوودەدا، کە کاڵای تریشA(کەتان...هتد) لەناودا هەیەو تەنها لەناو ئەم پەیوەندییەدا. هیچ کاڵایەک لە پەیوەند بە خۆی، خۆی ناکێشێ، بۆیە دەبێ، لە پەیوەند بە کاڵایەکیترەوە وەک هاوکێشەکەی یان ڕووکەشی سرووشتی کاڵایەکیتر، بکا بە فۆرمی بەهای خۆی.

ئێمە نموونەیەک دەهێنینەوە بۆ پێوانی کاڵاکان جێبەجێ بکرێ، بەو مانایە کە ماددەن، واتە بەوەی بەهای بەکارهێنانن، تا ڕاستەوخۆ، هەموو ئەو شتانەی ئاماژەمان پێکردوون، بیانخەینە بەرچاوی خوێنەران. لەبەر ئەوەی  قەند، جەستەیە،  شتێکە، قورسایی هەیە، هەر لەبەر ئەوەیشە، کێشەی هەیە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ کێشەکەی ببینێ یان هەستی پێ بکا. ئێستا پارچەی ئاسن بە کێشەی جیاواز وەردەگرین. ئەگەر تەماشای شێوەی سرووشتی خودی ئاسنەکان بکەین، دەبینین وەک قەندەکە، کەمتر فۆرمی قورساییەکەی دەردەخات. بۆ ئەوەی قورساییەکەی بزانین، لە پەوەندیەکی کێشاندا لەبەرامبەر ئاسنەکە دایدەنێین. لەم پەیوەندییەدا،

ئاسنەکە تەنها جەستەیەکە وەک قورسایی. چەندایەتی ئاسنەکە کە بۆ هەڵکێشانی قورسایی شەکرەکە بەکارهێنراوە، لە ئاستیدا، تەنها وەک قورساییەک، نوێنەرایەتی جەستەی شەکرەکە دەکا، واتە فۆرمی دەرخستنی قورسایی. ئاسنەکە تەنها لەناو ئەم پەیوەندییەدا، کە تێیدا دەمانەوەێ قورسایی شەکرەکە یان قورسایی هەر جەستەیەکیتر، دەربخەین. ئەگەر هەردووکیان قورس نەبوون، هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوانیاندا درووست نابێ و هیچ یەکێکیان ناتوانێ ببێ بە دەربڕی قورسایی بەرامبەرەکەی. دەبا هەردووکیان بخەینە سەر تەرازوویەک، دەبینین، بەڕاستی هەردووکیان هەمان قورساییان هەیە، بۆیە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو، یەک کێشیان هەیە. هەر چۆن جەستەی ئاسنەکە، وەک پێوەری کێشان لە ئاستی شەکرەکە تەنها قورساییە، بەو شێوەیەش، لە دەربڕینمان بۆ بەها، جەستەی کراسەکە لە ئاستی کەتانەکە، تەنها وەک بەها، نوێنەرایەتی دەکا.

لێرەدا شوبهاندنەکەمان ڕادەگرین. لە دەربڕینی کێشی شەکرەکە، ئاسنەکە، سیفەتێکی سرووشتی هاوبەش لە نێو هەردوو جەستەکە دەبینێ کە قورساییەکەیانە، لە کاتێکدا، کراسەکە لە دەربڕینی بەهای کەتانەکەدا، سیفەتێکی بانسرووشتی هەردوو شتەکە نوێنەرایەتی دەکا، ئەوەش بەهاکەیانە کە شتێکی کۆمەڵایەتی پەتییە.

لەو کاتەی فۆرمی بەهای ڕێژەیی کاڵایەک،(بۆ نموونە) لەبارەی پارچە کەتانەکە، بوونی بەهاکەی وەک شتێک لە جەستەکەی و، خەسلەتەکەی بەشێوەیەکی جۆراوجۆر،(بۆ نموونە)وەک شتێکی هاوڕەنگی کراسەکەیە، ئەوا ئەو دەربڕینە بەخۆی پێمان دەڵێ کە وا پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەناو خۆیدا شاردۆتەوە. لە شێوەی یەکساندا، بە پێچەوانەوە ڕوودەدەن. لەناو خودی خۆیدا هەیە کە جەستەی کاڵایەکە وەک کراسەکە، بەهاکەی دەردەبڕێ و لە پاشاندا، لە سرووشتەوە، فۆرمی بەهای هەیە. ئەمە تەنها لەناو پەیوەندی بەهادا درووستە، واتە لە پەیوەندی پارچە کەتانەکە لەگەڵ کراسەکە وەک هاوکێشی یەکتر . بەڵام تایبەتمەندییەکانی شتێک، نەک هەر تەنها لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی لە گەڵ شتەکانیتر سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو لەم پەیوەندییەدا، زیاتر خۆی دووپات دەکاتەوە، کراسەکە، وەک فۆرمی یەکسانییەکەی دەردەکەوێ، تایبەتمەندییەکانی گۆڕینەوەی زیاتر وەک تایبەتمەندییەکانی قورسییەکەی یان بە گەرمی ڕاگرتن لە سرووشتەوە وەریگرتووە. ئەمە نهێنی لایەنی فۆرمی هاوکێشەکەیە کە ئەو کاتە لە تێڕوانینی ئابووری سیاسیی خاوی بۆرژوا، دەدا، کاتێ ئەم فۆرمە لە ئاستیدا بە تەواوەتی وەک دراو دەردەکەوێ. پاشان دەگەڕێ بەدوای ئەوەی کارەکتەرە سیحراوییەکەی ئاڵتون و زێو بەوە لاببات و بە ڕیباکارییەکەوە، کاڵایەکی کەمتر لە پێش چاو، دەبرسکێتەوە؛ بە خۆشگوزەرانییەکی بەردەوام، کەتەلۆکی هەموو ئەو کاڵانە دەهێنێ کە کاتی خۆی ڕۆڵی هاوکێشیان دەبینی. بە خۆیشی نازانێ کە ساکارترین دەربڕینی بەها، وەک ٢٠مەتر کەتان=کراسێک، نهێنی فۆرمی هاوکێشەکان، چارەسەردەکا.

## تایبەتمەندی دووهەمی شێوەی هاوکێش:

کاری هەستیار، دەبێ بە شێوەی بەرجەستەکردنی ناکۆکییەکەی، واتە، کاری مرۆیی پەتی.

جەستەی هەر کاڵایەک کە خزمەت بە هاوکێشان دەکا، هەمیشە وەک هاوکێشک نوێنەرایەتی کاری مرۆیی پەتی دەکا و هەمیشە بەرهەمی کارێکی تایبەت، هەستپێکراو و سوودمەندە. ئەم کارە هەستپێکراوە، دەبێ بە دەربڕی کاری مرۆیی پەتی. (بۆ نموونە)، کاتێ کراسەکە، بەرجەستەیەکی سادەیە، ئەوا کاری بەرگدوورەکە بەرجەستەبووەکەی ناوی، هەر هەمان شێوە سادەکەیە بۆ بەرجەستەکردنی کاری پەتی. لە دەربڕینی بەهای کەتانەکە، بە کراسەکە دەردەبڕێ، سوودمەندی کاری بەرگدووری لەوەدا نییە کە بەرگ بەرهەمدەهێنێ، وەک ئەڵمانەکان دەڵێن(مرۆڤ درووستدەکات)،، بەڵکو لەوەیە، جەستەیەک درووستدەکات، لەبەرچاوە، بەهای هەیە و نموونەیەکی جیاواز نییە لە کارە بە ئەنجامدراوەکەی ناو بەهای پارچە کەتانەکە. بۆ ئەوەی کاری بەرگدووریەکە ئاوێنەی بەها درووستبکات، دەبێ بەرگدوورەکە وێنەی خۆی لە ئاوێنەکەدا بەرپەرچ نەداتەوە، بەڵکو تایبەتمەندییە موجەرەدەکەی کە بوونی کارێکی مرۆییە.

شێوەی چالاکی بەرهەمهێنەرانە وەک چنین و درووستکردنی بەرگ، پێویستییان بە هێزی کاری مرۆییە و هەرووکیان تایبەتمەندی هاوبەشی نێوانیان هەیە کە بریتییە لە کاری مرۆیی و لەهەندێ حاڵەتدا، (بۆ نموونە) لە بەرهەمهێنانی بەهادا، دەبێ تەنها بەم تێڕوانینە، ڕەچاویان بکرێ. لێرەدا هیچ شتێکی شاراوە نییە، بەڵام لە دەربڕینی بەهای کاڵادا، مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە. بۆ نموونە، ئەگەر بمانەوێ بڵێین، چنین لە شێوە کۆنکریتییەکەی نا، بەڵکو لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی وەک کارێکی مرۆیی کە بەهای پارچە کەتانەکە درووستدەکات، لە بەرامبەریدا، بەرگدووریی کە کارێکی کۆنکریتییە و هاوکێشی پارچە کەتانەکە بەرهەمدەهێنێ و فۆرمێکی موجەردە، تێیدا کاری مرۆیی بەرجەستەبووەو لە بەرامبەریدا دادەنرێ.

## تایبەتمەندی سێهەمی شێوەی هاوکێش:

کاری بەرگەدووریی کە هاوکێش بەرهەمدەهێنێ، تەنها دەربڕینێکی یەکگرتووە بۆ کاری مرۆیی و خاوەن فۆرمێکی یەکسانە لەگەڵ ئەو کارانە کە لەناو کەتانەکەدا شاردراوەتەوە، بۆیە، گەر کاری تایبەتیش بێ، وەک هەر کارێکی بەرهەمهێنەرانەی کاڵا، کارێکە، شێوەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی هەیە. لەبەر ئەم هۆیە، لە بەرهەمێکدا جێبەجێ دەبێ و دەکرێ یەکسەر لەگەڵ کاڵایەکیتر، بگۆڕدرێتەوە.

هەردوو تایبەتمەندییەکانی شێوەی هاوکێش، کە لە کۆتاییدا پشکێنراوە، بۆ تێگەیشتن ئاسانتردەبن، ئەگەر بگەین بە ئاستی ئەو بیرمەندە مەزنە کە یەکەم کەس بووە، شێوەی بەهای شیکردووەتەوە، و شیکاریی زۆر شتی تریشی کردووە، وەک فۆرمی بیرکردنەوە، فۆرمی کۆمەڵگا و فۆرمی سرووشت. مەبەستمان لەو بیرمەندە، ئەرستۆیە.

ئەرستۆ بەڕوونی دەڵێ کە فۆرمی دراوی کاڵا، تەنها درێژەی پەرەسەندنی شێوەی بەهای سادەیە، واتە، دەربڕینی بەهای کاڵایەک لە هەر کاڵایەکیتری دیاریکراو، چونکە دەڵێ: ((هاوکێشەی٥خەوگە = ١خانوو، جیاواز نییە لە هاوکێشەی ٥خەوگە= ئەوەندە و ئەوەند دراو))

هەروا پێی وایە، پەیوەندی بەها، کە دەربڕینی بەهای تێیدایە، بە خۆی ئەو مەرجەی هەیە، خانووەکە لەگەڵ خەوگەکان، وەک چۆنایەتی یەکسان دەکرێن و ئەم شتە هەستپێکراوو جیاوازانە، بەبێ ئەوەی کاکڵەکەیان یەکسان بێ، وەک چەندایەتییەک ناکرێ لەگەڵ یەکتر بپێورێن. هەروا بەخۆی دەڵێ: (گۆڕینەوە بەبێ یەکسانی ناکرێ، و یەکسانی بە بێ هاوڕێژەیی-تناسب- ناکرێ). بەڵام لێرەدا سڵ ً ◌َ دەکاتەوە و لە شیکردنەوەی بەها دەگەڕێ و دەڵێ: ((لە ڕاستیدا، ئەستەمە، پێوانی شتگەلێکی ئەوەندە لیکجیاواز، هاوڕێژ بکرێن، واتە چەندایەتییەکەیان یەکسان بێ. دووپاتکردنی یەکسانبوونیان دەبێ بە ناکۆک لەگەڵ سرووشتی ڕاستەقینەی شتەکان، واتە، لەبەر پێداویستییەکی عەمەلی، پەنای بۆ دەبرێ))

ئەرستۆ بەخۆی پێمان دەڵێ، لەبەرچی لە درێژەی شیکردنەوەکانیتری، سەرنەکەوتووە؛ لە کەموکوڕی تێگەیشتنی لە بەها. ئەو شتە یەکسانە چییە ، واتە، ئەو کاکڵە هاوبەشە کە خانووەکە بە نیسبەت خەوگەکان لە دەربڕینی بەهای خەوگەکاندا خۆی دەنوێنێ؟ ئەرستۆ دەڵێ:((لە واقیعدا، شتی وا بوونی نییە)). بۆچی؟ خانووەکە لە بەرامبەر خەوگەکان، شتێکی یەکسان و دیاریکراو دەنوێنێ، بەوەی، شتێک لە ناو هەردووکیاندا هەیە. بەڵام ئەو شتە چییە؟ ئەوە کاری مرۆییە.

بەڵام ئەریستۆ نەیتوانی ئەوەی لەناو خودی فۆرمی بەهای کاڵای هەموو کارەکاندا هەیە کە هەمان کاری مرۆییان تێدایە، بخوێنێتەوە، چونکە کۆمەڵگای یونانی، لەسەر کاری کۆیلایەتی دامەزرابوو و بناغە سرووشتییەکەی نایەکسانی بوو لەنێو خەڵک و هێزی کارکردنیان. نهێنی

دەربڕینی بەها، یەکسانی و هاوهێزی لەنێو هەموو کارەکان چونکە کاری مرۆیین و لەبەر ئەوەی کاری مرۆیین، ناکرێ لێی تێبگەین، تەنها ئەو کاتە نەبێ، کە بیری یەکسانی مرۆیی، پێشوەخت، لەلایەن خەڵکەوە پتەو دەبێ. بەڵام ئەمە تەنها لە کۆمەڵگایەک ڕوودەدا، تێیدا شێوەی کاڵا دەبێ بە شێوەی گشتی بۆ بەرهەمەکانی کار، واتە ئەو کاتەی کە پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەل یەکتر وەک خاوەن کاڵا، دەبێ بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی باڵادەست. بلیمەتی ئەرستۆ لەوەدا ڕەنگدەداتەوە، کە ئەو لە دەربڕینی بەهای کاڵادا، پەیوەندی یەکسانی دۆزیوەتەوەو تەنها بارودۆخی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایەی تێدا ژیاوە، نەیهێشتووە، ماهییەتی یەکسانی ئەو پەیوەندییە، بدۆزێتەوە.

## ٤-کۆی فۆرمی بەهای سادە

شێوەی سادەی بەهای کاڵایەک، لەناو پەیوەندی بەهاکەیەتی لەگەل کاڵای جۆراوجۆر یان لەناو پەیوەندی گۆڕینەوە لەگەل هەر کاڵایەکی تر. بەهای کاڵایAوەک چۆنایەتییەک ڕاستەوخۆ بە ڕێگای گۆڕینەوەی کاڵای Bلەگەل کاڵایAدەردەبڕێ و، بەڕێگای گۆڕینەوەی چەندایەتییەکی دیاریکراوی کاڵایBلەگەل چەندایەتییەکی کاڵایAی بەرامبەرەکەی، دەردەبڕێ. بە ووشەیەکیتر: بەهای هەر کاڵایەک دەربڕینێکی سەربەخۆیە بەوەی کە خۆی وەک"بەهای گۆڕینەوە"دەنوێنێ. ئەگەر لە دەستپێکی ئەم بەشە بەشێوەیەکی باو گوتمان: کاڵا بەهای بەکارهێنان وگۆڕینەوە، بەڵام ئەگەر ئەو بۆچوونە دەقاودەق وەک خۆی وەریگرین، دەبینین هەڵەیە. کاڵا بەهای بەکارهێنانە یان شتێکی بەسوودە، ئەوەش بەهایە و ڕاستی خۆی وەک شتێکی دوولایەنە پیشاندەدا و لەو کاتەوە بەهاکە لە فۆرمە سرووشتییەکەیدا دەبێ بەخاوەن فۆرمی جیاواز کە بەهای گۆڕینەوەیە و هەرگیز نابێ بەخاوەن ئەم شێوەیە، ئەگەر تەنها وەک تاک تەماشای بکەین. ئەگەر یەکجار بەمە بزانین، ئەوا بەدگومانی لە دەستەواژە کۆنەکەمان نامینی و بۆ کورتکردنەوە خزمەتمان دەکا.

شیکردنەوەکەمان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە فۆرمی بەها یان دەربڕینی بەها لە سرووشتەکەیەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، نەک بە پێچەوانەوە، واتە دەربڕینی بەها و گەورەییەکەی لە شێوەی دەربڕینی وەک بەهای گۆڕینەوە، سەرچاوەی وەرگرتووە. هەروا ئەمە ئەو هەڵە بڵاوەیە لە نێو بازرگانە تیئۆریستەکان و قوتابییە دڵگەرمە مۆدێرنەکانیان وەک(فیریر) و(کانیلە) و ئەوانیتر...و دژەکانیان لە کۆمەڵی ئەو بازرگانە گەشتیارانە کە داوای گۆڕینەوەی ئازاد دەکەن لە نموونەی(باستیات) و شەریکەکانی. بازرگانەکان زیادەڕۆیی بە لایەنی چەندایەتی

دەربڕینی بەهاوە دەکەن و لەپاشاندا بە شێوەی هاوکێشی کاڵاوە کە لەبەرچاومانە وەک شێوەی دراو؛ بە پێچەوانەوە، بازرگانە مۆدێرنەکان، پاڵەوانەکانی بازرگانی ئازاد، کە دەیانەوێ بەهەموو نرخێک لە کاڵاکانیان رزگاریان بێ، تەنها لایەنی چەندایەتی لە شێوەی ڕێژەیی کاڵا زەقدەکەنەوە، کەواتە، بەنیسبەت ئەوانەوە، نە بەها و نە پێوەری بەها هەیە لە دەرەوەی دەربڕینیان سەبارەت بە پەیوەندی گۆڕینەوە. لەبەر ئەو هۆیە، تەنها بە پارچە کاغەزی نرخی ڕۆژانەی باو مامەڵەدەکەن.(ماککلیود)ی سکۆتلەندی، لە ئیشەکەیدا، ئەو ئەرکە بۆ خۆی دیاریکردووە، کە تا پێی بکرێ، تێڕوانینە خەیاڵییەکان لە شەقامی لۆمبارت-ستریت خاوەن بانکەکان لە لەندەن- پاکژکاتەوە و پێکەوەنانێکی سەرکەوتوانە لە نێو ئەو بازرگانانەی بڕوایان بە ئەفسانەیە و ئەو بازرگانانە کە بانگەواز بۆ گۆڕینەوەی ئازاد دەکەن، بکا.

لەنزیکەوە سەرنجدانی ئەوەی چۆن لەناو پەیوەندی بەهای کاڵای(B)، بەهای کاڵای(A) دەدەبڕێ، پیشانیداین کە لەناو هەمان ئەم پەیوەندییەدا، فۆرمی سرووشتی کاڵای(A)،تەنها شێوەی بەهای بەکارهێنانە و سرووشتی بەهای کاڵای(B)، تەنها شێوەی بەهای کاڵا. ئەوەی کە لەناو کاڵادا خۆی شاردۆتەوە و دژبەری ناوخۆیین، بەهای بەکارهێنان و بەهایە کە ڕوخساری دژبەری دەرەکی خۆیان دەنوێنن، واتە، بەرێگای پەیوەندی لە نێوان دوو کاڵاوە، دەبێ یەکێکیان تەنها بەهاکەی ڕاستەوخۆ وەک بەهای بەکارهێنانی پێدەردەبڕێ و ئەویتریشیان لەبەرامبەری، کە دەبێ تێیدا بەهاکەی پێدەربیڕێ، ڕاستەخۆ تەنها بە بەهای گۆڕینەوە دادەنرێ. شێوەی بەهای سادەی هەر کاڵایەک، شێوەی سادەی دەرکەوتنی ئەو ناکۆکییانەیە کە لەناویاندا هەیە، واتە ناکۆکییەکانی بەهای بەکارهێنان و بەها.

بەرهەمی کار لە هەموو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا، شتی سوودبەخشن، بەڵام تەنها لە یەک چەرخی مێژوویی دیاریکراودا هەیە، کە بەگشتی بەرهەمی کار بۆ کاڵا دەگۆڕێ. دوابەدوای ئەمە، لە هەمان کاتدا، فۆرمی سادەی کاڵا، کە کاری خەرجکراوە لە فۆرمی سادەی کاڵا، کەواتە، پەرەسەندنی فۆرمی کاڵا لەگەڵ پەرەسەندنی فۆرمی بەها، هاوجووت دەبن.

لە یەکەم تێڕوانیندا، کەموکوڕی شێوەی بەهای سادە، دەبێ ئەم فۆرمی تۆوەی زنجیرە گۆڕانکارییەکی تێپەڕاندبێ، پێش ئەوەی بۆ فۆرمی نرخ گەشەبکات.

لە دەربڕین لەهەر کاڵایەک(B) تەنها بە بەهای بەکارهێنانەکەی کاڵای(A)جیاوازەو لە پەیوەندی گۆڕینەوەدا جێبەجێی دەکا لە گەڵ کاڵا جیاوازەکانیتر لە بری ئەوەی چۆنایەتی یەکسانی چەندایەتی هاوکێشکردنی لەگەڵ بەهاکانی تر پیشان بدا. شێوەی بەهای ڕێژەیی سادەی کاڵایەک، لەگەڵ فۆرمی هاوکێشی کاڵایەکیتر دەگونجێ. بەم شێوەیە کراسەکە، لە دەربڕینی

بەهای ڕێژەیی کەتانەکە، تەنها فۆرمی هاوکێشی یان فۆرمی گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆ لە پەیوەند بە تاکە شێوەی کاڵای کەتان دەردەبڕێ .

**ب- شێوەی بەهای گشتی یان پەرەئەستێن**

٢٠مەتر کەتان=١کراس، یان =١٠فوند چای یان=٤٠فوند قاوە یان=٢مسقاڵ ئاڵتون یان=نیو تۆن ئاسن یان=...هتد

**١-شێوەی پەرەئەستێنی بەهای ڕێژەیی:**

بەهای هەر کاڵایەک، بۆ نموونە، بەهای پارچە کەتان، ئێستا لەناو توخمی زۆرو زەبەن لە جیهانی کاڵادا و جەستەی هەر کاڵایەکیتر دەبێت بە ئاوێنەی بەهای کەتانەکە. ئەم بەهایە بەخۆی یەکەمجار بە شێوەیەکی راستەقینە وەک جەلاتینی بە بێ جیاوازی کاری مرۆیی دەردەکەوێ، چونکە ئەوەی ئەو کارەی تێدا دامەزراوە، دەربڕینی تەنها وەک کاری مرۆیی دەنوێنێ، کە لەگەڵ هەر کارێکی مرۆییتر، یەکسانە، بەبێ گوێدان بەوەی لەناو کامە فۆرمی سرووشتییە یان خۆی لەناو کراس، گەنم یان ئاسن و ئاڵتون خۆی بەرجەستەکردووە. لەبەر ئەم هۆیە، ئێستا ئیتر کەتانەکە بە ڕێگای فۆرمی بەهاکەیەوە، تەنها لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ڕاناوەستی لە ئاستی بەهای تاکە کاڵاکان، بەڵکو لە ئاستی جیهانی کاڵا. وەک کاڵایەک، هاووەڵاتییەکی ئەم جیهانەیە. لە هەمان کاتدا، لەناو زنجیرەی بێ کۆتایی دەربڕینەکانیدا ئەو نیشانەیە هەیە کە بەهای کاڵاکان لەبەرامبەر فۆرمی تایبەتی بەهای بەکارهێنان، واتە لەو شوێنەی تێدا دەردەکەوێ، وەک یەکە.

لە شێوەی یەکەم: ٢٠مەتر کەتان=١کراس، دەتوانێ راستیەکی بەرێکەوتی ئەم دوو کاڵایە بێ کە لە پەیوەندی چەندایەتییەکی دیاریکراودا، بگۆڕینەوە. لە فۆرمی دووهەمدا، یەکسەر پێچەوانەی ئەو ڕەواڵەتە بەرێکەوتی، جیاوازییەکی کاکڵەیی دەبینین و پاشکۆکەی دیاریدەکات. بەهای کەتانەکە وەک خۆی بەهەمان شێوە دەمینێتەوە ئەگەر بە کراس یان قاوە یان ئاسن دەربڕین، بەڕێگای کاڵایەکی بێ ئەژمارەوەکە کە خاوەنی جۆراوجۆریان هەیە. پەیوەندی بەرێکەوتی خاوەنی دوو کاڵای ڕێژەیی دەبێ. ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ کە چەندایەتی بەهای کاڵاکە ناگۆڕدرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چەندایەتی بەهای کاڵاکە، پەیوەندی گۆڕینەوەکە ڕێکدەخات.

### ٢-شێوەی هاوکێشی تایبەت

هەر کاڵایەک، چا، گەنم، ئاسن...هتد، وەک هاوکێشێک، جەستەی بەهایە و بەهای کەتانەکە دەردەبڕن. ئێستا شێوەی سرووشتی هەر یەک لەم کاڵایانە، شانبەشانی فۆرمگەلێکی زۆر، فۆرمێکی هاوکێشی تایبەتە. هەروا بەهەمان شێوە، هەموو جۆرە کارێکی دیاریکراو، سوودبەخش و کۆنکریت کە لەناو جەستەی کاڵا جۆربەجۆرەکاندا هەیە، بەهەمان شێوە یەکسانە بە ژمارەی فۆرمە جۆربەجۆرەکانی کاری مرۆییە پەتی و بەرجەستەکانی ناویان.

## ٣-کەموکوڕییەکانی شێوەی بەهای گشتی یان پەرەئەستێن:

کەموکۆڕی یەکەم، دەربڕینی ڕێژەیی بەها، تەواو نییە، چونکە زنجیرەی دەربڕینەکانی هەرگیز کۆتاییان نایەت. زنجیرەکان کە هەموو بەراوردێکی بەهایان تێدایە، دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی، درێژە بە بازنەکانی بدا لەگەڵ هەر شێوە بەهایەکی نوێ، ماددەی دەربڕینی نوێمان پێ بدا. سەرباری ئەوەش، هەر وەک دەبێ ڕوو بدا، ئەگەر ئەم شێوەیە(تعمیم)بکەین و بەسەر هەموو جۆرەکانی کاڵا پیادەی بکەین، لە کۆتاییدا زنجیرەیەکی جیاواز و بێ کۆتایی لە دەربڕینی بەهامان دەستدەکەوێت و ژمارەکانی دەبێ بە قەت ژمارەی کاڵاکانی بەردەستمان. کەموکوری شێوەی دووهەمی بەهای ڕێژەیی لە شێوەی ئەو هاوکێشەکە کە هاوجوتییەتی، بەرپەرچ دەداتەوە. هەر وەک چۆن شێوەی سرووشتی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی کاڵا، شێوەیەکی هاوکێشی تایبەت دەردەبڕێ، شانبەشانی ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە شێوەکانی تری، بەگشتی هیچ شتێکی تر نییە تەنها شێوەی هاوکێش و وردیلە نەبێ کە هەر یەکێکیان نەفی ئەوی تیان دەکاتەوە. بەهەمان شێوە، جۆری کاری سوودبەخش و هەستیاری ناو هەر هاوکێشێک، تەنها شێوەی تایبەتی خۆی دەردەبڕێ، واتە بەرجەستەکردنی ناتەواوی کاری مرۆیی. ڕاستە ئەم کارە خاوەن شێوەی تەواو و گشتییە لە بەرجەستەکردن لە هەموو شێوە تایبەتییەکانی، بەڵام خاوەن هیچ دەرکەوتنی فۆرمێکی یەکگرتوو نییە.

شێوەی گشتی یان پەرەئەستێنی بەها تەنها لەناو کۆمەڵێ دەربڕینی ڕێژەیی سادەدا، هەیە، یان لەناو هاوکێشە شێوە یەکەمەکەدا وەک:

٢٠مەتری کەتان=١کراس

٢٠مەتر کەتان=١٠فوند چا

و هەر هاوکێشەیەکیان، لەبەرامبەردا، هەمان ئەم هاوکێشەیەی تێیدایە:

١کراس= ٢٠مەتر کەتان

**١٠فوند چا=٢٠مەتر کەتان**

لە ڕاستیدا: کاتێ کەسێک کەتانەکەی لەگەڵ زۆر کاڵای تر دەگۆڕێتەوە، بەهاکەی لە زنجیرەیەک لە کاڵای تر دەردەبڕێ، بەم شێوەیە، وەک پێویستییەک، خاوەن کاڵا زۆر و زەوەنەکانی تر، دەتوانن کاڵاکانیان لەگەڵ پارچە کەتانەکە بگۆڕنەوە، بۆیە، بەهای کاڵا جۆربەجۆرەکانیان بە هەمان کاڵای سێهەم(پارچە کەتانەکە) دەرببڕن. کەواتە ئەگەر زنجیرەکە ڕووبەڕوو یەکتر بکەینەوە: ٢٠مەتر کەتان=١کراس، یان دەکا ١٠فوند چا ...هتد، واتە شێوەی بەرامبەرکێ ئەم زنجیرەیک دەربڕین، ئەوا ئەمەی خوارەوەمان دەستدەکەوێ

**ت- شێوەی گشتی بەها**

١کراس=

١٠فوند شەکر=

٤٠فوند قاوە=

٢مسقاڵ ئاڵتون=

نیو تۆن ئاسن=

ی لە کاڵای(A)=

:::::هتد=

{٢٠مەتر کەتان

## ١- مۆرکە گۆڕاوەکانی شێوەی بەها

ئێستا کاڵاکان بەهای خۆیان دەردەبڕن: یەکەم، بە شێوەیەکی سادە، چونکە خۆی بە یەک جۆری کاڵا دەردەبڕێ. دووهەم: بە یەکگرتوویی، چونکە لەهەمان کاڵا خۆی دەردەبڕێ. فۆرمی بەهاکەی سادە و هاوبەشە، بۆیە گشتیشە.

هەردوو شێوەی ١و٢ نەیاندەتوانی بگەن بە دەربڕین لە بەهای کاڵایەک، تەنها بەوەی دوو شتی جیاوازن لە بەهای تایبەتی بەکارهێنانیان یان لە ماهییەتی تایبەتی.

شێوەی یەکەم ئەم جۆرە هاوکێشەیەمان بەدەستەوە دەدەن، وەک: ١کراس=٢٠مەتر کەتان. ١٠الیرە چا=نیو تۆن ئاسن...هتد.

بەهای کراسەکە وەک هاوکیشی کەتانەکە و بەهای چایەکە وەک هاوکێشی ئاسنەکە. بەڵام ئەم دەربڕینانە لە بەهای کراس و چایەکە، وەک جیاوازی کەتانەکە لەگەل ئاسنەکە، بەخۆشیان لە یەکتری جیاوازن. ئەم فۆرمە لە چالاکی پراکتیکی دەرناکەوێ، تەنها لە سەردەمی سەرەتاییدا، ئەو کاتە کە بەرهەمەکانی کاردن بەڕێگای ڕێکەوت وبە هەلی گۆڕینەوە، بۆ کاڵا دەگۆڕا.

ئەم چەند دێرە وازح نییە لە دەکە ُ ئینگلیزیەکەدا بەم شێوەیەیە: فۆرمی دووەمی Bکۆکتر لە یەکەمەکە جیاوازی دەکات لە نێوان بەهای کالایەک و بەهای بەکارهێنانی خۆیدا، ئێستا بەهای کراسەکە دژوار دیارە لەبەرامبەر هەموو شێوە سرووشتیەکانی خۆیدا، لە تەواوی دەربرینەکانی کە هاوشێوەیە لەگەل کەتان و چایەکەو ئاسنەکەو بەکورتی لەگەل هەموو شتێک بێجگە لە خۆی. لەلایەکی ترەوە هەرجۆرە دەربرینێکی گشتی بەهای هەر کالایەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەحال کردوە، چونکە لە دەربرینی بەهای کالایەک، هەموو کالاکانی تر تەنها لە شێوەیەکی یەکسان لە بەهادا دەردەکەون. بەم شێوەیە فۆرمی بەهای گەشەکردوو، لەو کاتەوە دەردەکەوێ کە بەرهەمی کارێک ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ، بۆنموونە مەڕومالآت، لەبەرامبەر کالآیەکیتری جیاواز، نەک بەڕێگای هەلآواردن، بەڵکو وەک عادەت.

هەردوو شێوە ڕابردووکە، بەهای کالآیەک دەردەبڕن، چ وەک تاقە کالآیەکی فرەچەشن یان بە زنجیرەیەکی زۆر لە کالآی تر. مەسەلەکە هەر جارێک، گەر بە درووستی دەرببڕین، مەسەلەیەکی تایبەتە بۆ هەر کالآیەک بەتاقی تەنها. ئەم مەسەلەیە لە یەک کاتدا، هەڵدەستێ بەوەی کالآ، شێوەی بەها وەربگرێ ً َ و، بەم ئەنجامە دەگات بە بێ دەستێوەردانی کالآکانی تر. لەبەرامبەر ئەم یارییەدا، ڕۆڵێکی پاسیڤی(سەلبی) هاوکێشییە. لە دژیدا، فۆرمی گشتی بەها، تەنها وەک کارێکی هاوبەشی جیهانی کالآ درووست دەبێ و ئەو کاتە دەربرینی گشتی بەها وەردەگرێ، چونکە کالآکانی تر، لەهەمان کاتدا بەهاکانی خۆیان لەهەمان هاوکێشەدا دەردەبڕن

و هەر جۆرە کاڵایەکی نوێ، خۆی پیشانبدا، دەبێ بەهەمان کار هەستێ. هەروا ئەوەشمان بەرچاو دەکەوێ، کە کاڵاکان لە تێڕوانینی بەهاوە، شتی کۆمەڵایەتی پەتین، ناتوانێ ببێ بە دەربڕی ئەم سیفەتە کۆمەڵایەتییە، تەنها بەڕێگای زنجیرەیەکەوە لەهەموو پەیوەندییەکانی گۆڕینەوە پێکهاتبێ و دەبێ فۆرمی کاڵا وەک فۆرمێکی کۆمەڵایەتی دانی پیابنرێت.

شێوەی سرووشتی بەها، کە دەبێ بە هاوکێشی هاوبەشی کەتانەکە، بووە بە شێوەی ڕەسمی بەهاکان. بەم شێوەیە کاڵاکان لە ئاستی یەکتر نەک تەنها هاوکێشی چۆنایەتییان دەردەخەن، بەڵکو هەروا جیاوازی چەندایەتیشیان لە بەها دەردەخەن.   چەندایەتی ئەو بەهایانەی پیشاندەدرێن کە لەوە دەچن لە یەک ئاوێنەدا دەرکەون کە کەتانەکەیە و هەر یەکێکیان ئەوی تریان بەرچەرچەداتەوەتەوە، بۆ نموونە، ١٠فوند چا=٢٠مەتر کەتان و ٤٠فوند قاوە،  یان ٤٠ فوند قاوە= ٢٠ مەتر کەتان، کەواتە، ١٠فوند چا=٤٠فوند قاوە. یان لە ١فوند قاوە، تەنها یەک لەسەر چواری ماددەی بەهای کاری تێدایە لەوەی کە لەناو ١فوند چایەکە هەیە.

شێوەی گشتی بەهای ڕێژەیی جیهانی کاڵا، لەو کاڵا هاوکێشەی لێی دوورخراوەتەوە، پارچە کەتانەکە، مۆرکی هاوکێشی گشتی وەردەگرێ. ئێستا دەتوانین کەتانەکە دەستبەجێ لەگەل کاڵاکانی تر بگۆڕینەوە، چونکە شێوە سرووشتییەکەی لەهەمان کاتدا شێوە کۆمەڵایەتییەکەیە. کاری چنینسازی، ئەو کارەیە کە پارچە کەتانەکە درووستدەکات و بەم ڕێگایەوە، مۆرکی کاری کۆمەڵایەتی و شێوەی یەکانگیری بە کاڵاکانیتر، پەیدادەکا. ئەو  هاوکێشە بێ ئەژمارانە کە لە شێوەی گشتی بەهای پێکهاتووە، یەگرتن لەنێوان ئەو کارەی لەناو پارچە کەتانەکە جێبەجێکراوە و ئەو کارانەی وا لەناو کاڵاکانیتر خەرجکراون و دوابەدوای یەکتر بەراورد دەکرێن و کاری ناو پرۆسەی پارچە کەتانەکە دەکەن، ئەو شێوە گشتیەیە کە تێیدا کاری مرۆیی بەرجەستەبووە. بەم شێوەیە، کاری ئەنجامداروی ناو بەهای کاڵاکان تەنها نابێ بە دەربڕێکی سەلبی بەوەی کارێکی موجەرەدە و شێوە هەستیارییەکەی و تایبەتمەندییە سوودبەخشییەکانی کاری ڕاستەقینە لەناویان وون دەبێ، چونکە سرووشتە ئیجابییەکەی بە ڕوونی  ناواخنی دووپاتدەکاتەوە. شێوەی گشتی بەها، هەڵگەڕانەوەی هەموو کارە واقعییەکانە بۆ مۆرکە هاوبەشەکەی کە کاری مرۆییە و بەوەی خەرجکردنی خودی هێزی کاری مرۆییە.

فۆرمی بەهای گشتی بە گوێرەی خودی پێکهاتەکانییەوە پیشانماند دەدا کە دەربڕی کۆمەلایەتیە بۆ جیهانی کاڵا و ئەوەشمان بۆ دەردەخا کە لەناو ئەم جیهانەدا، کارەکتەری گشتی مرۆیی کار، مۆرکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی پێکدەهێنێ.

## ٢- پەیوەندی گەشەکردن لە نێوان شێوەی بەهای ڕێژەیی و شێوەی هاوکێش

پلەی گەشەکردنی شێوەی بەهای ڕێژەیی هاوجووتە بە پلەی گەشەکردنی شێوەی هاوکێش، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت کە گەشەسەندنی شێوەی هاوکێش تەنها دەربڕ و سەرئەنجامی گەشەسەندنی شێوەی بەهای ڕێژەییە. شێوەی ڕێژەیی بەهای تاک یان سادەی هەر کاڵایەک، هاوکێشی کاڵاکانیتر، تاکانە دەکا. شێوەی بەرفراوانی بەهای ڕێژەیی کە دەربڕینی بەهای کاڵایەکە لە هەموو کاڵاکانیتر، مۆرکی شێوەی هاوکێشی تایبەتیان پێدەدا. لە دواییدا کاڵایەکی چۆنایەتی، شێوەی هاوکێشی گشتی وەردەگرێت، چونکە هەموو کاڵاکانیتر، دەیکەن بە ماددەی یەکگرتوو و گشتی شێوەی بەهاکەیان.

بەڵام لەهەمان ئەو پلەیەدا کە تێدا فۆرمی بەها گەشەدەکات، ناکۆکی لەنێوان هەر دوو سەریدا(فۆرمی ڕێژەیی بەها و فۆرمی هاوکێش) گەشەدەکات. فۆرمی یەکەم(٢٠مەتر کەتان=١کراس) ئەم ناکۆکییەی تێدایە، بەڵام جێگیری ناکا. لەم هاوکێشەدا، سەرێکی پارچە کەتانەکەیە بەشێوەی بەهای ڕێژەیی و کراسەکەش سەرەکەی ترە لە شێوەی هاوکێشدا. ئێستا ئەگەر ئەم هاوکێشە بە پێچەوانەوە بخوێنینەوە، دەبینین پارچە کەتانەکە و کراسەکە، تەنها ڕۆڵی خۆیان دەگۆڕنەوە، بەڵام شێوەی هاوکێشەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و بەم شێوەیە زەحمەتە ناکۆکییەکانی نێوانیان جێگیر بکرێن.

لە شێوەی دووهەمدا، کاڵایەک دەتوانێ بە شێوەیەکی تەواو گەشە بە بەها ڕێژەییەکەی بدا و ببێ بەخاوەن شێوەی گشتی بەهای ڕێژەیی، چونکە هەموو کاڵاکانیتر لە ئاستیدا وەک شێوەی هاوکێش هەن. ئێستا چیتر ناتوانین دووسەری هاوکێشی بەها لە(٢٠مەتر کەتان=١کراس یان=١٠فوند چا، یان=١کیلۆ گەنم...هتد) سەرەوژوور بکەین، بەبێ ئەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی نەگۆڕێ و لە شێوەی بەهای گشتییەوە بۆ شێوەی گشتی بەها بگۆڕێ.

لە دوا فۆرمدا، فۆرمی سێهەم، فۆرمی بەهای ڕێژەیی گشتیی بە جیهانی کاڵا دەدا، چونکە لەبەر ئەوەی لە شێوەی هاوکێشدا، بەدەر لە یەک کاڵا، نەفی هەموو کاڵاکان دەکا. کاڵایەک، کە پارچە کەتانەکەیە، فۆرمی گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لە گەڵ هەموو کاڵاکانیتر، یان لە فۆرمی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆیە، چونکە کاڵاکانیتر خۆیان لە ناو ئەم شێوەیەدا نابیننەوە.

بە پێچەوانەوە، هەر کاڵایەک شێوەی هاوکێشی گشتی هەبێ، لەدەرەوەی فۆرمی بەهای ڕێژەیی گشتی و یەکگرتووی ناو جیهانی کاڵایە. لەو پێناوەدا، دەبێ ئەو کاڵایە بەخۆی بتوانێ ببێ بە هاوکێشی خۆی، ئەو کاتە ئیتر ئەم هاوکێشانە دەستدەکەوێ: (٢٠مەتر کەتان=٢٠مەتر کەتان) کە دووبارەکردنەوەی هەمان داڕاشتنە و نە دەربڕی بەهایە و نە چەندایەتییەکەی. ئەگەر بمانەوێ بەهای ڕێژەیی هاوکێشی گشتی لەگەڵ کاڵاکانیتر دەربببڕین، دەبێ شێوە سێهەمەکە بە

پێچەوانەوە بخوێنینەوە. ئەم شێوەیە هیچ شێوەیەکی ڕێژەیی هاوبەش لەگەل کاڵاکانیتر نییە، بەڵام بەهاکەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی خۆی لە زنجیرەکی بێ کۆتایی لە هەموو کاڵاکان دەردەبڕێ. شێوەی گەشەندووی بەهای ڕێژەیی یان شێوەی ٢ وەک شێوەی چۆنایەتی فۆرمی بەهای ڕێژەیی بۆ کالای هاوبەش دەردەکەوێ.

## ٣-**گواستنەوە لە شێوەی گشتی بەهاوە بۆ شێوەی دراو:**

بەگشتی، شێوەی هاوکێشی گشتی، شێوەی بەهایە و دەتوانێ ببێ بە خاوەنی هەموو کاڵایەک. لەلایەکیترەوە، هیچ کاڵایەک ناتوانێ لەم شێوەیەدا بێت بە(شێوەی٣)، چونکە وەک هاوکێش، لەلایەن هەموو کاڵاکانیترەوە دووردەخرێتەوە. لەم چرکەیەوە، کە ئەم بەدوورخستنەوەیە بۆ دواجار لە جۆرە کاڵەیەکی تایبەت سنووردار دەکا، فۆمی ڕێژەیی بەهای یەکگرتووی جیهانی کاڵا بەشێوەیەکی بابەتییانە جێگیر دەبێ و ڕەواجی کۆمەڵایەتی گشتی وەردەگرێت.

ئەو جۆرە کاڵا تایبەتە کە لەگەل شێوە سرووشتییەکەی، فۆرمی هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکەی، گەشەدەکات، دەبێ بە کاڵای دراو یان وەک دراو، کاردەکات. ئەرکە کۆمەڵایەتییە چۆنایەتییەکەی و دوابەدوای ئەوەش، مۆنۆپۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی لەناو جیهانی کاڵادا، ڕۆڵی هاوکێشی هەمەلایەنە، یاریدەکات. لەنێو ئەو کاڵایانەی لەناو شێوەی٢دا هەیە، وەک هاوکێشگەلێکی تایبەتی کەتانەکە شێوەیان وەرگرتووە و لە شێوەی٣دا، پێکەوە لەناو کەتانەکە بەهای ڕێژەیی دەردەبڕی و لە مێژوودا، ئاڵتوون، ئەم تایبەتمەندییەی وەرگرتووە. کەواتە، با لە شێوەی٣دا، کاڵای ئاڵتوون لەبری کاڵای کەتان دابنێین، ئەوا ئەم دەستەکەوتەمان دەبێ:

**د) فۆرمی دراو**

| | | |
|---|---|---|
| **٢٠مەتر کەتان** | **=** | |
| **١کراس** | **=** | |
| **١٠فوند چا** | **=** | |
| **٤٠فوند قاوە** | **=** | **دوو مسقاڵ ئاڵتون** |

**نیو تەن ئاسن** =

**ی کالآ** =

**...هتد** =

لەکاتی گواستنەوە لە شێوەی(١)بۆ شێوەی(٢) و لە شێوەی٢بۆ شێوەی ٣، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕوویدا. بەڵام شێوەی ٤ بەپێچەوانەوەوە، بەهیچ شێوەیەک لە شێوەی٣جیاواز نییە، تەنها لەوەدا نەبێ کە ئاڵتون لەبری کەتان، بووە بەخاوەن شێوەی هاوکێشی گشتی. لێرەدا پێشکەوتن تەنها لەوەدا بەدیهاتووە کە ئێستا فۆرمی ڕاستەوخۆی گشتی گۆڕینەوە یان فۆرمی گشتی هاوکێش، لەناو ڕاهاتنی کۆمەڵایەتیدا بەتەواوەتی لەگەل فۆرمی سرووشتی کالآی دراو تایبەتی یەکانگیربووە.

ئاڵتون، وەک کالآ لە ئاستی کالآکانیتر ڕادەوەستێ، چونکە پێشتر لە ئاستیاندا وەک کالآ ڕاوەستاوە و لەهەمان کاتدا، وەک هاوکێشیش کاردەکا، جا وەک هاوکێشێکی تاکانە لە کردەوەی گۆڕینەوە یان هاوکێشێکی تایبەتی بێ شانبەشانی کالآ هاوکێشەکانیتر. دوا بەدوای ئەوەش، ئاڵتون، لە بازنەی تەسک و بەرفراوانتر وەک هاوکێشێکی گشتی کاردەکات. هەر لەو کاتەوە، مۆنۆپۆلی ئەم پێگەیە دەربڕینی بەها لە جیهانی کالآیی وەرگرتووە، بوو بە کالآی دراو و لەم چرکەوە کە ئاڵتوون، لە هەر شوێنێکدا بووە بە کالآی دراو، فۆرمی ٤لە فۆرمی ٣جیادەکاتەوە یان فۆرمی گشتی کالآ بۆ فۆرمی دراو، گۆڕاوە.

دەربڕینی بەهای ڕێژەیی سادەی کالآیەک، وەک پارچە کەتانەکە، لە کالآیەکدا کە وەک دراو کاردەکات، بۆ نموونە(ئاڵتون)، شێوەی(نرخە)، کەواتە نرخی کەتانەکە. ٢٠مەتر کەتان= ٢مسقاڵ ئاڵتون

یان ئەگەر ٢لیرەی ئیستەرلینی دوو ناوی دراوین بۆ ٢میسقاڵ ئاڵتون: ٢٠مەتر کەتان=٢لیرەی ئەستەرلینی.

دژوارییەکان دەستواژەی شێوەی دراو، لە تێگەیشتنی باشی شێوەی هاوکێشی گشتییە، واتە شێوەی بەهای گشتی، واتە شێوەی سێهەم. شێوەی سێهەم لە شێوەی بەهای پەرەستێن(شێوەی ٢) چارەسەردەکرێ و فۆرمی ١، توخمی پێکهێنانیەتی. ٢٠مەتر کەتان=١کراس، یان x کالآی y = A کالآی B . لەبەر ئەم هۆیانە، شێوەی بەهای ساکار، تۆوی فۆرمی دراوە

## ٤ – خوورەوشتی کاڵاپەرەستن و نهێنییەکانی

لە یەکەم تێڕوانینمان بۆ کاڵا، وەک شتێکی ساکار و ڕوون دێتە بەرچاومان، بەڵام بە پێچەوانەوە، شیکردنەوەکەمان پیشانیدا کە شتێکی زۆر ئاڵۆزو پڕە لە فرەبێژی میتافیزیکی و خەیاڵی ئاینی. کاڵا، وەکو بەهای بەکارهێنان، چ لە پڕکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ یان تایبەتمەندییەکانی وەک بەرهەمی کاری مرۆیی، هیچ شتێکی نهێنی تێدا نییە. زۆر ئاشکرایە کە مرۆڤ بە ڕێگای چالاکییەکانیەوە، فۆرمی ماددەکانی سرووشت دەگۆڕێ تا سوودیان لێ وەربگرێ. بۆ نموونە(شێوەی تەختە)، دەگۆڕێ کاتێ مرۆڤ بیەوێ مێزێکی لێ دروست بکا، بەڵام مێزکە هەر تەختەیە؛ شتێکی ئاسایی و هەستپێکراوە. بەڵام هەر کە خۆی وەک کاڵا پیشاندا، خۆی دەگۆڕێ بۆ شتێکی هەستیار و ناهەستیار. مێزەکە، تەنها بە هەر چوار قاچەکەیەوە لەسەر عەرزەکە ڕاناوەستێ، بەڵکو لە بەرامبەر هەموو کاڵاکانیتر لەسەر سەرە تەختەیینەکەی ڕادەوەستێ و لە سەرە تەختەیینەکەیشیەوە گەشە بە زۆر یاری سەرسووڕهێنەرانە دەدا، وەک بڵێی لە بەشە ئازادەکانییدا، دەست بە هەڵپەڕکێ دەکا .

خوورەوشتی نادیاری کاڵاکان لە بەهای بەکارهێنانیان و لەو تایبەتمەندییانەی کە بەها دیاریدەکەن، سەرچاوەی نەگرتووە. چونکە، یەکەم: کارە سوودمەندەکان چەندە فرەچەشن بن، یان چالاکی بەرهەمهێنەرەکان هەرچییەک بن، بەڵام ڕاستییەکی فیزۆلۆژین کە کاریگەری ئەندامە مرۆییەکانن وهەر کاریگەرییەکی تری ئەو ئەندامانە، و ناوەڕۆک وشێوەکەیان هەرچییەک بن، وەک کاکڵە، ڕەنجی مێشک و ئەندام و ماسولکە و هەستی مرۆڤن...هتد

دووهەم: لە دیاریکردنی چەندایەتی بەها، واتە ماوەی ڕەنجدان یان چەندایەتی کار، بە ڕوونی، چۆنایەتی کار جیاوازە لە چۆنایەتییەکەی. لە هەموو بارودۆخ و لە هەموو پلە جیاوازەکانی گەشەسەندا، گەرچی بە یەک شێوەش نەبێ، نرخی کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک، سەرنجی مرۆڤ ڕاکێشاوە. لە دواییدا، لەو کاتەوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، خەڵک بۆ یەکتری کار دەکەن، کارەکەیان، شێوەیەکی کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەگرێ.

ئایا مۆرکە نادیارییەکەی بەرهەمی کارکردن کە لەو کاتەوە شێوەی کاڵا وەردەگرێ، لە کوێوەوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئاشکرایە، هەر لە خودی ئەم فۆرمەوە.

مۆرکی یەکسانی کاری مرۆیی، شێوەی بەهای بەرهەمەکانی کارکردن وەردەگرێ و پێوانی کاری تاکەکان بە ماوەکەی دەکرێ، بەم جۆرە، شێوەی پێوانی بەهای بەرهەمەکانی کار وەردەگرێ. لە دواییدا، پەیوەندی بەرهەمهێنەران کە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی کارەکانیان دووپاتدەکەنەوە، شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمەکانی کار وەردەگرێ.

بەم شێوەیە، ڕۆشنایی شتێک بەسەر ماسوولکەی بینایی کاردەکات، بەڵام نەک وەک هاندەرێکی خودی ماسوولکەی بینین، بەڵکو وەک فۆرمی ماددی شتێک لە دەرەوەی چاو خۆی پیشاندەدا. بەڵام لە بینیندا، بەڕاستی ڕۆشنایی شتێکی دەرەکیی بەسەر شتێکی تردا کە چاوە، بەرپەرچ دەداتەوە. ئەوە پەیوەندی فیزیکییە لە نێوان شتگەلێکی فیزیکی، بەڵام شێوەو پەیوەندی بەها لەنێوان بەرهەمەکانی کار هیچ پەیوەیوەندیەکیان بە سرووشتە فیزیکەکانیانەوە نییە و تەنها پەیوەندییەکی دیاریکراوی خودی مرۆڤەکانە، کە لەبەرچاویاندا، شێوەی خەیاڵی لە پەیوەندی شتەکان وەردەگرن. بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەم دیارەیە بدۆزینەوە، دەبێ بۆ شوێنە تەماوییەکانی جیهانی ئاینی هەڵبێین.

لێرەدا، بەرهەمەکانی مێشکی مرۆڤ، وێنەی بوونەوەری سەربەخۆ کە جەستەی تایبەتییان هەیە و پەیوەندیان بە مرۆڤ و لە نێوان مرۆڤدا هەیە. ئەمە لە بەرهەمەکانی دەستی مرۆڤ لە جیهانی کاڵادا، ڕوودەدەن. من ئەمە ناوی لێدەنێم پەرەستن کە بە بەرهەمی کارکردنەوە لکاوە، لەو کاتەوە خۆی وەک کاڵا بەرهەم دەهێنرێت و لەبەر ئەم هۆیەیە کە لە بەرهەمهێنانی کاڵاکاندا جیاناکرێتەوە.

ئەو کارەکتەری پەرستایی جیهانی کاڵا وەک لە لێتۆژینەوەکەمان نیشانماندا، لە کارەکتەری موڵکایەتی کۆمەڵایەتی کارەوە سەرچاوەی گرتووە کە کاڵا بە بەرهەمدەهێنێ.

بە گشتی، شتە سووبەخشەکان دەبن بە کاڵا تەنها لەبەر ئەوەی بەرهەمی تایبەتی جێبەجێکراوی لەیەکتر سەربەخۆن. کۆی ئەم کارە تایبەتانە، کاری کۆمەڵایەتی پێ ً َ کدەهێنێ. کاتێ بەرهەمهێنەرەکان، تەنها بە ڕێگای گۆڕینەوەی کاڵاکانیانەوە نەبێ، ناچنە ناو پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا تەنها لە سنووری ئەم گۆڕینەوەیە دووپاتی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتییەکانی کارە تایبەتەکانیان دەکەنەوە. لە ڕاستیدا، کارە تایبەتەکان وەک دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی دەرناکەون، تەنها بەڕێگای ئەو پەیوەندییانەوە نەبێ کە گۆڕینەوە لە نێو بەرهەمەکان و بە وێنەیەکی ناڕاستەوخۆ لەنێو بەرهەمهێنەرەکان درووستی دەکەن. سەرئەنجامی ئەوەش، ئێمە دەتوانین بەنیسیەت ئەوانەوە بەو ئەجامگیرییە بگەین کە پەیوەندی کارە تایبەتییەکانیان وەکو

خۆیان دەمێننەوە، واتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆی کەسەکان بە خودی کارەکانیانەوە و بە دەربڕینێکی درووستتر، پەویوەندی کۆمەڵاتی لە نێو شتەکان.

بەرهەمەکانی کارکردن یەکەمجار وەک بەها لەناو ئاڵوگۆڕدا، بوونێکی کۆمەڵایەتی هاوڕەنگ و شێوەی تاکانە وەردەگرن و جیاوازن لە بوونە ماددییە فرەشێوەکەیان. دابەشکردنی بەرهەمی کار بۆ شتی سوودمەند و شتی بە بەها تەنها لە پراکتیکیدا چالاک دەبێ، لەو کاتەوە کە گۆڕینەوە، برێکی پرپێست لە بەرفراوانی و بایەخ وەردەگرێ تا شتە سوودبەخشەکان بۆ گۆڕینەوە بەرهەمدەهێندرێن و تایبەتمەندی بەهای شتەکان هەر لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا، ڕەچاوبکرێ. لەم چرکەیەوە، کارە تایبەتییەکانی بەرهەمهێنان بەڕاستی مۆرکی کۆمەڵایەتی دوولایەنانە وەردەگرن. لەلایەک، دەبێ کاری سوودمەند بن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و بەمە، وەک بەشێکی تەواکەر بۆ کاری گشتی خۆی دووپات دەکاتەوە، بۆ سیستێمێکی کۆمەڵایەتی کار کە لە خۆوە پێکدێت؛ لەلایەکی ترەوە، تەنها پێداویستییە جۆربەجۆرەکانی خودی بەرهەمهێنەرەکانی پڕدەکاتەوەو هەر کارێکی سوودبەخشی تایبەت لەگەڵ هەر شێوە کارێکی سوودبەخشی تر، ئاڵوگۆڕ دەکرێن، واتە هاوکێشییان. یەکسانی لەنێوان کارە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر تەنها لە تەجریدکرنیان لە نایەکسانی ڕاستەقینەیاندا دەبێ و تەنها بە گەڕاندنەوەی هەموویان بۆ تایبەتمەندییە هاوبەشەکەیان، واتە، خەرجکردنی هێزی مرۆییە، خاوەن هێزی مرۆیی ئەبستراکتە(مجرەد)ە.

مۆرکە کۆمەڵایەتییە دوولایەنەکانی کارە تایبەتییەکان تەنها ئەو کاتە لە مێشکی بەرهەمهێنەران بەرپەرچ دەدەنەوە، کاتێ لە بزاوتی پراکتیکی ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان، دەردەکەون- کارەکتەری سوودبەخشی کۆمەڵایەتی کارە تایبەتییەکان، هەرکە لەو فۆرمە کە بەرهەمی کار بۆ کەسانیتر سوودبەخش دەبێ- کارەکتەری کۆمەڵایەتی یەکسانی کارە جۆربەجۆرەکانە لە فۆرمی کارەکتەری بەهای هاوبەشی ماددەی شتە جیاوازەکان، واتە لە بەرهەمی کاردا. کاتێ بەرهەمهێنەران، بەرهەمەکانیان وەک بەها ڕووبەڕووی یەکتر دادەنرێن، بەو هۆیەوە نییە کە لەناویاندا تەنها بەرگێک دەبینن و کاری مرۆیی هاوچەشنی شاردراوتەوە، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە. لەوەی کە بەرهەمە جیاوازەکانیان لە ئاڵوگۆڕدا وەک هاوکێش دادەنێن، کارە جۆراوجۆرەکانیشیان وەک کاری مرۆیی بە یەکسانی دادەنێن. ئەوانە بەوە نازانن، بەڵام وا دەکەن . لەبەر ئەو هۆیەیە، بەها ناوی خۆی لە نێوچەوانیدا نەنووسیوە، بە پێچەوانەوە، بەها زیاتر هەر بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی کارکردن دەگۆڕێ بۆ هیرۆگلۆفییەکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ لە پاشاندا هەوڵدەدا، واتای ئەو هیرۆگلۆفییە تێبگات، ئەو کاتە هەوڵدەدات ڕووچێتە ناو نهێنییەکانی کاری کۆمەڵایەتی کە بەخۆی تێدا بەشداری دەکا، چونکە گۆڕینی شتە سوودمەندەکان بۆ بەها، وەک زمان، بەرهەمی کۆمەڵگایە.

ئەو دۆزینەوە زانستییە وا لە پاشاندا وەپێش هات کە بەرهەمی کار، بەو مانایە کە بەهایە، دەربڕینی پەتی و سادەیە لەبارەی ئەو کارە مرۆییە کە لە بەرهەمهێنانیدا بەکار هاتووە، ئاماژە بە سەردەمێکی باڵا لە گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتی دەکات، بەڵام ئەو وەهمانە کە مۆرکی کۆمەڵایەتی کار وا پیشان دەدەن وەک بڵێی مۆرکی شتەکان و خودی بەرهەمەکانە، لەبەین نابەن. ئەوەی تەنها لەبارەی فۆرمی بەرهەمی تایبەتەوە، واتە، بەرهەمهێنانی کاڵا کە مۆرکی کۆمەڵایەتی کاری تایبەتییە سەربەخۆکانن، لە یەکسانیاندا وەک کاری مرۆیی پێکهاتوون و بەشێوەی مۆرکی بەهای بەرهەمی کار دەردەکەوێت. ئەم ڕاستییە وەک لە پێش و لە پاش هەر دۆزینەوەیەک کە لە پەیوەندی بەرهەمهێنانی کاڵادا لە جێگیربوون و هەمان تایبەتمەندی سرووشتیی شێوەی گازی هەوا هەیەتی کە لەپاش دۆزینەوەی شێوەی توخمە فیزیکییەکانی، هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

ئەوەی لەسەرەتادا بەلای ئاڵوگۆری بەرهەمەکانەوە بەشێوەیەکی پراکتیکی بایەخی هەیە، ئەو پرسیارەیە: چەندە بەرهەمی تریان دەست دەکەوێ لەبەرامبەر بەرهەمەکەی خۆیان، واتە، بەرهەمەکان بە چ ڕێژەیەک خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن؟ هەر لەو کاتەوە کە ئەم ڕێژەیە، جێگیرییەکی ئاسایی و دیاریکراو وەردەگرێ، وا دێتە پێشی چاویان، وەک بڵێی لە سرووشتی خودی بەرهەمەکانی کارەوە سەریهەڵداوە، بەشێوەیەک کە(بۆ نموونە)تۆنێک ئاسن و٢مسقاڵ ئاڵتون هەمان بەهایان هەیە، وەک١فوند ئاسن و یەک فوند ئاڵتون سەرەڕای پێکهاتە فیزیکی و کیمیاییە جیاوازەکانیان، هەمان قوورساییان هەیە. لە ڕاستیدا، مۆرکی کاڵای بەرهەمەکانی کار یەکەمجار بەڕێگای چالاکیەکانیانەوە وەک چەندایەتی بەها، جێگیر دەبێ.

ئەوەی دواییان بە بەردەوام و سەربەخۆ لە ویست و پێشبینیەکانی ئاڵوگۆڕەکانی، دەگۆڕێ و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەیان، شێوەی بزووتنەوەی شتەکان وەردەگرن؛ بزووتنەوەیەکە، کۆنتڕۆڵیان دەکا، لەبری ئەوەی خۆیان کۆنتڕۆڵی بکەن. دەبێ بەرهەمی کاڵا بە تەواوەتی گەشەبکات، پێش ئەوەی لە خودی ئەزموونەکەیەوە ئەم تێڕوانینە زانسییە دەربکەوێ، کە کارە تایبەتییە لە یەکتر سەربەخۆ و جێبەجێکراوەکان، گەرچی لێکتر تێکئاڵاون بەوەی کە پەلێکن لە سیستێمی کۆمەڵایەتی دابەشکردنی کار، بەبەردەوام بۆ پێوەرە ڕێژەییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەگەڕێنەوە، چونکە لە پەیوەندی ئالوگۆڕیاندا، یان ئاڵوگۆڕی لابەلا و هەمیشە بگۆڕدا کە کاتی کاری کۆمەڵایەتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانیان، وەک یاسایەکی سرووشتی ڕێکخەر، بە زەبر پەیڕەو دەکرێ، هەروەک یاسای قورسایی، هەموو کەسێک هەستی پێدەکات، کاتێ ماڵەکەی بە سەر سەریدا دەڕوخێ.

دیاریکردنی چەندایەتی بەها بە ماوەی کار، نهێنییەکە لە ژێر دەرکەوتەی بزووتنەوەکانی بەهای ڕێژەیی کاڵاکان شاراوەتەوە، بەڵام دۆزینەوەی، سەرەڕای ئەوەی پیشانماندەدا کە چەندایەتی

بەهای بەرهەمی کار بە ڕێکەوت دیاری ناکرێ، کەچی بە هیچ شێوەیەک فۆرمە بابەتییەکەی دەرناخات.

بیرکردنەوە لەبارەی شێوەکانی ژیانی مرۆیی و لە پاشاندا شیکردنەوەی زانستیانەی، بەتەواوەتی ڕێگایەکی دژ بۆ بزووتنەوەی واقیع دەگرێتەبەر. ئەو شێوەیە، پاش بەسەرچوونی زەمەنێک دەستدەکات بە ئەنجامگری تەواوی پرۆسەی گەشەسەندن. ئەو شێوانە کە شکڵی کاڵا بە بەرهەمەکانی کار دەدەن و ئاراستەی سووڕاندنی کاڵادەکەن و لە هەمان کاتدا، خاوەن جێگیری شێوەی سرووشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە، پێش ئەوەی خەڵک هەوڵ بدەن نەک تەنها لەبارەی مۆرکی مێژوویی ئەو شێوانە ئاگادار بن کە بە جێگیر و نەگۆڕ دێتە پێشچاویان، بەڵکو، لەبارەی مانا ناوەکییەکەیشی. تەنها بەم شێوەیە، شیکردنەوەی نرخی کاڵا، ئێمەی بەرەو دیاریکردنی مۆرکی بەهاکەی ناوەوەی دەبا. بەڵام ئەم شێوە پەیداکراوە و جێگیرەی جیهانی کاڵا، واتە شێوە دراوییەکەی، لەبری ئەوەی تایبەتمەندیيە کۆمەڵایەتییەکانی کارە تایبەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو بەرهەمهێنەران بدۆزێتەوە، هەڵدەستێ بە شاردنەوەیان. کاتێ دەڵێم، گەنم، کراس یان پێڵاو بۆ پارچە کەتانەکە دەگەڕێنەوە، بەو مانایە کە کەتانەکە، بەرجەستەکردنی گشتی کاری مرۆیی پەتییە، ئەوا هەڵە و سەیری ئەم دەربڕینە یەکسەر بەرچاودەکەوێ، بەڵام کاتێ بەرهەمهێنەرانی ئەو کاڵایانە، بەرهەمەکانیان بۆ پارچە کەتانەکە یان ئاڵتون یان زیوو دەگەڕێننەوە، مانای هەمان شتە، چونکە هاوکێشی گشتییە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان کارە تایبەتییەکانیان و کۆی کارە کۆمەڵایەتییەکان بە وردی لەو شێوە سەرسوورهێنەرە دێتە بەرچاویان.

ئەو جۆرە شێوانە، گوتەگەلی ئابووری بۆرژوازیین و ڕەواجی کۆمەڵایەتیان هەیە، کەواتە، شێوەی بیری بابەتییانەن بۆ پەیوەندی بەرهەمهێنانی ئەم سەردەمە مێژووییە دیاریکراوە کە شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کاڵایە. هەموو نادیارییەکان و جادوو و جنۆکەکانی جیهانی کاڵا، کە بەرهەمەکانی کار لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی کاڵا، تەماوی دەکەن، یەکسەر وون دەبن، کاتێ پەنا بۆ فۆرمی بەرهەمهێنانی تر دەبەین.

لەبەر ئەوەی ئابووری سیاسی حەز لە(ڕۆبنسۆن کرۆزۆ) دەکەن، ئەوا ئێمە دەڕۆین بۆ سەردانی ڕۆبنسۆن لە دوورگەکەی. سەرەڕای ئەوەی کەسێکی قانعە، بەڵام چەندین پێداویستی هەیە و دەبێ پڕیان بکاتەوە، بۆیە دەبێ کاری سوودبەخشی جۆراوجۆر ئەنجام بدا، ئامرازەکان کارو مۆبێل دروووست بکات، مەڕ بەخێوبکات و ماسیگری و ڕاو بکات...هتد. لەبارەی سەڵەوات و تڕوهاتە هاوچەشنەکان هیچ ناڵێن، چونکە ڕۆبنسون لەزەتی لێ دەبا و ئەو جۆرە چالاکییە وەک جۆرە پشوودانێک تێدەڕوانێ. سەرەڕای کارە بەرهەمهێنەرە جۆربەجۆرەکانی، باش دەزانێ کە ئەوانە چالاکی جۆراوجۆری خودی ڕۆبنسون خۆیەتی، واتە ئامرازی جۆراوجۆری

کاری مرۆیین. خودی پێداویستی ڕۆبنسون ناچاری دەکا، کاتەکەی لە نێو کارە جۆربەجۆرەکانی دابەش بکات و ئەگەر هەندێ کار شوێنێکی زیاتر یان کەمتر لە چالاکییە گشتییەکەی بگرێ، ئەوا، پەیوەندی بەو پلە دژوارەیەوە هەیە کە ڕووبەڕووی دەبێ بۆ دەستخستنی سەرئەنجامێکی سوودبەخش. ئەزموونەکان ئەوەیان فێرکردووە، و(ڕۆینسۆن)ەکەمان کە سەعات، دەفتەری ژمێریاری، پەڕ، مەرەکەبەکەی لە ڕووداوی نوقمبوونی پاپۆڕەکەدا ڕزگارکرد، وەک ئەنگلیزێکی باش دەست بە نووسینی کتێبێک دەکا لەبارەی خۆی و بە وردی باسی شتە سوودبەخشەکانی دەکا و ئەو شێوازە جۆربەجۆرانە کە بۆ بەرهەمهێنانیان پێویست بووەو لە دواییشدا، ئەو کاتە پێویستە کە بۆ چەندایەتییەکی دیاریکراو بۆ بەرهەمە جۆربەجۆرەکان لە ڕێژەیەکی مامناوەند، تێیاندا خەرجکراوە. هەموو پەیوەندییەکانی ڕۆبنسۆن لەگەڵ ئەو شتانە کە بەخۆی درووستی کردوون و سەروەتەکەی پێکدەهێنن، بەخۆیان، تا ئەو ڕادەیە ساکار و ڕوونن کە بەڕێز(M. Wirth)، بە بێ ئەوەی پێویستی بە ماندووبوونێکی هزری تایبەت هەبێ، دەتوانێ لێیان تێبگات. سەرەڕای ئەوانەش، هەموو دەستنیشانکردنە کاکڵەییەکانی بەهایان لەناویاندا هەیە.

دەبا ئێستا لە دووگە پڕ ڕۆشناییەکەی (ڕۆینسون)ەوە بۆ تاریکستانی چەرخی ناوڕاستی ئۆروپا بڕۆین

لەبری مرۆڤی سەربەخۆ، مرۆڤی ملکەچ دەبینین-کۆیلە و خاوەن زەمین، دەرەبەگ و میرە دەرەبەگەکان و عەوام و پیاوانی کڵێسا. پاشکۆیاتی کەسەکان، لەیەک کاتدا، تایبەتمەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنانی ماددی و هەموو بوارەکانی تری ژیان نیشاندەدا.

لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکانی پاشکۆیاتی کەسەکان، بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە پێکدەهێنن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا لە سەر پاشکۆیاتی تاکە کەسی دامەزراوە، هەموو پەیوەندییەکانی ناویشی وەک پەیوەندی لە نێو کەسەکان دەردەکەوێ، کار و بەرهەمەکانیشی پێویستیان نییە بەوەی، ڕاستییەکانی، شێوەی فەنتازیای جۆراوجۆر وەربگرێت. هەردووکیان وەک کار باجوەرگرتن دەردەکەون و(باج)یش وەک مەتریاڵ دەدرێ. شێوەی سرووشتی کار و تایبەتمەندیە گشتییەکەی، نەک وەک لە سەر بنچینەی بەرهەمهێنانی کاڵاییدا، بەهەمان شێوە، شێوەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتییەکەیە. کاری بێگاری(سخرە)یش، هەر وەکو بەرهەمهێنانی کاڵا، بە ماوەی کات، دەپێورێت، بەڵام هەر بێگارێک زۆر بە باشی دەزانێ کە چەندایەتییەکی دیاریکراو لە هێزی کارس شەخسی خۆی لە خزمەتی سەردارەکەی بەکاردەهێنێ. ئەو ١٠%ی کە دەبوایە بە قەشەکە بیدا، ڕوونتر بوو لەلای لە بەرەکەتی قەشەکە. مرۆڤ بە هەر ڕێگایەکەوە بڕیار لەسەر ئەو دەمامکانە بدا کە خەڵک لە ناو کۆمەڵدا ڕووخساریان پێ شاردۆتەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکگان لەنێو خەڵک لە کارە تایبەتییەکەیان بە ڕوونی دووپاتدەبێتەوە،

بەوەی پەیوەندی کەسایەتی تایبەتیانە، بەبێ ئەوەی خۆیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێو بەرهەمەکانیاندا بشارنەوە.

بۆ ئەوەی کاری هابەش دیاری بکەین، مەبەست کاری هەرەوەزی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆیە، پێویست ناکا بۆ شێوە سرووشتییە سەرەتاییەکەی بگەڕێینەوە کە لە سەرهەڵدانی مێژووی هەموو گەلە شارستانییەکاندا بۆمان دەردەکەوێ. نموونەی نزیکیمان هەبە لە پیشەسازی لادێی و باوکسالاری ئەو خێزانە جووتیارییانە کە بۆ پێویستییە تایبەتییەکانی خۆیان، مەڕومالات، گەنم، کەتان و کراس...هتد بە بەرهەم دەهێنا. ئەو شتانە خۆیان وەک بەرهەمی جۆراوجۆر بە خێزانەکە پیشاندەدا، وەک کاری خۆیان، نەک وەک کاڵاگەلێک بۆ گۆڕینەوەی هەندێکیان لەگەڵ کاڵای تر. هەموو ئەو کارە جۆربەجۆرانەی وا ئەم بەرهەمانە سەرچاوەیان لێ وەردەگرت، هەر لە کشتوکاڵی، بەخێوکردنی مەڕومالات، کەتان، پیشەسازی پوشاک و...هتد، یەکەمجار شێوەی کاری کۆمەڵایەتیان هەیە، چونکە کاری خێزانێکە و دابەشکردنی کارەکانیان ڕێک وەک دابەشکردنی کاری بەرهەمهێنانی پیشەسازییە و مەرجە سرووشتییە گۆڕاوەکانی بە گوێرەی وەرزەکان دەگۆڕێ، هەروا بە گوێرەی تەمەن و ڕەگەز، لەناو خێزانەکەدا دابەشکردنی کار و ماوەکەی بە نیسبەت هەر تاکێکیان ڕێکدەخرێت. پێوانی خەرجکردنی هێزی تاکەکان بە ماوەی کارەکەیان، ڕاستەوخۆ مۆرکی کۆمەڵایەتی هەمان کاریان بۆ دەردەخات، چونکە هێزی کاری تاکەکان، تەنها وەک ئەندامی هێزێکی هاوبەشی ناو خێزانەکە کار دەکەن.

لە دواییدا، با کۆمەڵەی خەڵکێکی ئازاد بهێنینە پێشچاومان کە بە ئامرازی بەرهەمهێنانی هاوبەش کاردەکەن و تاکەکانی بە هووشیارییەوە هێزی کاریان وەک هێزی کاری کۆمەڵایەتی کاردەکەن. ئەوەی لە بارەی(ڕۆبنسون)ەوە گوتمان، لێرەدا نۆژەن دەبێتەوە، تەنها بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی، نەک شەخسی. هەموو بەرهەمەکانی ڕۆبنسۆن، بەرهەمی تاکێک بوون و شتگەلێک بوون بۆ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ بۆ خۆی. سەرجەمی گشتی بەرهەمی کۆمەڵەکە، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکی سەرلەنوێ وەک ئامرازێکی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنرێت و بە کۆمەڵایەتی دەمێنێتەوە. بەڵام بەشەکەی تر وەک خۆراک لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەکەوە، بەکاردەبرێت. دەبێ لە سەر هەمووواندا دابەش بکرێت. شێوازی دابەشکردن لەگەڵ جۆری تایبەتی ئۆرگانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، دەگۆڕی و پلەی گەشەسەندنی مێژوویی بەرهەمێنەران. ئەگەر تەنها پێشوەخت شتەکان بە تەریبی لە شان بەرهەمهێنانی کاڵاکان دابنێین، دەبینین بەشی خۆراکی هەر بەرهەمهێنەرێک ئەوەندەی ڕێژەی کاتی کاردنەکەیە. کەواتە ماوەی کاردکردن، ڕۆڵی دووسەرەی هەیە، لەلایەکەوە، دابەشکردنی کاتی کارکردن لە نێو کۆمەڵگە، پەیوەندی نێوان ئەرک و پێداویستییە جۆربەجۆرەکان ڕێکدەخا و، لەلایەکی ترەوە، بەشی هەر تاکێکی بەرهەمهێنەر لە کارە هاوبەشەکە، دەپێوێ و لەهەمان کاتدا، ڕێژەی ئەو بەشە کە بۆ خودی بەرهەمهێنەرکە دەگەڕێتەوە لە بەشی بەرهەمی تەرخانکراو بۆ بەکاربردن، دەپێوێ.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لەگەل کار و بەرهەمی کارەکانیان لە بەرهەممهێنان و دابەشکردندا، بە سادەیی و شەفافییەت دەمێننەوە.

لە کۆمەڵگەی کالا بەرهەممهێناندا کە پەیوەندی گشتی بەرهەممهێنانی کۆمەڵایەتی لەوە پێکبێت، خۆیان وەک کالا، واتە وەک بەها هەڵسووکەوت بکەن و لەناو ئەم فۆرمە مادییانەی کارە تایبەتییەکانیان وەک کارگەلێکی مرۆیی یەکسان لەگەل یەکتر بەرخورد بکەن، ئەوە مەسیحییەتە لەگەل کلتوری مرۆڤی موجەرەد لە گەشەسەندنە بۆرژواییەکەی کە پرۆتستانتییەت وئیلاهییەت...هتد، گونجاوترین فۆرمی ئاینیانە.

شێوازی بەرهەممهێنان لە سەردەمی ئەنتیکی ئاسیای کۆنەوە..هتد، گۆڕینی بەرهەم بە کالا، و بوونی مرۆڤ وەک بەرهەممهێنەری کالا، ڕۆڵێکی لاوەکی بینیوە و، هەرچەند ئەو ڕۆڵە بایەخدارتر بووە، کۆمەڵگەکان ئەوەندە لە قۆناغی هەڵوەشاندنەوە نزیکبوونەتەوە. لە ڕاستیدا، تەنها لە هەندێ قۆناغی جیهانی کۆندا نەبێ، وەک خواوەندەکانی ئەبیقور، یان وەک جووەکان لە(پورێن)ی کۆمەڵگەی پۆلۆنی، هیچ گەلی بازرگانی، بەمانای ووشەکە، بوونی نەبووە. ئۆرگانەکانی بەرهەممهێنانی کۆمەڵگا ئەنتیکەکان، زۆر لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی ساکارتر و شەفافتر بوون؛ هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یان مرۆڤە تاکەکان پێنەگەیشتبوون کە هێشتا خۆیان لە ناوکی سرووشتی ڕەگەزەکەیان لەگەل یەکتر نەپچڕاندبوو، یان ڕاستەوخۆ لەبەر دەسەڵات و پەیوەندی کویلایەتی. مەرجی پلە نزمی گەشەسەندنی هێزی بەرهەممهێنانی کاری ئەو کۆمەڵگایانە، گونجاوبووە لەگەل پەیوەندی سەرسوڕهێنەرانەی مرۆڤەکان لەناو پرۆسەی بیروباوەڕی ژیانە ماددییەکەیانداو لە نێو خۆیان و سرووشتدا. ڕاستی ئەم سەرسووڕهێنانە، خۆییە لە بیروباوەڕدا بە شێوەی ئاین لەنێو گەلە سەرەتاییەکان بەرپەرچیانداوەتەوە.

بەرپەرچدانەوەی ئاینی بۆ جیهانی ڕاستەقینە، تەنها ئەو کاتە دەکرێ نەمێنێ، وەختێ پەیوەندی کار و ژیانی پراکتیکی ڕۆژانەی ئینسانەکان، لەگەل یەکترو سرووشتدا، دەکرێ بە پەیوەندییەکەی عەقلانی و شەفاف. شێوەی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی، واتە پرۆسەی بەرهەممهێنانی ماددی، ئەو ڕۆژە لە تەمی ئەو نهێنیانەی بەرچاوی گرتووە، ڕزگاری دەبێ، وەختێ دەبێ بە بەرهەمی مرۆڤی ئازاد و هاوبەش کە هووشیارانە بە گوێرەی کۆنترۆڵی بە پلانەوە کاردەکەن و دەبن بە سالاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکەیان. بەڵام ئەمە، پێویستی بە بنەمایەکی ماددی هەیە یان زنجیرەیەک لە مەرجی مادییانەی ژیان کە بەخۆیان بەرهەمی گەشەسەندنێکی دووردرێژ و پڕ ئازاری مێژووییین.

ڕاستە ئابووری سیاسی بەناتەواوی هەستاوە بە شیکردنەوەی بەها و چەندایەتییەکەی و ناوەڕۆکی فۆرمە شاراوەکەی دەدۆزیتەوە، بەڵام هەرگیز ئەو پرسیارەی نەوروژاندەوە کە بۆچی ئەو ناوەڕۆکە هەر فۆرمێک وەردەگرێت؟ واتە بۆچی کار خۆی لە بەهادا دەنوێنێ و

پێوانی  بە ڕێگای ماوەکەی لە چەندایەتی بەرهەمی کاردا دەردەبڕێت؟ ئەو شێوازانە کە لە نێو چەوانیاندا نووسراوە، سەر بە قۆناغێکی دیاریکراون و لەناویاندایپرۆسەی بەرهەمهێنان مرۆڤ ئاراستە دەکات، و مرۆڤ هێشتا پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاراستە نەکردووە، بۆ هووشیاری بۆرژوازی دەگونجێ و وەک پێویستییەکی سرووشتی دەزانێ، ڕێک وەک خودی کاری بەرهەمهێنەر. لێرەوە، بەشێوەیەک تەماشای فۆرمەکانی بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکانی پێش شێوەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی دەکەن، وەک تێڕوانینی باوکانی کڵیسایە بۆ  ئاینەکانی پێش مەسیحییەت.

وەک بینیمان، بەشێک لە زانایانی ئابووری تووشی وەهم بوون بەهۆی پەرستنی لکاو بە جیهانی کاڵا یان بە هۆی ڕووە ماددیە تایبەتییەکانی کاری کۆمەڵایەتی کە بەڵگەیەکن لەسەر مشتومڕە وەڕسکەرەکەیان لەبارەی ڕۆڵی سرووشت لە پێکهێنانی بەهای ئالوگۆڕەوە. بەهای ئالوگۆڕی شێوازی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، ئەو کارە بەکارهێنراوەیە کە لە بەرهەمهێنانی شتێکدا دەردەبڕێ و ناتوانێ هەڵگری ماددەی سرووشتی بێ، بێجگە لە وەرچەرخانی ئاڵوگۆڕ نەبێ.

لە کۆمەڵگەکەماندا دەبینین کە شێوەی کاڵا گشتیترین و پێنەگەیشتووترین فۆرمی بەرهەمهێنانی بۆرژوازیە و شێوەیەکی باوە لەلای هەموو کەسێک، تەنانەت هیچ کەسێک نهێنی پەرستنەکەی ناوی نابینێ.

وەهمی سیستێمی بازرگانی لە چی سەرچاوەی وەرگرتووە؟ هەڵبەت لە مۆرکی پەرەستن کە شێوەی دراو بە کانزا گران بەهاکان دەیدا.. ئایا ئابووری مۆدێرن کە بەفیزەوە گاڵتەجاڕی بە پەرستنی ئەوانەی هەڵگری بیروڕای بازرگانین، دەکات، بەخۆی لە فرێودانی ڕەواڵەتیانە، قوتاری بووە؟ ئەوە لە کەیەوە ئەو وەهمی فیزیوکراتە نەماوە کە دەڵێن، داهاتی زەمین، لە زەمینەوە گەشەدەکات نەک لە کۆمەڵگاوە؟

با نەکەوینە پێش مەسەلەکان و با لەم بارەی خودی بابەتی شێوەی کاڵا، نموونەیەکی تر بهێنینەوە. ئەگەر کاڵا بیانتوانیبا بدوێن، ئەوا دەیانگوت، ڕەنگە بەهای بەکارهێنانمان بۆ مرۆڤ بایەخیان هەبێ،بەڵام ئێمە وەک شتگەل، زۆر پێکەنیمان پێ ٍ َ یان دێت. ئەوەی بەلامانەوە گرنک بێ، بایەخەکەمانە و پەیوەندییەکانی نێوانمان وەک شتگەلی کاڵایی، ڕاستی بۆچوونەکەمان دەسەلمێنێ. ئێمە تەنها وەک بەهای گۆڕینەوە ڕووبەڕووی یەکتر دەبینەوە. مرۆڤ گوێی لێیە چۆن ئابووریناسەکان ووشەکانیان لە ڕووحی کاڵاکانەوە وەردەگرن و دەڵێن: )("بەها"(بەهای گۆڕینەوە)، تایبەتمەندی شتەکانە، موڵکایەتی(بەهای بەکارهێنان)ی مرۆڤە. بەم مانایە، بەها، پێداویستی ئاڵوگۆڕینەوەیە، بەڵام سەروەت، نەخێر). (سەروەت_بەهای بەکارهێنان-"سیفەتی مرۆڤە. بەها سیفەتێکی کاڵایە. مرۆڤێک یان کۆمەڵێک دەوڵەمەندن؛ مرواری یان گەوهەر بەهادارن...مرواری  یان گەوهەر وەک مرواری و گەوهەر بەهایان هەیە.))

تا ئێستا هیچ کیمیاناسێک بەهای گۆڕینەوە لەناو مرواری یان ئەڵماس نەدۆزیوەتەوە، بەڵام دۆزەرە ئابوریناسەکانی ئەم ماددە کیمیاوییە کە ئیدیعای ڕەخنەگری قووڵ دەکەن، دەبینن بەهای بەکارهێنانی شتەکان، بەجیا لە تایبەتمەندییە ماددییەکانیان، موڵکی خودی شتەکانە. ئەوەی بۆچوونەکەیان دەسەلمێنێ، ئەو بارودۆخە سەیرەیە کە بەهای بەکارهێنانی شتەکان، بەبێ گۆڕینەوە، خۆیان بۆ مرۆڤ واقعی دەکەن، کەواتە، لە پەیوەندییەکەی ڕاستەوخۆ لەنێوان شتەکان و مرۆڤدا، کەچی بەهاکەیان بە پێچەوانەوەیە، تەنها بە گۆینەوەیان، جێبەجێ دەبن، واتە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا. کێ لە ئێمە دۆگبەری پیاوچاک لەبیر نایەتەوە کە وانەیەک بە لیسکولی پاسەوان دەڵێ: (پیاوێکی جوان بی، بەهرەی بارودۆخە، بەڵام فێربوونی خوێندن و نووسین، لە سرووشتەوە سەرچاوە دەگرێ.)

# بەشی دووهەم

# پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنەوە

کاڵا نە خۆی دەتوانێ بۆ ناو بازاڕ بڕوات و نە دەتوانن خۆیان بگۆڕنەوە. کەواتە، دەبێ ئێمە بۆ پاسەوانەکانیان بگەڕێین، مەبەست خاوەنەکانیانە. کاڵاکان شتن، بۆیە ناتوانن لە دژی مرۆڤ، بەرگری لە خۆیان بکەن و، ئەگەر هەندێکیان هێزیان پیشاندا، ئەوا مرۆڤ دەتوانێ هێزیان بۆ بەکاربهێنێ، بە ووشەیەکیتر، دەتوانن دەستیان بەسەردا راگرن . بۆ ئەوەی ئەو شتانە لە پەیوەندی لە گەل یەکتر دابنرێن، بەوەی کاڵان، ئەوا پاسەوانەکانیان دەبێ بەخۆیان پیوەندی لەگەل یەکتر درووست بکەن، بەو مانایە کە کەسایەتین و ئیرادەکەیان لە ناو ئەو شتانەدا بە شێوەیەک جێگیر بووە کە ئیرادەی ئەمیان بەهەمان شێوە، ئیرادەی ئەوی تریانە؛ بە گوێرەی پەیماننامەیەکی دڵخواز و هاوبەش، هەر یەکێکیان دەبێ بەخاوەن موڵکی کاڵایەکی نەناس و لە کاڵاکەی خۆی دەگەڕێ. هەردوولایان، وەک خاوەن موڵکی تایبەت، دەبێ دان بە بەرامبەرەکەیدا بنێ. ئەم پەیوەندییە یاساییە، وەک پەیمانێک دادەڕێژن، بەشێوەی یاسایی گەشەی کردبێ یا نا، لە پەیوەندی ئیرادەکان نەبێ، چشتێکیتر نییەو تێیدا پەیوەندی ئابووری بەرپەرچدەداتەوە. ناواخنەکەی خودی پەیوەندییە ئابوورییەکە دیاریدەکات. لێرەدا کەسەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە، تەنها بەوە نەبێ کە خۆیان چشتی دیاریکراو لە پەیوەند بە یەکتریەوە، دادەنێن،

بەوەی کاڵان. کەسەکان لە ئاستی یەکتری، بوونیان نییە، تەنها وەک نوێنەری ئەو کاڵایانە نەبێ کە موڵکیانە. لەلایەکیترەوە دەبینین لە پرۆسەی گەشەسەندن کە کارەکتەری هەموو ئەو کەسانەیە کە دەمامکە ئیکۆنۆمەکان لەبەر دەکەن، تەنها بەکەسایەتیکردنی ئەو پەیوەندییە ئابوورییانە، هەڵگرەکانی ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

ئەوەی خاوەن کاڵایەک بەناو لە کاڵاکەی جیادەکاتەوە، ئەو بارودۆخەیە کە هەر کاڵایەکیتر بەنیسبەت کاڵاکەی خۆی هەیەتی، تەنها شێوەیەکە لە دەرکەوتنی بەها تایبەتەکەی کە لەگەل لەدایکبوونیەوە، بەدکارو خەندەوەرە، هەموو کاتێک ئامادەیە ڕووح و گیانی خۆی لەگەل کاڵایەکیتر بگۆڕێتەوە، تەنانەت گەر وەک((ماریتۆرنە))یش جوان نەبێ. بێ هەستی جەستەی کاڵا، لەلایەن خاوەنەکەیەوە لە ڕێگای هەر پێنج هەستەکەیەوە و زیاتریش، تەواو دەکرێ. کاڵا بە نیسبەت ئەوەوە، هیچ بەهایەکی سوودبەخشی ڕاستەوخۆی نییە و ئەگەر مەسەلەکە بەشێوەیەکی تر بوایە، ئەوا بۆ بازێڕی نەدەبرد. ئەو تەنها بەها سوودمەندەکەی ناوی دەبینێ کە هەڵگری بەهایە و بۆ کەسانی تر سوودبەخشە و لە دواییدا ئامرازی گۆڕینەوەیە.

کەواتە دەبێ لە بەرامبەر کاڵایەکیتر، کە بەهای بەکارهێنانی ڕازی دەکا، بیفرۆشێ. هەموو کاڵاکان، بەهایان نییە بۆ خاوەنەکانیان و بەهای بەکارهێنانن بۆ ئەوانەی نییانە. بۆیە دەبێ بە درێژایی هێڵەکە، دەستبەدەست بکا. بەڵام بەکارهێنانیان بەو شێوەیە لەنێو دەستەکان، وەک گۆڕینەوەیان و گۆڕینەوەیان بە یەکتریان دەگەیەنێ بەوەی بەهان و ئەنجامدەدرێ بەوەی بەهان پێش ئەوەی بتوانی تۆژینەوەی بەهای بەکارهێنانەکەی بکەی.

لەلایەکیترەوە، دەبێ سەرنجی بەهای بەکارهێنانی بدەی پێش ئەوەی تۆژینەوەی بەهاکەی بکەی، چونکە ئەو کارە مرۆییەی تێدا خەرجکراوە، ناژمێردرێ تەنها بەوەی کە بە شێوەی سوودمەند بۆ کەسانیتر بەکاردەهێنرێ. کەچی تەنها گۆڕینەوەکەی دەتوانێ بۆمان، دەربخات داخۆ ئەو کارە بۆ کەسانیتر سوودمەندە یان نا، واتە دەکرێ بزانین ئەو بەرهەمهێنانە پێداویستی کەسانیتر  پڕدەکاتەوە یان نا.

هەر خاوەن کاڵایەک ڕازی نابێ بە فرۆشتنی کاڵاکەی، تەنها لەبەرامبەر کاڵایەکیتر کە بەهاکەی سوودبەخشی پێداویستییەکانی پڕدەکاتەوە. بەم مانایە، گۆڕینەوە بەنیسبەت خۆی مەسەلەیەکی تاکانەیە لەلایەکیترەوە، دەیەوێ تۆژینەوەی کاڵایەک بکات بەوەی بەهایە لە هەر کاڵایەک بەدڵی بێ و هەمان بەهای هەبێ، بەبێ ئەوەی بایەخ بەوە بدا کە کاڵاکەی خۆی بۆ خاوەن کاڵایەکی تر بەهایەکی بەسوودی هەیە یا نا. بەم مانایە گۆڕینەوە بەنیسبەت خۆی کارێکی کۆمەڵایەتی گشتییە. بەڵام خودی کار ناتوانێ لە یەک کاتدا و بەنیسیەت هەموو ئەوانەی کاڵاکانیان دەگۆڕنەوە، ببێ بە کاری تاکانەی پەتی و لەهەمان کاتدا بە کاری کۆمەڵایەتی و گشتی پەتی.

دەبا مەسەلەکە لەنزیکەوە تەماشابکەین. هەر کاڵایەکی نامۆ بۆ هەر خاوەن کاڵایەک هاوکێشەیەکی تایبەتە بۆ کاڵاکەی و کاڵاکەی هاوکێشەیەکی گشتییە بۆ هەموو کاڵاکانیتر. بەڵام چونکە هەموو ئەوانەی کاڵاکانیان دەگۆڕنەوە خۆیان لەهەمان حاڵەتدا دەبیننەوە، بۆیە هیچ کاڵایەک نییە کە ببێ بە هاوکێشەیەکی گشتی و بەهای ڕێژەیی کاڵاکان و خاوەن هیچ شێوەیەکی گشتی نییە کە بەرێگایەوە وەک چەندایەتییەکی بەها بەراورد بکرێ. بە ووشەیەکیتر، کاڵاکان لە ئاستی یەکتر ڕۆڵی کاڵا نابینن، بەڵکو ڕۆڵی بەرهەمگەلێکی پەتین یان ڕۆڵی بەهای بەکارهێنان دەبینن.

ئەوانەی کاڵاکانیان دەگۆڕنەوە بە پەشۆکی بیردەکەنەوە وەک چۆن فوست بیردەکاتەوە: لەسەرەتادا کار بوو. بۆیە کاریان دەکرد، پێش ئەوەی بیربکەنەوە، و غەریزە سرووشتییەکەیان دووپاتی ئەو یاسایانە دەکەنەوە کە لە سرووشتی کاڵاکاندا سەرچاوەیان وەرگرتووە. ئەوانە ناتوانن بەراوردی پۆلەکانیان بکەن بەوەی بەهان و لەپاشاندا بەوەی کاڵان، تەنها کاتێ بە کاڵایەکیتر بەراوردیان دەکەنەوەو خودی خۆی وەک هاوکێشەیەکی گشتی دەخاتە بەردەستیان. ئەمە لە لێتوێژینەوەی رابردوماندا‌پیشاندا. بەڵام ئەم هاوکێشە گشتییە دەتوانێ تەنها سەرئەنجامی کارێکی کۆمەڵایەتی بێ و لە ڕاستیدا کارە تایبەتییەکان ناتوانن وەک جۆرە دابەشکردنێک بۆ کارە کۆمەڵایەتییەکان دەربکەون، تەنها بە ڕێگای ئەو پەیوەندییانەوە نەبێ کە ئاڵوگۆڕ لەنێوان بەرهەمەکانیاندا کار دەکەن و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان بەرهەمهێنەرەکان و بەم جۆرە دەبێ بە شێوەی هاوکێش، واتە لەباری کۆمەڵایەتیەوە سوودمەندە. بۆ ئەوەی کاڵایەک ڕۆڵی هاوکێشی گشتی ببینێ، بە ڕێگای پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەبێ بە کاری کۆمەلایەتی تایبەت بە دوور لە کاڵاو بەم جۆرە دەبێ بە دراو.

(( ئەوانە یەک ئامانجیان هەیە، و شێوەو هێز بە ئاژەڵەکان دەدەن- روئیای یوحەنا ١٧-٣)).
((هیچ کەسێک ناتوانێ نە بکرێ و نە بفرۆشێ، تەنها ئەو کەسە نەبێ کە مۆرکی ئاژەڵ یان ناو، یان ژمارەی ناوەکانی دەبێ- روئیا یوحەنا ١٣-١٧)

کریستاڵی دراو بەرهەمێکی پێویستی پرۆسەی گۆڕینەوەیە کە تێیدا بەرهەمی کاری جۆربەجۆر یەکتری هاوکێش دەکەن، بۆیە دەکرێ بە کاڵا. بەرفراوانی و قووڵبوونەوەی مێژووی ئاڵگۆڕ، گەشە بە ناکۆکییە سرووشتییە شارەواکەی ناو کاڵا دەدا وەک بەهای بەکارهێنان و بەها. لە خودی پێویست بۆ بازرگانی، بەرجەستەی ئەو ناکۆکییە دەکات و هەوڵدەدا بۆ پێکهێنانی شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ بەهای کاڵا و هەرگیز نە پشوودەدا و نە بێزار دەبێ تا بە تەواوەتی دەگات بە دووبەرابەرکردنی کاڵا بۆ کاڵا و دراو. کەواتە، هەرچەند گۆڕانکاری گشتی بەرهەمەکانی کار بۆ کاڵا تەوا دەبێ، گۆڕینی کاڵایش بۆ دراو، تەواو دەبێ.

گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆی کاڵاکان لەلایەکەوە، فۆرمی سادەی دەربڕینی بەهای هەیە و، لەلایەکیترەوە هێشتا نییەتی. ئەم شێوەیە: x کاڵای A= y کاڵای B. فۆرمی گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکە بەم شێوەیە: xشتی بەکارهێنانy = Aشتی بەکارهێنانیB. شتیAوBهەرددوکیان کاڵاگەڵێ نین پێشی گۆڕینەوە، بەڵکو بە خودی گۆڕینەوە بەوە دەبن. لەو چرکەیەوە کە شتێکی سوودمەند، دەبێ بە توانای بەهای گۆڕینەوە، بوونەکەی وەک بەهای بەکارهێنان لەدەستدەدا و، ئەگەر بارودۆخێکی لەباری بۆ هەڵکەوێ، وەک بەهای گۆڕینەوە بەکاردەهێنرێت. شتەکان بە خۆیان و بۆ خۆیان لە ئاستی مرۆڤ، دەرەکین، بۆیە دەستکاری دەکرێن. بۆ ئەوەی ئەو دەستکاریکراوانە بگۆڕدرێنەوە، دەبێ مرۆڤەکان، بە بێ دەنگی، تەنها وەک خاوەن موڵکی تایبەت، شتە دەستکاریکراوەکان و بە ڕێگایانەوە وەک کەسانی سەربەخۆ لە ئاستی یەکتر بێنە پێشەوە. بەڵام پەیوەندییەک لەم جۆرە کە لەسەر سەربەخۆیی بەرامبەری، بە هیچ شێوەیەک لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بوونی نەبووە؛ گرنگ نییە چ شێوەیەکیان هەبووە؛ شێوەی خێزانێکی باوکسالار، کۆمەڵگەیەکی کۆنی هیندی یان دەوڵەتی ئینکا لە پیرۆ...هتد. گۆڕینەوەی کاڵاکان لەگەل نەمانی کۆمەڵکە کۆمونییەکان و لە خاڵی بە یەککەیشتنیان لەگەل کۆمەڵە بیانییەکان یان بە زنجیرەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی تر، دەستیپێکردووە. هەر لەو کاتەوە شتەکان لەنێوان کۆمەڵگە کۆمۆنییەکان و بیانییەکان بۆ یەکجار بوون بە کاڵا، لەناو خودی کۆمەڵگەی ناوبراویشدا دەبن بە کاڵا و لەسەرەتادا چەندایەتی پەیوەندی ئاڵگۆڕینەوەکەیان ، زۆر بە ڕێککەوتە. کاڵاکان، بە گوێرەی ویست و ئارەزووی خاوەنەکانیان دەتواندرێ بگۆڕدرێن و بفرۆشرێن و، بەرە بەرە پێداویستی بە شتی بەکارهێنانی بیانییەکان جێگیر دەبێ و بە بەردەوامیدان بە دوبارەبوونەوەی ئاڵوگۆڕینەوە، دەبێ بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو؛ بۆیە لە گەل کاتیشدا، لە لانی کەمەوە، دەبێ بە ئارەزووی خۆیان، بەشێک لە بەرهەمی کار بە مەبەستی گۆڕینەوەیان بەرهەمبهێنن. لەم چاوتروکاندنەوە، لە لایەکەوە، جیابوونەوە لەنێوان شتە سوودبەخشەکان کە بۆ پێداویستی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێن و سوودبەخشیان بۆ گۆڕینەوە، ڕوودەدا، واتە جیابوونەوەی بەهای بەکارهێنانیان لە بەهای گۆڕینەوەکەیان. لەلایەکیترەوە، پەیوەندی چەندایەتی شتەکان کە ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ، پاپەند دەبن بە بەرهەمهێنانەکەیانەوەو ڕاهاتنیش جێگیریان دەکات بەوەی چەندایەتی بەهان.

لە ئاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆی بەرهەمدا، هەر کاڵایەک ئامرازێکی ڕاستەوخۆی گۆڕینەوەیە بۆ خاوەنەکەی  و بۆ ئەوانەی نەبووە بە موڵکیان، نابن بە هاوکێش تەنها لەبەر ئەوەی بەهای بەکارهێنانی هەیە. کەواتە، پۆلێک لە کاڵا تا ئەم قۆناغە، هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی بەها، سەربەخۆ لە بەهای بەکارهێنانە تایبەتەکەی، یان لە پێداویستی تاک لەکاتی گۆڕینەوە، وەرناگرێت. پێویستی ئەم شێوەیە ئەوەندەی زیادبوونی ژمارە و فرەچەشنی کاڵاکانن کەلە پرۆسەی ئالووێلکردندا، گەشەدەکات. کێشەکان لەگەل ئامرازەکانی چارەسەرکردنەکەیان

پێکدێت. گۆڕینەوە و بەراوردی کاڵاکان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە لەگەڵ کاڵاکانی تر ڕوونادا بەبێ ئەوەی یەک بە یەکی کاڵاکانیان، وەک بەها، لەگەڵ کاڵایەکی سێهەم بەراورد نەکرێن و نەگۆردرێنەوە. ئەم جۆرە کاڵای سێهەمە، کاتێ دەبێ بە هاوکێشی کاڵا جۆربەجۆرەکان، گەر لە سنوورێکی بەرتەسکیشدا بێ، دەستبەجێ، شێوەی هاوکێشی گشتی یان کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. ئەم جۆرە هاوکێشە گشتییە، لەو چرکەیەوە کە دەچێتە ناو ئەو پەیوەندی کۆمەڵایەتیە کە ژیانی بەبەردا داوە، درووستدەبێ و لەناودەچێ؛ و هەر جارێک بە خێرایی، ڕووبەڕووی ئەم یان ئەو کاڵایە دەبێتەوە. لەگەڵ گەشەسەندنی گۆڕینەوەی کاڵادا، پەیوەندی لەگەڵ کاڵایەکی تایبەت دەبەستێ یان فۆرمی دراو بەخۆی دەگرێ و لەدواییدا، مانەوەی لکاندنی بە کاڵایەکەوە، مەسەلەیەکی ڕێکەوتە. بەگشتی بە دوو باروودۆخی لابەلاکەرەوەوە بەندە. شێوەی دراو یان بە گرنگترین کاڵای هاوردەوە لە دەرەوە کە لە ڕاستیدا بەهای گۆڕینەوەی کاڵا ناوچەییەکان دیاریدەکەن یان بە شتە سوودبەخشەکانی کە توخمی سەرەکی سەروەتی ناوچەکەیە و دەتوانن بیفرۆشن، بۆ نموونە مەڕوماڵات. گەلە کۆچەرەکان گەشەیان بە فۆرمی دراو دا، چونکە هەموو مولکەکانیان لە حاڵەتی گواستنەوەدایە، بۆیە دەکارێت ڕاستەوخۆ ئاڵوگۆڕ بکرێنەوەو چونکە شێوەی ژیانیان، بەبەردەوامی بەرەو پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە نەناسەکان، دەیانبات و لەم ڕێگەیەوە، بەرەو گۆڕینەوەی بەرهەمەکانیان. زۆر جار، مرۆڤەکان خۆیان مرۆڤ بە شێوەی کۆیلە، کردووە بە سەرچاوەی مەتریاڵی دراو، بەڵام ئەم کارە هەرگیز لەبواری زەویوزار ڕووی نەداوە. ئەم جۆرە بیروباوەڕە–واتە کڕین و فرۆشتنی زەویو زار تەنها لە کۆمەڵگەیەکی بۆرژوازی درووستدەبێ کە بە پلەیەکی پەرەسەندوو گەیشتووە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دواچارەکە سەدەدەی هەڤدەهەم و پاش تێپەڕبوونی سەدد ساڵ بەسەر ئەو پەرەسەندنە، هەوڵدراوە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی میللی، جێبەجێ بکرێ، ئەوەش لە شۆڕشی ١٧٨٩لە فەرەنسادا بووە.

لە ناو هەمان ئەو پەیوەندییانەدا، هەر کە گۆڕینەوەی کاڵاکان تەنها سنوورە لۆکالییەکەیان دەبەزێنن، بەهای کاڵاکان بەگشتی زیاتر و زیاتر خۆی وەک کاری مرۆیی بەرفراوان دەنوێنێ و شێوەی دراو دەبن بە کاڵاگەلێکی سوودمەند وسرووشتەکەی وای لێ دەکا دەبێ بە کاری کۆمەڵایەتی هاوکێشێکی گشتی، واتە بۆ کانزا گرنابەهاکان. ئەوەی کە((ئاڵتون یان زیوو لە سرووشتەوە، دراو نین، بەڵکو دراو بە سرووشت، ئاڵتوون و زیووە)) هاوجووتی ئاکارە سرووشتیی و کارتێکردنەکانیان پیشانیدەدەن، بەڵام ئێمە تا ئێستا تەنها کارێک لە کارەکانی دراو دەناسین کە وەک شێوەی دەرکەوتنی بەهای کاڵا خزمەتدەکا یان وەک ماددەیەک بۆ دەربڕینی چەندایەتی بەهای کاڵایەک لەناو کۆمەڵگادا. ئەوەی ئاشکرایە کە فۆرمی شیاو بۆ دەرخستنی هاوکێشی بەها یان کاری مرۆیی ئەبستراکت، دەتوانێ تەنها ماددەیەک بێ کە هەموو نموونەکانی خاوەن هەمان فۆرمی چۆنایەتی هاوشێوە بن.

لەلایەکیترەوە، کاڵای دراو، بەو مانایە کە بەهان و تەنها چەندایەتییەکەی جیاوازە، دەبێ توانای جیاکاری پەتی هەبێ، واتە بە گوێرەی ویست وئارەزوویش بتوانرێ دابەش بکرێ و لە بەشەکانیەوە دووبارە پێکبهێنرێتەوە. ئاڵتون و زێو بە سرووشتەوە ئەم ئاکارەیانە هەیە.

بەهای بەکارهێنانی کاڵای دراو، خۆی دوو بەرابەر دەکاتەوە، چونکە لەپاڵ بەهای بەکارهێنانە تایبەتییەکەیەوە، وەک کاڵایەک، بۆ نموونە(ئاڵتون)، وەک ماددەیەک بەکاردەهێنەرێت بۆ خۆ ڕازاندنەوە یان بۆ پڕکردنەوەی ددان...هتد و بەهای بەکارهێنانی شێوەیی وەردەگرێ کە لە کارە چۆنایەتیی کۆمەڵایەتییەکەیەوە، سەرچاوەی گرتووە.

لەبەر ئەوەی هەموو کاڵاکانیتر تەنها هاوکێشێکی تایبەتی دراون، و(دراو)یش هاوکێشە گشتییەکەیانەو، لە ئاستیدا وەک کاڵایەکی تایبەت هەڵسوکەوت دەکەن، بۆیە دراو کاڵایەکی گشتییە.

ئێمە بینیمان کە شێوەی دراو تەنها بەرپەرچدانەوەی پەیوەندی بەهای کاڵا جۆربەجۆرەکانە لە یەک جۆری کاڵادا. ئەوەی کە دراو بەخۆی کاڵایە، تەنها بۆ ئەوانەی وا وەک دۆزینەوەیەکی نوێی دادەنێن کە دەیانەوێ لە پاشاندا، لە دەستپێکی پێکهاتنی شێوەکەیدا، دەست بە تۆژینەوەی بکەن. پرۆسەی ئالوویلدا، بەها بەو کاڵایانە نادات کە بۆ دراو دەیانگۆڕێ، بەڵکو شێوەی بەهای چۆنایەتییەکەیانی پێدەدا. تێکەڵکردنی ئەم دوو لایەنە زۆر جیاوازە، بوو بە هۆی ئەوەی ئاڵتون و زیوو وەک دوو بەهای وەهمی پەتی، ڕەچاو بکرێن.

لەبەر ئەوەی دراو لە هەندێ کارتێکردنی دیاریکراویدا دەکرێ بە هێمای پەتی ناو هەناوی خودی خۆی شوێنی بگرێتەوە، هەڵەیەکیتری درووستکرد کە دراو تەنها هێمایە. لەلایەکیترەوە، ئەو هەڵەیە، هەستێکی درووستکردووە کە بە ڕەواڵەت و لەپشت فۆرمی دەرکەوتی خودی فۆرمی دراوی شتەکاندا، پەیوەندی مرۆیی شاردۆتەوە. بەم مانایە، هەر کاڵایەک، هێمایە، چونکە وەک بەها، تەنها پەردەیەکی ماددیە بەسەر ڕەنجی ئەو کارە مرۆییەی تێدا بەکارهێنراوە.

کاتێ ئێمە چیتر لەناو ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییانە کە شتەکان بە بەرخۆیان دەکەن، یان لەناو تایبەتمەندییە ماددیەکاندا، تەنها هێمای پەتی دەبینین، یان لەناو ئەو تایبەتمەندییە کۆمەلایەتیانەدا کە دەربڕینە کۆمەڵایەتییەکانی کار لەسەر بنەمای شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنان، لەبەر خۆیان دەکەن، مرۆڤ یەکسەر مانای بەرهەمی بەرپەرچدانی کاری مرۆیی پێدەدا. ئەمە دڵگیرترین شێوازی ڕاڤەکردنی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەهەم بوو تا لە شێوە نادیارەکانی پەیوەندییە مرۆییەکان و پرۆسەی پێکهاتنیان تێبگەن، کە خەڵک هێشتا نەیانتوانی گرێکەی بکەنەوە، هیچ نەبێ، بۆ ماوەیەک ڕەواڵەتی نامۆییەکە ڕووت بکەنەوە.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە فۆرمی هاوکێشی کالایەک، مەرجی چەندایەتی بەهاکەی ناگرێتەوە. ئەگەر بێتو بزانین کە دراوی ئاڵتون توانای گۆڕینەوەی ڕاستەخۆی هەیە لەگەڵ هەموو کالاکان، ئەوا هەر لەبەر ئەم هۆیە، مرۆڤ نازانێ(بۆ نموونە)، بەهای ١٠فوند ئاڵتون چەندە؛ و (دراو)یش وەک هەر کالایەکی تر، بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەتوانێ چەندایەتی بەهاکەی خۆی لە کالاکانیتر دەرببڕێ. بەهاکەی، بە کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی دیاری دەکرێت و بە چەندایەتی هەمان ماوەی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هەر کالایەکیتر.

دیاریکردنی چەندایەتی ڕێژەیی بەهاکەی لە خودی سەرچاوەی بەرهەمهێناکەیەوە لە یەکەم بازرگانی ڕاستەوخۆی گۆڕینەوەیدا دیاری دەکرێت. هەر کە وەک دراو چووە ناو سوڕانەوەوە، دەبێ بە بەهایەکی دیاریکراو. تەنانەت هەتا لە کۆتاییەکانی سەددەی هەڤدەهەم، زۆر بە باشی سەرەنجی ئەوەیان دا کە(دراو)، کالایە، بەلام شێکردنەوەی هێشتا هەر هەنگاوی سەرەتایی خستبوو. دژوارییەکەیان لە تێگەیشتنی ئەوە نەبوو کە(دراو)یش، کالایە، بەڵکو لە تێگەیشتنی ئەوەی چۆن و بۆچی کالایەک لە کالاکان دەبێ بە دراو.

ئێمە بینیمان چۆن لە ساکارترین دەربڕینی بەها– xکالای(A)= yکالای B، ئەو شتە کە چەندایەتی بەهای شتێکی تر دیاریدەکات، واتە فۆرمی هاوکێشەکەی، بەجیا لەم پەیوەندییە وەک سیفەتێکی کۆمەلایەتی کە لە سرووشتەوە وەریگرتووە. ئێمە بەداوی جێگیربوونی ئەم ڕەواڵەتە درۆزنانەیە و کامل بوو کەوتین، هەرکە فۆرمی هاوکێش لەگەڵ فۆرمی سرووشتی جۆرە کالایەکی تایبەت گەشەیکرد یان لە فۆرمی دراو کریستالیزەیکرد. پێ ناچێ کالایەک ببێ بە دراو، لەبەر ئەوەی کالاکانیتر لە هەموو لایەکەوە بەهاکەی دەردەخەن، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە، بەگشتی هەموو بەهاکەی خۆیان لەناو ئەو دەردەبڕن، چونکە ئەو دراوە. بزووتنەوە پەیوەندارە درووستکەرەکە لە ئەنجامگەرییە تایبەتەکەی خۆی لەناودەچێت و هیچ ئاسەوارێک بەدوای خۆیدا بەجێ ناهێڵێ. کالاکان، بەبێ ئەوەی شتێک بکەن، شێوەی بەها تایبەتییەکەی بە تەواوەتی لە جەستەی کالایەکی دەرەوە و لە تەنیشتەکەی خۆی دەدۆزێتەوە.

ئەو شتانەی وەک ئاڵتون و زیووە، کە ئەڵێی لە هەناوی زەمینەوە دەردەچن، دەستبەجێ وەک بەرجەستەکەری ڕاستەوخۆ بۆ گشت کارێکی مرۆیی خۆیان دەنوێنن.

ئەمە تەلیسمی دراوە. هەڵسوکەوتی ئۆتۆماتیکی پەتی مرۆڤ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتییان و لێرەوە ئەوەی لە ژێر کۆنترۆڵ و پاشکۆی کرداری هوشیاری تاکەکانیانە، کە لە پاشاندا شێوەی ماددی پەیوەندی بەرهەمهێنانەکەیان دەردەکەوێ و لە بەرهەمی کارەکەیان فۆرمی کالای گشتی وەردەگرێ. ئالێرەوە تەنها زیاتر، مەتەڵی پوولپەرستی ئاشکرابووەوە کە مەتەڵی چاوکوێرکەرەی کالاپەرستنە.

# ڕەخنە لە ئابووری سیاسی

## بەشی دووەم

## گۆڕانی دراو بۆ سەرمایە

### خولی چوارەم

### گۆڕانی دراو بۆ سەرمایە

#### ١-شێوەی گشتی سەرمایە

سووڕانەوەی کاڵا، خاڵی دەستپێکی سەرمایەیە. بەرهەمهێنانی کاڵا و گەشەسەندنی سووڕانەوەی کاڵا و بازرگانی، پێشمەرجی مێژووین بۆ درووست بوونی سەرمایە. مێژووی نوێی سەرمایە بە بازرگانی و بازاڕی جیهانی لەسەدەی شانزەهەم دەستپێدەکات.

ئەگەر ناوەڕۆکی ماددی سووڕانەوەی کاڵا لە ئاڵوگۆڕکردنی چەندین بەهای بەکارهێنان بخەینەلاوەوەو تەنها بڕوانینە فۆرمە ئابوورییەکەی کە ئەم پرۆسەیە بەرهەمدەهێنێ، دەبینین دوا بەرهەمەکەی، دراوە. ئەم دوا بەرهەمی سووڕانەوەی کاڵایە، یەکەم شێوەی دەرکەوتنی سەرمایەیە.

بە پێی مێژوو، سەرمایە، لە هەموو شوێنێکدا، خۆی بە فۆرمی دراو، وەک سەروەتی دراو، سەرمایەداری بازرگانی و سەرمایەی سوود(ربوی)*، لەبەرامبەر موڵکایەتی عەقاری دادەنێ.

لێرەدا، پێویست بەوە ناکا، چاو لە مێژووی ڕابردووی دامەزراندنی سەرمایە بکەین، بۆ ئەوەی بزانین کە دراو دیاردەی یەکەمی سەرمایەیە.

هەمان ئەو مێژووە، ڕۆژانە، بە بەرچاومانەوە یاری دەکا. هەر سەرمایەیەکی نوێ کە بۆ یەکەم جار دێتە سەر شانۆ، واتە بازاڕ، بازاڕی کاڵا، بازاڕی کار یان بازاڕی دراو، هەمیشە لە شێوەی دراودا دەردەکەوێ، ئەو دراوەی کە دەبێ لە دووتۆی پرۆسەیەکی دیاریکراودا بۆ سەرمایە بگۆڕدرێ.

لە سەرەتادا ناتوانرێ، دراو وەکو دراو لە دراو وەکو سەرمایە، جیابکرێتەوە، تەنها لە ڕێگە شێوە جیاوازەکانی سووڕانەوەی نەبێ.

شێوەی ڕاستەوخۆی خولینەوەی کاڵا بەم شێوەیەی(کاڵا-دراو_کاڵا) واتە گۆڕینەوەی کاڵا بۆ دراو، وەبەپێچەوانەوە، دراو بۆ کاڵا، واتە فرۆشتن لە پێناو کڕیندا.

لە پاڵ ئەم فۆرمەدا، شێوەیەکی تر دەبینین کە لە ڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازە، ئەمەش بەم شێوەیە(دراو-بەها-دراو) واتە گۆڕینی دراو بۆ کاڵا و بە پێچەوانەوە کاڵا بۆ دراو؛ کڕین لە پێناوی فرۆشتندا، ئەو دراوەی ئەم جموجۆڵەی پێ دەکرێ لە ئەنجامدا بۆ سەرمایە دەگۆڕدرێ. چونکە بە کردەوە بەو شێوەیە ئاراستەکراوە، تا ببێت بەمایە.

دەبا لە نزیکەوە، چاو لە کە خوولاندنی د-ک-د بکەین. دەبینین لە خولاندنێکی کاڵای سادەدا دەخولێتەوە، وەکو دوو قۆناغی دژبەیەک. لەقۆناغی یەکەمدا، د- ک کڕین، دراوەکە بۆ کاڵا گۆڕا. لە قۆناغی دووەم ک-د یاخود فرۆشتن، بە پێچەوانەوە گۆڕدراوە، لە کاڵاوە بۆ دراو.

* دوونمونەی باوی (فەرەنسی) یە باس لەدژایەتی نێوان هێزی ملکداری کەلەسەر چەسانەوەو زاڵبوونی بەسەرتاکەکانداو هەروەها بێدەسەڵاتی و نەبوونی کەسایەتی بۆ دراو "زەوی بێ خاوەن نابێ"،"دراو بێ خاوەنە".

یەکەی هەردوو قۆناغەکە، جموجوڵێکی یەکپارچە پێک دەهێنێ، تیایدا دراو ئەگۆڕێ بۆ کاڵا و، جارێکیتر خودی ئەو کاڵایە بۆ دراو ئەگۆڕێ، کەواتە کڕینی کاڵا لە پێناو فرۆشتنیدایە. ئەگەر جیاوازی شێوەیی کڕین و فرۆشتن وەلاوە بنێین، دراو، کاڵا دەکڕێ و کاڵا، دراو دەکڕێ. *ئەنجامی ئەمانە گۆڕینی دراوە بۆ دراو، د-د.

ئەگەر من٢٠٠٠پاوەن کەتان بە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی بکرم و دوایی٢٠٠٠پاوەن کەتان بە١١٠لیرەی ئەستەرلینی بفرۆشمەوە، کەواتە دراوم بە دراو گۆڕییەوە.

ئەوە ڕوونە کەسەرەتاش سەرەتای هەیە، کاری ئاڵوگۆر د.ک.د بەتەواوی ناوەرۆک پوچ ئەبێ، ئەگەر تەنها ڕێگەی ناڕاستەوخۆوە، بۆ گۆڕینەوەی بەهای دراوێکی دیاریکراو بە هەمان بەهای دراو، بۆنمونە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی بە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی بگۆڕینەوە. ئەوەی نایەکسانە و بۆ هەموو کەسێک ئاسانترو ئامانترە، میتۆدی خەزنە درووستکردنە کە خاوەن سامانەکە، ١٠٠پاوەنە ئەستەرلینییەکەی، هەڵدەگرێ و خۆی لە مەترسی ئاڵوگۆر دەپارێزێ.

لە لایەکی ترەوە، کاتێ بازرگان کەتانەکەی ئەفرۆشێ بە ١٠٠لیرەی ئەستەرلینی، ئەو کاتە بێ گوێدانە ئەوەی کە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی یاخود تەنها ٥٠لیرەی ئەستەرلینی بەڕێگەیەکدا دەڕوا کە بەتەواوی جیاوازە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی سادە.

بۆ نمونە کاتێ جوتیارێک گەنم ئەفرۆشێ و هەربەهەمان دراو کەبەدەستی هێناوە جلوبەرگێک بکڕێ بۆخۆی، پێش هەمووشتێک پێویستە لەسەرمان کەئەوجیاوازییە شێوەییە بکەینە دووبەشەوە. د-ک-د، ک-د-ک ..کەواتە ئەم جیاوازییەشێوەییە دەردەکەوێ لەپشت گۆڕانکارییە شێوەییەکانەوە. هەروەها جیاوازی ڕیشەییش، ئەو جیاوازییە شاراوانەیە کە لەپشت ئەم جیابوونەوە شێوەییانەوەیە.

بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتادا هاوبەشییەکانی نێوان ئەم دوو شێوەیە یاخود فیگورە بزانین، هەردوو بازنە کە دەبنە دوو قۆناغی دژبەیەک، ک-د کڕین، د-ک فرۆشتن، لە هەر یەک لەم شێوانە دووتوخمی هەمان ماددەن کە ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە، واتە کەلوپەل و دراو، هەروەها دوو کەس بەهەمان دەمامکی ئابووری جیاوازەوە، دەردەکەون، واتە کڕیارو فرۆشیار. ئەم دوو بازنەیە، هەر لە ناوخودی خۆیدا، یەکەیەکی دژبەیەکن و لە هەردوو حاڵەتدا ئەم

یەکەیە بەهۆی سێ لاوە بەدەست دێ، یەکێک لەوان تەنها دەفرۆشێ، دووەمیان تەنها دەکڕێ، بەلام سێهەمیان جارێ دەکڕێ و جارێ دەفرۆشێ، بەلام ئەوەی کە ئەم بازنەیە دابەش دەکات( ک-د-ک) و( د-ک-د)ە .

ئەمە ڕێکخستنی پێچەوانەیە بۆ خودی گۆڕینەوەی دژبەیەک. ئالوگۆڕی کەلوپەلی سادە بە کڕین دەستپێدەکات و بە فرۆشتن کۆتایی پێ دێ، بەلام ئالۆوگۆڕی دراو وەکو سەرمایە، بەکڕین دەستپێدەکات و بەفرۆشتن کۆتایی دێ .

بەلام ئالوگۆڕی دراو وەکو سەرمایە بەکڕین دەست پێدەکات و بەفرۆشتن کۆتایی دێ. کەلوپەل لەوێ و دراو لێرە خالی دەستپێکردن و کۆتایی هێنان دیاری دەکەن. لەشێوەی یەکەمدا دراو ڕۆلی ناوەندی بینی، بەپێچەوانەوە لە شێوەی دووەمدا کەل وپەل ئەم ڕۆلەی بینی.لە ئالوگۆڕدا د-ک-د لەکۆتاییدا دراو ئەگۆڕێ بۆ کەلوپەل و وەکو بەهایەکی بەکارهێنراو بەکاردێ، کەواتە لێرەدا ڕێڕەوی دراو کۆتایی پێدێ و، ەبەپێچەوانەوە لە شێوە دژ بەیەکەدا(د-ک-د) کڕیار دراوی دەست ناکەوێ ئەگەر نەبێتەوە بە فرۆشیار.

Mercier de la Riviere* بە دراو شمەک دەکڕێ وە بە شمەک دراو .

کاتێ کەلوپەل ئەکڕێ دراو لە ئالوگۆڕدا ئەبێ وەکو مادەیەکی خاو تازە ئەبێتەوە لە ڕێگەی کڕینی خودی کەلوپەلەوە. پارەیان لەدەست دەرناچێ بەمەبەستی دەست بەسەراگرتن نەبێ، یا ئەوە تاوەکو قەرز ئەیدەن .

لە شێوەی(ک-د-ک) دراو دووجار جێگەی خۆی ئەگۆڕێ.فرۆشیار لە کڕیاری وەرئەگرێتەوەو ئەیدات بە فرۆشیارێکیتر. بەشێوەیەکی گشتی ئەم کردارە بە وەرگرتنی دراو دەستپێدەکات لە بەرامبەر بە کەلوپەل، بەدانی دراو بەرامبەر بەکەلوپەل کۆتایی دێ .

ولە شێوەی(د.ک.د) دراو دووجار خۆی دەگۆڕێ، فرۆشیار لە کڕیاری وەردەگرێتەوەو دەیداتە فرۆشیارێکیتر.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم کردارە بە وەرگرتنی دراو دەستپێدەکات لە بەرامبەر بە کەلوپەل و بەدانی دراو بەرامبەر بە کەلوپەل کۆتایی دێ. بەلام کرداری(د.ک.د) بە شێوەیەکی پێچەوانە ئەڕوا. نەک تەنها دراو، بەلکو خودی کەلوپەلیش دووجار جێگۆڕکێ بە خۆی دەکات.فرۆشیار لە کڕیاری وەردەگرێ و دووبارە ئەیداتەوە بە فرۆشیارێکی تر.

بەهەمان شێوە لە ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی سادەدا، دراو دووجار جێگۆڕکێ بە خودی خۆی دەکات و لە کۆتایدا، لەم دەست دەچێتە ئەو دەست. گۆڕانکاری کەلوپەل دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵە کە لێیەوە دەرچووە .

گەڕانەوەی کەلوپەل بۆ ئەو خاڵە کە لێیەوە دەرچووە، لە سەر ئەوە ناوەستێ کە کەلوپەلەکە بە نرخێکی بەرزتر بفرۆشرێ لەوەی کە کڕابێ یا نا. ئەمە تەنها کارکردنە لەو دراوەی کە بۆت دەگەڕێتەوە. دیاردەی گەڕانەوە لە بەر ئەوە ڕوودەدا کە کەلوپەلی کڕاو سەرلەنوێ بفرۆشرێتەوە، لە بەرئەوەی خولی(د.ک.د) بەتەواوی تازە ئەبێتەوە. کەواتە لێرەدا، جیاوازییەک هەستپێکراو دەردەکەوێت لە نێوان خولانەوەی دراو وەک سەرمایە و خولانەوەکەی وەک دراو.

خولی ک.د.ک بەتەواوی کۆتایی دێ بە وەرگرتنی دراو لە بەرامبەر فرۆشتنی کەلوپەل و کڕینی کەلوپەلی تر، گەڕانەوەی دراو بۆ خاڵی دەست پێکردنی. ئەمە جگە لەتوانای دووبارە بوونەوەی کردارێک بەتەواوی، شتێکیتر نییە. ئەگەر چارەکێ گەنم بفرۆشی بە ٣ لیرەی ئەستەرلینی و، هەر بەو دراوە ٣ کراس بکڕی، دوای ئەوە هیچ پەیوەندییەکت بەو ٣ لیرەیەوە نامێنێ، بەڵکو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بازرگانی جلوبەرگ. ئەگەر چارەکێکیتری گەنم بفرۆشم، دراوەکە ئەگەڕێتەوە بۆ من، بەڵام هەمان ئەنجامی دەستەی پێشووی نییە، بەڵکو تەنها بەهۆی دووبارەبوونەوەیە.

دووبارە دراوم لێ دوور ئەکەوێتەوە، ئەگەر ئەم دەستەیەم ئەنجامدا، کەواتە سەرلەنوێ هەستاوم بە کڕین.

دانانی دراو لە ناو پرۆسەی ئاڵوگۆڕدا(ک.د.ک) ئەکەوێتە سەر جۆری دانانی دراوەکە. نە گەڕانەوەی ئەم دراوە، واتە سەرنەکەوتن لەم پرۆسەیە، واتە بڕینی ڕەوتی بەردەوام بوونی، ئەمەش لەبەر نەبوونی بازن یاخود خولی دووەم واتە ئەو کڕینەی کە فرۆشتن تەواو ئەکاو کۆتایی پێدێنێ.

خاڵی دەستپێکردنی بازنەی(ک.د.ک)ی کەلوپەل، خاڵی کۆتایی کەلوپەلێکی ترە، لە ئاڵوگۆڕەوە دەرئەچێ و ئەچێتەوە ناو پرۆسەی( بەکارهێنان) بەم جۆرە بەکارهێنان، واتە پڕکردنەوەی پێوستییەکان، بەهای بەکارهێنراو دوا ئامانجی ئەم بازنەیەیەو، بە پێچەوانەوە خاڵی دەستپێکردنی بازنەی(د.ک.د) جەمسەری دراوە.

ئەم بازنەیە لە کۆتاییدا ئەگەڕێتەوە بۆ خودی جەمسەر، خودی بەهای ئاڵوگۆڕ هۆی جموجۆڵی بازنەکەیەوئامانجی سەرەکییەتی.ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی سادە دووجەمسەر وەردەگرێ کە هەردووکیان یەک شێوەی ئابوورین و دووکەلوپەلن. دووکەلوپەلی هاوسەنگی بەها، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا دووبەهای بەکارهاتووی پێچەوانەن، لە چۆنایەتیدا، بۆ نمونە گەنم و کراس، ئاڵوگۆڕی بەرهەم ئاڵوگۆڕی مادەی جیاواز کە کاری کۆمەڵایەتی تیادا بەرجەستە ئەبێ وناوەڕۆکی جموجۆل پێک دەهێنێ لە ئاڵوگۆڕی(د.ک.د) ئەگۆڕێ. لە جاری یەکەمدا ناوەڕۆک نادیارە لەبەر دووبارەبوونەوەی. هەردوو جەمسەر یەک شێوەی ئابوورین کە هەردووکیان(بەها)ن و لە ڕووی چەندایەتییەوە بەدوو بەهای بەکارهێنراوی جیاواز دانانرێن، چونکە دراو شێوەیەکی گۆڕاوی کەلوپەلە کە هەموو بەها بەکارهێنراوە دیارەکانی لە دەست داوە. ئەو پرۆسەیەی کە پێیدا دەڕوا لە سەرەتادا گۆڕینی١٠٠لیرەی ئەستەرلینی بوو بە کەتان و ئاڵوگۆڕی کەتان سەرلە نوێ بە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی، واتە گۆڕینی دراو بۆ دراو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گۆڕینی شت بە خودی شت، ئەم کردارە بەم جۆرە بێ ئامانجە و ناکرێ برە دراوێک بە شێوەیەکی گشتی جیاوازبێ لە برە دراوێکی تر، لەڕووی قەبارەوە نەبێ، بۆیە کرداری(د.ک.د) قەرزارە بە ناواخنەکەی نەک لەبەر جیاوازی چۆنایەتی لە نێوان دووخاڵی زیادڕەو ئەمانە هەردووکیان دراون، بەڵکو تەنها چەندایەتییە لە نێوانیاندا_ لە ئەنجامی ئەو کردارەدا لە ئاڵوگۆڕکردنی دراو دەرئەچێ زیاتر لە وەی سەرەتای.

بۆ نمونە ئەو کەتانەی کە کڕابوو بە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی سەر لە نوێ ئەفرۆشرێتەوە بە١٠٠+١٠لیرەی ئەستەرلینی، یاخود بە١١٠لیرەی ئەستەرلینی، بۆیە بەم شێوەیە لەم کردارە دەدوێ( د-ک-د ) واتە د= د+ د$\Delta$

واتە یەکسانە بە ئەوبڕەی لە سەرەتادا بە زیاد دانراوە لە گەڵ هەندێ زیادەی تر، بەم زیادەیە دەوترێت

)زێدە باییsurplus value ). ئەو بڕەی کە لە سەرەتادا دانراوە نەک هەر دوای گۆڕانی وەک خۆی نییە، بەڵکو قەبارەکەیشی دەگۆڕێ و بەهایەکی زیاتریشی دێتە سەر و، خودی ئەم جموجۆڵە ئەگۆڕێ بۆ سەرمایە، لە ڕاستیدا دەکرێ بەم جۆرە بێ(ک.د.ک) دووخاڵی زیادڕەو بن( ک، ک) بۆ نموونە گەنم و کراس، دوو بەهای جیاوازن لەڕووی چەندایەتییەوە. جوتیار گەنمەکەی بە نرخێکی زیاتر لە نرخی خۆی دەفرۆشێ و بەبەهایەکی زۆر نزمتر، کراسێکی پێ ئەکرێ. لەوانەشە بازرگانەکە بیخەڵەتێنێ، بەڵام ئەم جۆرە جیاوازیانە لە بەها نابێتە شێوەی ئاڵوگۆڕ، بەڵکو تەنها خستنە ڕووە بە تەواوی واتەdemonstrate . ئەم شێوەی ئاڵوگۆڕە، پێچەوانەی(د.ک.د)ە و هیچ لە گرنگی کەم نابێتەوە ئەگەر بێتو دوو جەمسەر بن .

بۆ نمونە گەنم و کراس، نەک تەنها یەکتر هاوکێش ئەکەن، بەڵکو لەوەش زیاتر خۆیان یەکسان ئەکەن و بە ڕەوتێکی سروشتیدا دەڕۆن .

دووبارە بوونەوەی یاخود نوێ بوونەوەی کڕین بە مەبەستی فرۆشتن هەمان کارکردە. لە ئەنجامدا پێوەرێک ئەدۆزرێتەوە کە لە دەرەوەی ئەم کردارەوەیە، واتە، بەکارهێنراو بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە دیاریکراوەکان و بەپێچەوانەوە، کڕین بۆ مەبەستی فرۆشتن بەیەک شت، دەست پێدەکات و کۆتایی دێ. ئەو شتەش(دراو)ە .

بەهای دراو تەنها لە بەر ئەم جموجۆڵە بێ کۆتاییە .

هەرچۆنێ بێ لە د دەست کەوت د+Δد ١٠٠ لیرەی ئەستەرلینی دەست کەوت ١٠٠+١٠ لیرەی ئەستەرلینی. کەواتە١١٠لیرەی ئەستەرلینی ئەگەر چۆنایەتیەکەی لێکدەینەوە، هەمان١٠٠لیرەی ئەستەرلینیە واتە دراو. لەباری چەندایەتیشەوە١١٠لیرەی ئەستەرلینی بەهایەکی دیاریکراوە لە نرخی بۆنمونە ١٠٠لیرەی ئەستەرلینی. ئەگەر ئەم بڕە بدرێ بە١١٠لیرەی ئەستەرلینی وەکو دراو بەشی بەڕێوەبردنی ئەو خولەیە دەکات. هەروەها ئەم بڕە، بەشی ئەوە دەکات ک ببێتە سەرمایە. ئەگەر لە ئاڵوگۆڕگێ کشایەوە وەکو سامانێکی بەستەڵەک ئەمێنێتەوە و یەک لیرەی زیاد ناچێتە سەری ئەگەر تاهەشە بمێنێتەوە.

لەبەر ئەوەی کارێک دەربارەی زێدەبایی یە، کەواتە بۆ ئەم زیادبوونە پێویست بە١١٠لیرەی ئەستەرلینی ئەکا، هەروەها پێویست بە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی ئەکا، چونکە ئەم دوو بڕە، هەردووکیان دوو دەربڕینی دیاریکراون بۆ بەها گۆڕینەوە یەک مەیلیان هەیە، ئەویش نزیک بوونەوەیە لە سامانی ڕووت لە ڕێگەی زیادبوونی قەبارەکەیەوە.

ڕاستە ئەو بەهایەی کە لە سەرەتادا دانرابوو١٠٠لیرەی ئەستەرلینی بوو، بۆ چرکەیەک جیاوازییەکەی١٠لیرەی ئەستەرلینیە، ئەوەش (زێدەبایی ) یە کەلە ئەنجامی ئاڵوگۆڕدا هاتە بەرهەم. ئەم جیاوازییە بۆی هەیە سەرلە نوێ و بەپەلە لەناو بچێ.

لە هەردوولا بەهایەکی سەرەتایی ئەبینین ئەویش١٠٠لیرەی ئەستەرلینیە، لە لایەکیترەوە بەها زیادەکەی ١٠ لیرەی ئەستەرلینیە، ئەویش یەک بەهایە١١٠لیرەی ئەستەرلینیە. ئەم بەهایە شێوەیەکی تەواوە بۆ دەستپێکردنی زیادبوون سەرلەنوێ وەکو لە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی سەرەتایی.

دراو کۆتایی بە جموجۆڵ دێنێ بۆ ئەوەی سەرەتایەکی نوێ پێک بێنێ. هەروەها کۆتایی هەر بازنەیەک بە تەنها کڕینی تیا بەدەست دێ بە ئامانجی فرۆشتن، سەرەتای بازنەیەکی نوێ پێکدێنێ. ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی سادە، واتە فرۆشتن بە مەبەستی کڕین، ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی دوائامانجی دەرەوەی ئاڵوگۆڕ، واتە دەست بەسەراگرتنی بەها بەکارهێنراو بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکان و، بە پێچەوانەشەوە ئاڵوگۆڕی دراو

بۆ هاوسەنگکردنی سەرمایە، ئامانجێکە بۆخۆی، چونکە بە بەها زیادبوونی بەها بەدەست نایا لە سنوری جموجۆڵی تازەو بەردەوامەوە نەبێ، بۆیە جموجۆڵی سەرمایە بێ سنورە.

ئەم تێکۆشانە بەرەو بوونە خاوەن سامانێکی تەواو و، ئەو ڕاکەڕاکە بەدوای بەهادا لە کارە هاوبەشەکانی سەرمایەداری و خاوەن خەزێنەکانە، سەرمایەدار هۆشیارێکی خاوەن سامانە.

زیادبوونی بەها لەلایەن خاوەن سامانەکانەوە لە ڕێگەی دەستبەسەرگرتن و پاراستنی دراوە لە ئاڵوگۆڕکردن، سەرمایەدار زۆر زیرەکانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دراوەکانی لە ئاڵوگۆڕکردنێکی یەک لە دوای یەک، بەدەستی دەهێنێ.

شێوە بێ لایەنەکانی شێوەکانی دراو کە بەهاکانی کاڵا لە زنجیرەی ئاڵوگۆڕە سادەکاندا وەریدەگرێ، شتێک ناکا جگە لە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ لە ئاڵوگۆڕی کاڵا کە لە ئەنجامدا لە جموجۆڵ ئەکەوێ و لە ناو ئەچێ.

بەپێچەوانەوە لە ئاڵوگۆڕدا(د.ک.د) کاڵاو دراو کارێکیان نییە جگە لەوەی وەکو دوو ڕێگەی جیاواز بۆ بەدیهێنانی خودی بەها: دراو بە شێوەیەکی گشتی، کاڵا بەشێوەیەکی تایبەتی. بەها بە بەردەوامی لە شێوەیەکەوە دەگۆڕێ بۆ شێوەیەکیتر و، لەم جموجۆڵەدا هەرگیز بزرنابێ، هەر بەم شێوەیە دەگۆڕێ بۆ شێوەیەکیتر و، لەم جموجۆڵەدا هەرگیز وون نابێ. هەر بەم شێوەیە دەگۆڕێ بۆ شێوەی ئامراز. ئەگەر ئەم شێوە تاکەدیارانە تۆماربکەین کە بەها زیاددەکەن، یەک لە دوای یەک بەها زیادەکا و لە خولی ژیانیدا وەریدەگرێ، بۆیە ئەم دوو پێناسەمان دەستدەکەوێ:

سەرمایەی دراو، سەرمایەی کەلوپەلە، بەڵام لەڕاستیدا، لێرەدا بەتایبەت بەها، کردارێکە بەردەوام لە گۆڕانی خودی و چەندایەتی دایە. شێوەی دراو ئەگۆڕێ بۆ شێوەی کاڵا و بە پێچەوانەوە، پاڵپێوەنەری خۆیەتی و خۆی زێدەبایی خۆیەتی، واتە بۆ خۆی زیاددەکات. لەبەر ئەوەی ئەو جموجۆڵە کە لە ناو خودی خۆیدایەو زێدەبایی درووست دەکات.

توانایەکی سیحراوی هەیە بۆ دروستکردنی بەها، چونکە بۆ خۆی بەهایە. هێلکەیەکی زێڕ دائەنێ بەبەهایەکی کەم.

بەها کارکردێکی خودییە لەم کردارەدا کە شێوەی کاڵاو دراو وەرئەگرێ لە سەردەمێکدا و، لە سەردەمێکی تردا لێی دائەبڕێ ولە هەمان کاتدا هەر ئەمێنێ و زیاد ئەکاو لە گۆڕاندایە.

بەها، پێش هەموو شتێک، پێویستی بە سەربەخۆیی هەیەو ئەتوانێ لکانی خۆی لە گەڵ خۆیدا باس بکات. هیچ شێوەیەکی نییە، جگە لە دراو، بۆیە دراو خاڵی دەستپێکردن و کۆتاییە بۆ کاری زیادبوونی بەها و یەکسان بوو بە١٠٠لیرەی ئەستەرلینی. بەڵام ئێستا یەکسانە بە١١٠لیرەی ئەستەرلینی ..هتد

ئەگەر دراو شێوەی کەلوپەل وەرنەگرێ نابێتە سەرمایە. دراو، بەشێوەی دیالێکتیکانە دژایەتی کەلوپەل ناکا، هەروەکو لە سامان هەڵگرتندا هەبوو. سەرمایەدار ئەزانێ کە هەموو کەلوپەلێک هەرچۆنێ بێ، شکڵی مردووەو بۆنی پیسە. دراو لە'ڕووی ناخ و ڕاستییەوە وەکو جولەکەیەکی خەتەنەکەرە هەروەها ئامرازێکی سەیرە بڕە دراوێکی زیاتر دروست دەکات.

ئەگەر بەهای کاڵا لە ئاڵوگۆڕی سادەدا بەرامبەر بەهای بەکارهێنراو شێوەیەکی بێ لایەنی دەست دەکەوێ و ڕۆڵی دراو دەبینێ، لەناکاو سەرهەڵدەدا و بۆ خۆی گەشە و جموجۆڵ دەکات، کاڵاو دراویش دوو شێوەن لەوە بگرە لەویش زیاتر، لە بری ئەوەی باس لە پەیوەندی نێوان کەلوپەلەکان بکرێ، لێرەدا دەردەکەوێ کە بەها پەیوەندییەکی تایبەتی لە گەڵ خودی خۆیدا هەیە، خۆی وەکو بەهایەکی سەرەتایی وەکو زێدە بایی جیادەکاتەوە. ئەوەی باوکایەتی لە کوڕایەتی جیادەکاتەوە، تەمەنە، ئەگەر بهاتایە لە یەک تەمەندا بوونایە دەبوون بە یەک کەس .

تەنها بەهۆی زێدەباییەوە بەهای١٠لیرەی ئەستەرلینی و١٠٠لیرەی ئەستەرلینی دانراوە وەکو سەرمایە.

کاتێ جیاوازی لە نێوانیاندا نامێنێ، دەبن بە یەک، دەبن بە١١٠لیرەی ئەستەرلینی، بەم شێوەیە بەهاکە دەبێتە بەهایەکی جموجۆڵکەر و سەرمایە لەبواری ئاڵوگۆڕ، دەرئەچێ و سەرلەنوێ ئەچێتەوە ئەو بوارەوە. خۆی ئەپارێزێ و خۆی لاواز ئەکا و بەرەو دواوە ئەگەڕێتەوەو، سەرلە نوێ هەمان خول دەستپێدەکاتەوە.( د-د) ئەو دراوە کە دراوێکی تر درووستدەکات money which begets moneyلێکۆڵەرەوە سەرەتاییەکان وەکو (مارکنتیون) بەم جۆرە وەسفی سەرمایەداریان کردووە، کڕین بە مەبەستی فرۆشتن بە بەهایەکی گرانتر(د-ک-د)

لە سەرەتادا شێوەیەکی نوێ لە سەرمایە دەردەکەوێ، ئەویش سەرمایەی بازرگانیە کە بەهەمان شێوە دراو ئەگۆڕێ بۆ کاڵا و لە ڕێی فرۆشتنەوە سەرلەنوێ ئەگۆڕێتەوە بۆ بڕێکی گەورەتر لە دراو. ئەو کارانە کە لە دەرەوەی ئاڵوگۆڕ ڕوویانداوە لە ماوەی نێوان کڕین و فرۆشتندا بەهیچ

جۆرێ، شێوەی جموجۆڵی ناگۆڕێ. ئەو سەرمایەیەی کە بە قازانجی سەدی ئەگەڕێتەوە، ئەبێتە نوێنەری ئاڵوگۆڕی(د.ن. د) بەشێوەیەکی کورت و بێ هیچ ناوەندێکی گەیەنەر.

بەکورتی ئەگەر بوترێ(د-د) واتە دراو یەکسانە بە بڕێکی گەورەتر لەدراو، واتە بڕێکی گەورەتر لە خۆی.

کەواتە(د-ک- د) شێوەیەکی گشتی سەرمایەیە بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ دەچێتە بواری ئاڵوگۆڕەوە.

## ناکۆکییە گشتییەکانی داڕشتنی سەرمایە

ئەم فۆرمە بازنەییە، کە تێیدا دراو بۆ سەرمایە دەگۆڕێ، ناکۆکە لەگەڵ هەموو ئەو یاسایانە کە پێشتر خستمانە ڕوو لە بارەی سروشتی کاڵا، بەها، دراو خودی بازنەکە. ئەوەی لە بازنەی کاڵای سادە جیایان دەکاتەوە، ڕیزبندی پێچەوانەیی هەمان پرۆسە دژ بە یەکترییەکەیە: کڕین و فرۆشتن. بەڵام ئەو جۆرە داڕشتنە زۆر جیاوازە چۆن دەتوانێ سرووشتنی ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی سیحراوی، بگۆڕێ؟

کار هەر ئەوەندە نییە: ئەم پێچەوانەیە تەنها بۆ یەکێک لەو سێ بازرگانە برادەرانە بوونی هەیە. وەک سەرمایەدارێک کاڵایەک لە(A) دەکڕم و دوایی بە(B) دەیفرۆشمەوە، لە کاتێ، من وەک خاوەن کاڵایەکی سادە، کاڵا بە دەفرۆشم Bو لەAکاڵا دەکڕم. ئەم جیاوازییە بۆ هەردوو هاوکارAو Bبوونی نیە. ئەم دووانە وەکو کڕیارو فرۆشیار دەردەکەون، و هەر جارێ من بە خۆم وەکو خاوەن موڵکێ سادەی دراو یان خاوەن کاڵا ڕووبەڕوویان ئەبمەوە، وەکو کڕیار یان فرۆشیار و، لە هەردوو ئەم جێکەوتەیە، وەک کەسێک کە تەنها کڕیارم و ئەویتر کە تەنها فرۆشیارم، ڕووبەڕوویان دەبمەوە؛ لە ئاستی یەکەمیان تەنها وەک دراو و لە ئاستی دووهەمەکەیان، تەنها وەک کاڵا، ڕووبەڕوویان دەبمەوە. لە ئاستی هیچ کامیان نە سەرمایەم و نە سەرمایەدار یان نوێنەری هەر شتێک زیاتر لە دراو یا کاڵا، یان وەک کاتێکردنی شتێک لە دەرەوەی کاڵا یان دراو ئەنجامی بدەم. بۆ من، کڕین لەA و فرۆشتن بەB ڕیزبەندییەک پێکدەهێنن. بەڵام پەیوەندی نێوان ئەم دوو کارە تەنها پەیوەندی بە منەوە هەیە.

نە Aو نە B خۆیان ماندوو ناکەن بە سەوداکارییەکانم لە تەک هەردووکیان.

ئەگەر بمەوێ نەختێک دەستکەوتە تایبەتییەم کە بە وەرچەرخانی سوورانەکە دەستمکەوتووە، بۆ ڕوون بکەمەوە، ئەوا ئەوان دەیانسەلماند کە من لەهەمان ئەو جێکەوتەیە بەهەڵەداچووم و گشت سەوداکارییەکە بە کڕین دەستی پێ نەکردووە و بە فرۆشتن کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو لە ڕاستیدا، بە پێچەوانەوە بە تێڕوانیAوە، فرۆشتن بووە و لە تێڕوانینBوە، کڕین بووە.

هەروەهاA و Bهەر بەوەوە ناوەستن، ئەوەش ئاشکرا دەکەن کەوا هەموو ڕیزبەندییەکە، ڕووکەش و فێڵ بووە. Aلەمەودوا ڕاستەوخۆ بەB دەفرۆشێ و B ڕاستەوخۆ لەAدەکڕێ.لە گەڵ ئەوەشدا دەستەکە هەمووی ئەگۆڕێ بۆ کارێکی یەکپارچەلایەن، بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵای ئاسایی: لە دیدگایA وەوە تەنها فرۆشتنە و لە دیدگای B وەوە تەنها کڕینە...هتد

کەواتە، ئێمە، بە گەڕانەوەی سووڕانەوەی ڕیزبەدییەکە، بە هیچ جۆرێک لە بازنەی ئاڵوگۆڕی سادەی کاڵاکان دەرنەچووین، بۆیە دەبێ بگەڕێین بەدوای ئەوەی داخۆ، سروشتەکەی بوار بە زیادبوونی ئەو بەهایانە دەدا کە تێچووە و زێدەبایی دەهێنێتە کایەوە؟

دەبا پرۆسەی سووڕانەوە لە فۆرمێکدا وەربگرین کە تێیدا خۆی وەک ئاڵوگۆڕی کاڵا دەنوێنێ. ئەمە ئەو  فۆرمەیە کە کاتێ خاوەن کاڵاکان لە یەکتری ‘ئەکڕن و لە ڕۆژی پارەدانەکەیان هاوتا دەبن. لێرەدا دراو وەکو دراوی هەڵبژاردن خزمەت دەکات تا بەهای کاڵاکان بە نرخەکانیاندا خۆیان دەرببڕن، بەڵام خودی کاڵاکان وەک شتگەل ڕووبەڕووی نابنەوە.

تا ئەو ڕادەیە، مەسەلەکە پەیوەندی بە بەهای بەکارهێنانەوە هەیە، ئەوا ڕوونە کە هەردوو کەسی ئاڵوکۆڕکەرەکە دەتوانن قازانج بکەن. هەردوو لایان دەربڕی کاڵان کە وەکو بەهایەکی بەکارهێنان، بێ سوودن و کاڵاگەلێک وەردەگرن کە پێویستیان بە بەکارهێنان هەیە. ڕەنگە ئەم سوودوەرگرتنە تاقە مەبەست نەبێ. لەونەیەA کە شەراب ئەفرۆشێ و گەنم ئەکڕێ، شەراب بەرهەمدەهێنێ لە کاتێکی کاری دیاریکراودا بە جۆرێکی زیاتر لەوەی کە چێنەری گەنم بتوانێ بەرهەمی بهێنێ واتەBلە هەمان ماوە کاری دیاریکراوداو بە پێچەوانەوە،B کە چێنەری گەنم، لە ماوەیەکی دیاریکراو گەنم بەرهەمدێنێ زیاتر لەوەی کە دروستکردنی شەراب بەرهەمدەهێنێ بەو جۆرە A گەنمی زیاتری دەست دەکەوێ لە بەرامبەر هەمان ئەوبەهای گۆڕینەوەیە، وB شەرابێکی زیاتری دەست دەکەوێ لەوەی کە هەریەکەیان ناچاربن خۆیان (شەراب و گەنم) بەرهەمبێنن بۆ خودی خۆیان بەپێی هاتنە پای گۆڕینەوە، کەواتە دەتوانین دەربارەی بەهای بەکارهێنراو بڵێین"گۆڕینەوە سەودایەکە، تێیدا هەردوو لا قازانج دەکەن"آ

بەڵام ئەوە لەبارەی بەهای گۆڕینەوە ڕوونادا." یەکێ (شەراب)ێکی زۆری هەیە، بەڵام گەنمی نییە، ئەچێتە مەیدانی گۆڕینەوە لە گەڵ کەسێک کە (گەنم)ی زۆرە، بەڵام (شەراب)ی نییە، ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا درووست ئەبێ بەبەهای ٥٠ی گەنم و ٥٠ی (شەراب)، بەپێی ئەم

گۆڕینەوەیە هیچ بەهایەکی گۆڕینەوەی زیاد بۆ کەسیان نابێ، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان پێشتر بەهایەکی یەکسانی هەیە کە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا بەدەستی دەهێنێ .آآ

دەربارەی ئەمە شتێک ناگۆڕێ دراو لە نێوان هەردوو کاڵادا ئامرازێکە بۆ ئاڵوگۆڕ، کاری کڕین بەشێوەیەکی هەستپێکراو جیا ئەبێتەوە لە کاری فرۆشتن.آآآ

آگۆڕینەوە دەستکەوتێکی سەرسوڕهێنەرە هەردوو بەشداربوو بەردەوام قازانجی تێدا دەکەن.

Destutt de Tracy."Traite de la Volonte et de ses Effets ». Paris، 1826، p.68

خودی ئەم پەرتوکە بەم ناوەوە دەرچووە Traite d'Economie Politique

آآMercier de la Riviere ، نوسەری ناوبراو ل.٥٤٤.

آآآ ئەم بارە هیچ گرنگییەکی نییە ئەگەربێتو هەردوو بەهاکە دراو بن یاخود کاڵایەکی ئاسایی Mercier de la ، نوسەری ناوبراو ل. ٥٤٣

بەهای کاڵا دەنرخێنرێ پێش ئەوەی بچێتە ئاڵوگۆڕەوە، بەها دەستپێکەری گۆڕینەوەیە نەک ئەنجام.

ئەگەر بڕوانینە ئەم پرۆسەیە بەدەر لە هەریاسایەکی متبوو، بۆ گۆڕینەوەی کاڵای سادە، ئەبینین جگە لە گرتنەوەی بەها بەکاربردووەکان

لە شوێن ئەوانی تر. تەنها گۆڕانی کاڵا، واتە گۆڕانێکی سادە لە کاڵا هەمان نرخ، هەمان چەندایەتی لە کاری کۆمەڵایەتی جەستەیی، لە دەستی هەمان خاوەن سامانی کاڵا ئەبینرێ بە شێوەی کاڵا، دوایی بەشێوەی دراو کە گۆڕاوە بۆ کاڵا و، لە کۆتاییدا سەر لە نوێ بەشێوەی کاڵایەک کە لە ئەنجامی گۆڕانی (دراو)ەوە هاتووە. ئەم گۆڕانە لە فۆرم یاخود لە شێوە، گۆڕانی بەهای نرخ ناگرێتە خۆ. ئەو گۆڕانە کە لەم پرۆسەیەدا ڕووبەڕووی خودی نرخی کاڵا دەبێتەوە لەسەر گۆڕانی شکڵی دراوی بەهای کاڵا دەوەستێت.

له سەرەتادا لە شێوەی نرخی کالایەک دەردەکەوێ کە لە بازاڕی فرۆشتندا خرابێتە ڕوو، هەروەها لە شێوەی بڕە دراوێک کە پێشتر نرخێنرابێ و، لە کۆتاییدا لە شێوەی هاوکێشەی نرخی کالا. ئەم یەک بەدوای یەک هاتنە شێوەییە لەسەر بەهای نرخ ڕاناوەستێ، وەکو لە گۆڕینی ٥٠ لیرەی کاغەز بۆ لیرەو لە نمونەی لیرە، کەواتە با وایدانێین کە سوڕانەوەی کالا تەنها شێوەی بەها ئەگۆڕێ، هاوکێشەکان دەگۆڕێت ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەتەواوی بچێتە ڕێوەوە.

ئابوری ڕامیاری، بێگوێدان بە تێنەگەیشتنی تەواوی لە بەها، کە هەموو کاتێ هەوڵی ئەوە ئەدا

خۆی بسەپێنێ، ڕێگەی تایبەتی هەیە بۆ ڕوانین بە شێوەیەکی تەواو، داواکردن و خستنەڕوو، تەواوکەری یەکن. ئەگەر هەردوو کەسی پرۆسەکار، لە بەهای بەکار بردو قازانج بەدەست بهێنن، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەو کارکردەیانە نامێنێ، ناکرێ هەردوولایان لە بەهای گۆ'ڕینەوەدا"یەکسانی هەیە، سوودمەندی بوونی نییە" *، قازانج بەدەست بهێنن.

دەکرێ کالاکان بە نرخێک بفرۆشرێن کە بەهای خۆی نەبێ، ئەم جۆرە لادانە لە یاسای ئالوگۆڕی کالا **

Galiani. “Della Moneta” ,“ove e eguaglita part .p.244 non e lucro” Moderna. *

بەرگی ٤ لەچاپی کوستوەی.

**کاتێ نرخ، بەرز یا نزم دەبێتەوە بە هەر هۆیەکی لاوەکییەوە بێ، ئالوگۆڕ دەبێتە شتێکی مایە پوچ بۆ هەردوولا: کاتێ کە پێچەوانەی یەکسانی دەبێتەوە، بەلام بە ڕۆیشتن لە گەڵ ئەم هۆیە لاوەکییە، نەک لەگەڵ خودی ئالوگۆڕ.

Lo Trosne نووسەری ناوبراو، ل. ٩٠٤

ئەوەش بە شێوەیەکی تەواو بریتیە لە ئالوگۆڕی هاوکێشەکان، هەروەها ناکرێ ببێتە ئامرازێک بۆ زێدەبایی*

درەنگ هەوڵی ڕوانینی سوڕانەوەی کاڵا درا کە سەرچاوەی زێدەبایییە quid pro quo

نرخی بەکاربردوو نرخی ئاڵوگۆڕ تێکەڵ بەیەک بکرێ. بۆنمونە کۆندلیاک دەڵێ:

نرخی یەکسانی ئاڵوگۆڕ به نرخی یەکسانی سوڕانەوەی کاڵا ڕاست نییە، بەڵکو به پێچەوانەوە، هەریەک لەو دوو هاوکێشەیە، هەمیشە بەهایەکی کەمتر ئەدا بەرامبەر بەهای گەورەتر...، ئەگەر بێتو خەڵکی بێن بەکردەوە تەنها بەهای یەکسان ئاڵوگۆڕکەن، هیچ لایەک سودمەند نابن. بەڵام لە ڕاستیدا هەردوولا دەستکەوتیان ئەبێ، یان هیچ نەبێ ئەبێ سودێک بەدەست بێنن ئەمە چۆن ؟

نرخی شتومەک تەنها لەپەیوەندی پێویستیەکان کپ ئەبێتەوە، بۆ یەکێکیان زۆرتر ئەبێ لە چاو ئەوی تر، وە بە پێچەوانەوە...ناکرێ ئەوە بسەپێنرێ کە شتومەکەپێویستەکانمان بفرۆشین بۆ بەکارهێنانی خودی خۆمان..ئێمە هەوڵی ئەوە نادەین کە شتی بێکەڵک بدەین بۆ ئەوەی شتی بە کەڵکمان چنگ بکەوێ، پێمان خۆشە کەمترین شت بەرانبەر زۆر بدەین...تەواوو سروشتیی بەرهەمهێنانە، بەهایەکی یەکسان دەدرێ بەرامبەر بە بەهایەکی یەکسان لە ئاڵوگۆڕدا، کەواتە نرخی هەردوو شتە ئاڵوگۆڕکراوەکە یەکسانن بە هەمان بڕە دراو، بەڵام دەبێ ئەوەش لە بەرچاوبگیرێ کە ئەمە لایەنێکی کێشەکەیە، پرسیارێ دێتە ئاراوە، بۆ هەردوولامان شتێک کە لەخۆمان زیادە نەیگۆڕینەوە بە شتێک کە هەریەکە لە ئێمە پێویستمانە ؟ " **

وەکو دەبینین کۆندیلیاک هەر بە تێکەڵکردنی بەهای بەکاربردوو بەهای ئاڵوگۆڕەوە ناوەستێ، بەڵکو بە سادەییەکی ساوێلکانەوە دراو لە جێگەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتویی یاسایی بەرهەمهێنی کەلوپەل دادەنێ کە تێیدا خودی بەرهەمهێنەر ئامرازەکانی ژیانی بەرهەمدەهێنێ، ناچێتە سوڕانەوەوە، جگە لەو زیادەیە کە دەمێنێتەوە دوای پڕکردنەوەی پێویستییە خودییەکان***

* "خودی سروشتی ئاڵوگۆڕ، ڕێکەوتنێکی یەکسانە، نرخ ئەدا بەرامبەر بە بەهای یەکسان، کەواتە، ئەمە ئامرازێک نییە بۆ بوونە خاوەن سامان، ئەگەر ئەوەنەی ئەیدەی هەر تەواوی ئەوەنە وەرگریتەوە. ل. ٩٠٣ هەمان سەرچاوە ، Le Tradsne

** Cadillac " Le Commerce et le Government"(1776) لە پەرتوکی" (Melanges

Paris. 1847 ،dEconomie Politique، چاپی دیرومۆلیڤاری p.267، 91- 90

***لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دادپەروەرانە وەڵامی هاوڕێکەی (کۆندڵیاک) ئەداتەوەو ئەڵێ:" لە کۆمەڵگایەکی تەواو پێکهاتودا، بەگشتی و بەهیچ جۆرێ زیادە نییە" ، Trosne دانەری ناوبراو ، ل. ٩٠٧

بەڵام لە هەمان کاتدا تێکی ئەدا بۆیە ئەبینێ ئەگەر هەردوو خاوەن پرۆسە هەمان زیادە بەدەست بێنن بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی ئەیدەن، ئەوە هەردوولایان بەهایەکی یەکسانیان دەست دەکەوێ". لە بەر ئەوەی کۆندلیاک دوای بچوکترین بۆچونی دەربارەی سروشتی بەهای گۆڕینەوە هیچی بەدەستەوە نییە، ڕێنیشاندەرێکی بۆ دانا مامۆستا(لهلم رۆشر)کە بەم دواییە تێگەیشتنە سادەو ساوێلکەکەی دانا، بڕواننە پەرتوکەکەی:" Die Grundlagen der Nationalokonomie Dritle Auflage، 1858.

و لەگەڵ ئەوەشدا، ئابووریزانە هاوچەرخەکان وەڵامی پووچی بەهانەکەی کۆندیلیاک دەدەنەوە، بەتایبەت لەو کاتانەی کە داوای بۆچونی خۆی لێ دەکەن لە شێوەی پێشەوەچونی ئاڵوگۆڕی کاڵا، واتە بازرگانی، کە سەرچاوەی زێدەباییە .

نمونەیەک دەڵێ: "بازرگانی نرخ دەداتە بەرهەمهێنراوەکان، لەبەر ئەوەی خودی بەرهەمهێنراوەکان لە دەستی سەرفکەرەکان بەهایەکی زیاتر ئەکەن، وەک لە دەستی بەرهەمهێنەر، بۆیە سەیر ئەبێ بازرگانی

بەزۆر بەمانای بەرهەمهێنان دابنرێ *

بەڵام دووجار لەبەرامبەر کاڵادا هیچ نادرێ: جارێکیان بەرامبەر بەهای بەکاربردو، جارێکیش بەرامبەر بەها خۆی. ئەگەر بەهای بەکاربردوی کاڵا سودی زیاتر بۆ کڕیار هەبێ وەک لە فرۆشیار، ئەو کاتە شێوەی دراوی کاڵا بۆفرۆشیار سودمەندتر ئەبێ وەک لە کڕیار، کەوابێ ئایا کاڵاکەی بەشێوەیەکی پێچەوانە دەفرۆشرێ؟ ئەکرێ مافی ئەوەمان هەبێ زۆر بەتوندی

بەکڕیار بڵێین کاتێ کە هەڵدەستێ بەبەکاربردن، بۆنمونە کاتێ گۆرەوی بازرگان ئەگۆڕێ بۆ دراو .

ئەگەر کاڵا یاخود کاڵاو دراو بگۆڕرێتەوە بەبەهای یەکسان، واتە ئەگەر هاوکێشەکان ئاڵوگۆڕبکرێن، ئەوەی ڕاست بێ هیچ لایەک لەم سوڕانەوەیەدا بەهایەکی گەورەتری چنگ ناکەوێ، لەم بوارەدا زێدەبایی دروست نابێ.گۆڕینەوەی هاوکێشەکان بەشێوەیەکی تەواو مەرجێکی ناو پرۆسەی سوڕانەوەی کاڵایە.

بەهەرحاڵ لە بازاڕی کاڵادا وەستان نییە جگە لە خاوەن کاڵا لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ خاوەن کاڵایەکی تردا، بەڵام ئەو دووکەسە دڵیان بە دەسەڵاتی خۆیان خۆش دەبێ بەرامبەر بەیەک، بەدەر نییە لە دەسەڵاتی کاڵاکەیان و، جیاوازی ماددی نێوان کاڵاکان، بنچینەی ماددی ئاڵوگۆڕە، ئەوە مەرجی بەدواهاتنی ئاڵوگۆڕە لەنێوان خاوەن کاڵا، هیچ کەسێ لەوانە خاوەن مادەیەکی بەکەڵک نییە بۆخۆی، هەریەکە لەوان خاوەن ماددەیەکی بەکەڵکن بۆ یەکتری، هەروەها جگە لەم جیاوازییە مادییانە لە نێوان بەهای بەکاربردوی کاڵا، لەمەی دواییاندا جیاوازییەک دەبینرێت و هیچی تر، جیاوازی نێوان شێوەی بەرچاووی شێوەی گۆڕاو، واتە نێوان کاڵاو دراو، بەو جۆرە خاوەن کاڵاکان جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە جگە لەوەی ئەمان وەکو خاوەن کاڵا، فرۆشیارن، وەکو خاوەن دراو، کڕیارن.

Andover and New ،S. ph.Newman. “Elements of Political Economy”*
p.175 ،1835 ،York

ئێستا وایدانێین کە کڕیار خاوەن کەسایەتی خۆیەتی، ناکرێ بڵێی لە بەر ئەوەی کاڵا بەنرخی بەرزتر لەخۆی دەفرۆشێتەوە، لەبەرامبەر١١٠ لەکاتێکدا ئەکاتە١٠٠، بەناوی نرخی زیادەوە ئەکاتە ١٠%و بۆیە، کڕیار زێدەباییەکی چنگ دەکەوێ کەئەکاتە١٠.دوای ئەوەی کە فرۆشیار بوو، دەبێتەوە کڕیار.ئێستا ڕوبەڕوی خاوەن کاڵای سێیەم دەبێتەوە وەکو کڕیار، ئەویش دڵخۆش دەبێ بەو زیادە فرۆشییەی کاڵاکەی بە١٠% . خاوەن کاڵا ١٠ ی دەستکەوت وەکو فرۆشیار.

بەگشتی ئەم پراکتیکانە کەوتونەتە ئەو نێوەندەی کە تێکڕای خاوەن کاڵاکان کاڵاکانیان بەیەکتر بە ١٠% زیاتر لە بەهای خۆی دەفرۆشن و، ئەم بارە بە تەواوی وەکو ئەوە وایە کە کاڵاکان بەهەمان بەهای خۆیان بفرۆشنەوە. ئەم جۆرە بەناو زیادە گشتییە بۆ نرخی کاڵا، هەمان ئەندازە بەهای کاڵای هەیە بۆ زیوو لەجیاتی زێڕ. ناوە دراوێکان، واتە نرخی کاڵاکان، بەرز ئەبێتەوە لە کاتێکدا کە بەهاکەی ڕێژەی نەگۆڕە.

گریمان، بەپێچەوانەوە، کڕیار دڵخۆش ئەبێ بە دەستکەوتنی کاڵا بە بەهایەکی لەخۆی کەمتر، لێرەدا پێویست بە بیرهێنانەوە ناکا کە کڕیار ئەبێتەوە فرۆشیار. پێش ئەوەی کە فرۆشیار بێ کڕیار بووە. ١٠% ی لە دەستداوە وەکۆ فرۆشیار پێش ئەوەی ١٠%ی دەستکەوێ وەکو کڕیار**

هەموو شتێ لەباری خۆیدا دەمێنێتەوە، کەواتە، ناکرێ باس لە پێکهێنانی زێدەبایی بکرێ، هەروەها گۆڕینی دراو بۆ سەرمایە، نە فرۆشیارەکان کاڵاکانیان بە نرخێکی بەرزتر ئەفرۆشن، نە کڕیارەکان بە بەهایەکی کەمتر ئەیکڕنەوە'***

*کاتێ بەرهەمهێن باییەکەی زیاد ئەکا.. فرۆشیار دەوڵەمەند ناکا.. چونکە کاتێ کڕیار هەمان بەها، کەدەستی کەوتووە لەدەستی دەچێتەوە کاتێ کە ئەبێتەوە بە فرۆشیار.

(J.Gray “The Essential principles of the wealth of Nations etc.” London, 1797. p.66

** ئەگەر فرۆشیارەکان ناچاربن بۆ ئەوەی برە بەرهەمێک بفرۆشن بە ١٨ لیرە کە خۆی ٢٤ لیرە ئەکا، ئەو دراوە بەکار دەهێنن کە دەستیان کەوتووە لە ئەنجامی فرۆشتندا ١٨ لیرەیان دەست دەکەوێ، کە ئەبو ٢٤ لیرە بدەن Le Trosne ، نووسەری ناوبراو، ل.٨٦٧

***فرۆشیار ناتوانێ کاڵاکەی بە بەردەوامی گران و گرانتر بکا، ئەگەر ڕووبەڕووی پێویستییەک نەبێتەوە، بۆ نمونە، دانی پارەی زیاتر بەرامبەر بە کاڵای فرۆشیارەکانی تر، بەهەمان هۆ هیچ بەکاربردوویەک ناتوانێ بە هەرزانتری بدا لەوەی کە کڕیوەتی بەشێوەیەکی گشتی، بێ ئەوەی خۆی ناچاری نزمبونەوەی نرخی کەلوپەلەکان بکا ئەیانفرۆشێ بە نزمبونەوەیەکی گونجاو"

Mercier do la Riviere، نوسەری ناوبراو ل. ٥٥٥).

داوای ڕۆڵی پراکتیکی تواناو مەیلی بەکاربردو دەبینرێ.لەبەر ئەوەی برێکی زیاتر کە بەرهەمهێنانی تێیدەچێ بەرامبەر بە کەلوپەل ئەیدا لە ڕێگەی ئاڵ ً ◌َ وگۆڕی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆوە لە هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی تری سەرمایە.*

بەرهەمهێنەرەکان و بەکاربردووەکان لەکاتی سوڕانەوەیاندا تەنها وەکو کڕیارو فرۆشیار، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوەو لە لای بەرهەمێنەرەکاندا، زێدەبایی دروست دەبێ، چونکە بەکاربردووەکان، پارەیەکی زیاتر لە بەهای کاڵاکان دەدەن، جگە لەدووبارەبونەوەی شێوەیەکی نادیار لە دەسەڵاتی خاوەن کاڵای سادە، هەستپێکراوە کە فرۆشیار بە فرۆشتنی کاڵاکەی بە نرخێکی بەرزتر لە نرخە ئەسڵ ً ییەکەی وقازانجەکەی، دڵخۆش دەبێ. خودی فرۆشیار، کاڵایەک بەرهەمدەهێنێ، یاخود لە بەرهەمهێنانیدا ڕۆڵ ئەبینێ، بەڵام خودی کڕیاریش کاڵایەک بەرهەمدێنێ، لە بەرهەمهێنانیدا وەکو دراو، ڕۆڵی هەیە.

کەواتە بەرهەمهێنەر ڕووبەڕووی بەرهەمهێنەر دەبێتەوە. جیاوازییەک نییە لە نێوانیاندا جگە لەوەی یەکێکیان کڕیارەو ئەوی تریان فرۆشیار و، هەنگاوێک ناچنە پێشەوە. ئەگەر وایدانێین کە خاوەن کاڵا، کاڵاکەی بەنرخێکی بەرزتر لەژێر ناوی بەرهەمهێنەر، دەفرۆشێ، بەڵام هەر خودی خۆی کاڵایەک بە بەهایەکی بەرزتر لەژێر ناوی بەکاربردوو، دەکڕێ.**

بۆیە ئەو لایەنگرانەی کە سوورن لەسەر ئەوەی کە "زێدەبایی" بە زیادبوونی نرخ دروست دەبێ، یاخود بە زیاد فرۆشتنی کاڵا لەلایەن فرۆشیارەکانەوە بە بەهایەکی زۆر بەرزتر، بوونی چینێک فەرزدەکەن کە تەنها کاری کڕین بێ نەک فرۆشتن. تەنها بەکاربردوویێ نەک بەرهەمهێن، بوونی ئەم جۆرە چینە لەو دیدگایەوە کە ئێستا پێی دەمانگەیەنێ، لە دیدگای سوڕانەوەی سادەدا، لەمەودوا هیچ باسێکی لەسەر نابێ، بەڵام بۆ ئەوەی پێش ڕووداوەکان بکەوین، ئەو دراوەی کە ئەم جۆرە چینە مامەڵەی پێوە دەکەن، بە بەردەوامی دەبێ وابێ، وەکو لە خودی موڵکایەتی کاڵا. هەر بۆ زانیاریش، ئەمە لە ئاڵوگۆڕەوە بەدەرە، بەبێ بەرامبەر، لەسەر بنچینەی ماف یاخود توندوتیژی. فرۆشتنی کاڵا بە بەهایەکی بەرزتر بەو کەسانەی کە لەم چینەدا ڕۆڵیان هەیە، مانایەکی نییە، جگە لە گەڕانەوەی بەشێک لەو دراوە کە بەبێ بەرامبەر داویەتی." ***

p. ،1821 ،R.Torrens. “An Essay on the production of wealth”. London⁎ 349

⁎⁎" ئەو ڕایە کە دەڵێ: بەکاربردوو قازانج دەبەخشێ، بێگومان ڕایەکی پوچە. ئەوبەکاربردووە کێیە؟"

،183 ،G.Ramsay."An Essay on the Distribution of wealth Edinburgh (.p.183

⁎⁎⁎ئەگەر هەر کەسێ لەبەر کەمی داواکار، زەرەر بکا، ئایا مالتۆس ئامۆژگاری دەکات بەوەی کە دراو بدا بە کەسێکی تر بۆ ئەوەی کاڵای لێ بکڕێ؟" ئەمە پرسیاری یەکێک لە لایەنگرانی"ڕیکاردۆ"یە، بێزاری خۆی دەردەبڕێ بۆ "مالتۆس" وەکو قوتابییە قەشەکەی کەناوی" تشالموس"ە، گرنگی ئابووری گەورە دەکاتەوە بۆ چینی کڕیار ئەوەی بەکاربردووە"

بۆ نمونە، وڵاتانی ئاسیای بچوک ساڵانە دراوی باجیان بۆ (ڕۆما)ی کۆن دەنارد. (ڕۆما) بەو دراوە، هەر لە هەمان ئەو وڵاتانە، بە نرخێکی بەرزتر لە نرخی خۆی کاڵایان دەکڕی. خەڵکی ئاسیای بچوک "ڕۆما" کانیان ئەخەڵەتاند، بەشێک لەو باجە کە پێیان دابوو، لە ڕێگەی بازرگانییەوە، وەریاندەگرتنەوە. لە گەڵ ئەوەشدا ئەو لەدەستدان و زیانە لەگەڵ چارەنووسی گەلی ئاسیای بچوکدا مایەوە. لە هەموو بوارێکدا، بەرامبەر بە کاڵاکانی خۆیان، دراوی خۆیانیان دەدا. ئەمە بە هیچ جۆرێ ئەو ڕێگەیە نییە کە بتکاتە خاوەن سامان یاخود "زێدەبایی" ت لا دروست بکات، بۆیە لە سنوری ئاڵوگۆڕی کاڵادا دەمێنینەوە، وا دادەنرێت کە کڕیار فرۆشیارەو، فرۆشیاریش کڕیار.

لەوانەیە کۆسپمان بێتەڕێ بەهۆی بەرخوردمان لەگەڵ کەسەکاندا وەکو(بەڵێندەر، contractor)ێکی دیاریکرا و بەس، نەک وەکو تاکەکەس.

خاوەن کاڵای س لەوانەی بەو پلەیەی زۆر خەڵەتێنەربێ کە بەردەوام ێ و ع بخەڵەتێنێ، بەبێ بوونی ئەمانەو سەرەڕای بوونی ئارەزومەندانەیان، مەحاڵە هیچ کاردانەوەیەک بکرێ..

ٍ ِس (شەراب بە بەهای ٤٠فرەنک شەراب بە ێ دەفرۆشێ، بەهای ٥٠ فرەنک گەنمەشامی دەست دەکەوێ، س ٤٠ فرەنک ی گۆڕی بۆ ٥٠ فرەنک. واتە لە برەپارەیەکی کەم بڕێکی زیاتری دروست کردووە، کاڵاکەی گۆڕیوە بۆ سەرمایە.

با زیاتر لەمە وردبینەوە، پێش ئاڵوگۆڕەکە٤٠ فرەنک واین لەدەستی س دا هەبوو.وە٥٠ فرەنک گەنمە شام لە دەستی ێ، بەوجۆرە کۆی بەهاکە ٩٠ فرەنکە، دوای ئاڵوگۆڕ هەمان کۆی بەها ئەبینین کە ٩٠ فرەنکە، ئەوبەهایەیەی کەلەسوڕانەوەدایە ئەوەنەی گەردیێکیش زیاد ناکا،، بەڵکو تەنها دابەش بوونی گۆڕا لەنێوان س و ێ. لێرەدا لایەکیان زێدەبایی هەیە، لایەکەی تر کەمبایی، زیادبونی لایەک واتە کەمبونی لایەکەی تر.هەمان ئاڵوگۆڕ ڕوودەدا کاتێ س بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕدا ناڕوا، بەڵکوڕاستەوخۆ ١٠ فرەنک لە ێ دەدزێ .ئەوەش ڕوونە بڕی ئەو نرخەی کە لەسوڕانەوەدایە هیچ گۆڕانێ زیادی ناکا بۆ دابەش بونی ئەم برە،

ئەو یەهودیە کە بە دراوی کۆنەوە بازرگانی دەکا، بەهیچ جۆرێ بڕی کانزای زیاد نەکردووە لە وڵاتەکەی ئەگەر "مارتینگ"*ی فرۆشتبێ بە جونیەی ئەستەرلینی لەوەختی خاتوو (ئانا) دا.

---

*مارتینگ : دراوێکی بەریتانییە . (وەرگێڕ)

چینە بۆرژواکان بەهەر هەموویانەوە لەهەر وڵاتێک بن، ناتوانن بەو جۆرە سامان پێکەوە بنێن و خۆیان دەوڵەمەند بکەن*

هەر چەند بمانەوێ لەم کۆسپە ڕزگاربین، بەڵام ڕاستی هەر ڕاستییە، ئەگەر لە هاوکێشەکانی گۆڕینەوە هیچ زێدەباییەک**. دروست نابێ

سووڕانەوە یاخود ئاڵ ٍ َ وگۆڕی کاڵا. هیچ بەهایەک ناهێنێتە کایەوە.***

لێرەوە دەردەکەوێ کە بۆچی شیکردنەوەی شێوەی بنەڕەتی سەرمایە کارێکی ئاسان نییە، واتە ئەو شێوەیە کە سەرمایە ڕێکخستنی ئابورییە بۆ کۆمەڵی مۆدێرن، بۆ شێوەی سەرمایەداری. زۆر ڕوونە ئەو دوو شێوەیە پێش تۆفان بوونە، ئەگەر پێویست بە گوتن بکا، سەرمایەی بازرگانی و سەرمایەی قەرزدەر.

فۆرمی د-ک-د ، واتە کڕین لە پێناو فرۆشتن بەزیاتر.زۆر بەڕونی دەبینرێ بەتایبەت لە سەرمایەی بازرگانیدا، با مەحاڵش بێ باس لە سوڕانەوە بکرێ بەتایبەت گۆڕانی دراو بۆ سەرمایە، دروست بونی زێدەبایی،

*(دستوت دی ترایسی) ، سەرەڕای ئەوەی یا خود لەبەرئەوەی کە ئەندامی پەمانگایە، گۆشەنگایەکی جیای هەیە. ئەو دەڵێ: سەرمایەدارە پیشەسازییەکان قازانج بەدەست دێنن" لەبەرئەوەی کاڵاکانیان بەزیاتر دەفرۆشن لەوەی کە بەرهەمهێنانی تێی چووە. کەوابێ بە کێی دەفرۆشن؟ پێش هەموو کەسێ بە یەکتر.. (Destutt de Tracy ، دانەری ناوبراو، ل.٢٣٩).

**ئاڵوگۆڕی دووبەهای یەکسان لە بارستایی گشتی، ئەو بەهایە کە لە کۆمەڵدا هەیە زیاد و کەم ناکا، و ئاڵوگۆڕی دوو بەهای یەکسان، بە هیچ جۆرێ کۆی بەهای کۆمەڵایەتی ناگۆڕێ، بەڵکو تەنها دەچێتە سەر سامانی یەکێک لەوانەی کە لە سامانی ئەوانی ترەوە وەریدەگرێ" J.B .Say

.(444،t.11.p. 443 ،1817 ،3eme ed. Paris ،Traite d'economie Ploitiques"

"سای" ئەم دادگاییە لە بیرۆکراتییەکان وەردەگرێتەوە، ئەوەش بزانن کە بە هیچ جۆرێ بیری لە ئەنجامەکەی نەکردۆتەوە.

لەم نمونەیەوە مەودای قۆستنەوەی دانراوە، فزیۆکراتییەکان ڕوون دەبێتەوە لەلایەن (سای)ەوە، کەلە ڕۆژگارەکانی خۆیدا لەبیرکرابوو. بۆ مەرامی بەکاربردنی.

بڕیاری هەرە بەناوبانگی"سای"ئەمە بوو:" بەرهەم تەنها بەبەرهەم دەکڕێ" (هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢،ل.٤٤١)، وەلآم بە بنچینەی فزیۆکراتی دەداتەوە.( Le Transe، نوسەری ناوبراو، ل. ٨٩٩) بەم جۆرە (بەرامبەر بە بەروبوم تەنها بەروبوم دەدرێ).

***بەشێوەیەکی گشتی ئاڵوگۆڕ هیچ بەهایەک ناخاتە سەر بەروبووم.

.(p.169 ،1843 ،F.Way land "The Elements of Political Economy". Boston)

کەواتە سەرمایەی بازرگانی نابێ، چونکە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ لە نێوەندی هاوکێشەکانا دەبینرێ.*

بۆیە ناتوانرێ دەربهێنرێ تەنها لەڕێگای خەڵەتاندنی دوولایەنەوە نەبێ بۆ بەرهەمهێنەری کاڵای کڕیارەکان و فرۆشیارەکان لەلایەن بازرگانەوە کە بەشێوەی مشەخۆر ئەچێتە ناویانەوە.بەو پێیە فرانکلین دەڵێ: "جەنگ دزینە و بازرگانی خەڵەتاندنە یاخود فێڵە"**

لە پێناو باسکردنی زیاد بونی سەرمایەی بازرگانی بەبێ فێڵی سادە لە بەرهەمهێنەری کاڵا ئەبێ زنجیرە بازنەیەکی درێژ لە نێوەندا هەبێ کە جارێکی تر بە هیچ شێوەیەک نابینرێتەوە. لێرەدا تەنها پێشەکیمان سوڕانەوەی بازرگانی و توخمێکی سادەیەتی. هەرچییەکمان دەربارەی سەرمایەداری بازرگانی وتووە بە پلەیەکی زیاتر لە سەر سەرمایەی قەرزدەر جێبەجێ ئەبێ.

لە سەرمایەی بازرگانی دووخاڵی لابەلا هەیە. هەردووکیان دراوێکی بەیەک گەیشتون لە بازاڕدا و دراوی زیادەی دەرهێنراون لەبازاڕ بەهۆی کڕین و فرۆشتن و جوڵەی سوڕانەوە بەیەک گەیشتونەتەوە، بەڵام لە سەرمایەی قەرزدەر فۆرمی( د- ک- د) کورتە، هەردوو خاڵە لابەلاکەش بەبێ هیچ بازنەیەکی گەیەنەر بەیەک دەگەن: (د – د)، واتە دراوی ئاڵوگۆڕکەر بەچەندایەتیەکی گەورەتر لە دراو – شێوەیەکی ناکۆکە لە سروشتی خودی دراو بۆیە لە گۆشەنیگای ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا باس هەڵناگرێ.

بۆیە ئەرەستۆ دەڵێ

" هونەری پێکهێنانی سامان دووجۆرە: یەکێکیان بازرگانییە، ئەویتر ئابووری، ئەمەی دوواییان پێویستەو شایەنی ستایشە، بەڵام یەکەمەکەیان هەڵدەستێ بە سووڕانەوە بۆیە قبوڵ ناکرێ

ماف و ڕاستی قبوڵ ناکرێن (چونکە سروشتی شتەکان نییە، بەلکوئاڵوگۆڕێکی فێڵاوییە).

بەڕاستی هەموو بەرتیل خۆرییەک قێزەونە ، لەبەرئەوەی خودی دراو بەسەرچاوەی دەستکەوت دادەنرێ نەک ئامانجێک کەلەپێناویدا دێتە کایەوە.ئەوەش لە پێناو ئاڵوگۆڕی کاڵا درووست بووە،بەڵام قازانجی سەدی لە دراو دراوێکی نوێ دروست دەکات .

*لەسایەی زاڵبونی هاوکێشە نەگۆڕاوەکاندا بازرگانی مەحاڵە "G.Opdyke".

(p.66-69 ،1851 ،A Treatise. On Political Economy". New youk").

ئەکرێ لە بنچینەوە جیاوازی بکرێ لە نێوان بەهای کارکردو بەهای ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە، بەهای شت جیاوازە لە بەناو هاوکێشە، کەلە ئاڵوگۆڕدا بەرامبەری ئەدرێ، واتە ئەم هاوکێشەیە

بە هاوکێش دانانرێ"( ف.ئینگڵس .دەسنووسە بەشداربووەکان لەدراوی ئابوری ڕامیاری" لە گۆڤاری "Deutsch- Franzo-sische Jahru sher"

کەئارنۆڵد ڕۆگا و کارڵ مارکس دەریانهێناوە. پاریس ، ١٨٤٤، ل . ٩٥، ٩٧).

** Benjamin Franklin." Works، Vol 11، edit. Sparks، in Positions to be examined، Concerning National Wealth" p.376.

و هەر لێرەوە ناوی لێدەنێین "قازانجی سەدی"و لەدایک بوو.

چونکە لەدایک بوو لە دایک و باوک دەچێ، بۆیە قازانجی سەدی دراو، دراوە، بۆیە لقی دەستکەوت توندترینیانە دژ بەسروشت لە نێو هەموو بەشەکانی دەستکەوتدا.*

لەنێوەندی باسەکەماندا بۆمان ئاشکرا دەبێ کە ئەو سەرمایەیەی کەبەسودی سەدی دەگەڕێتەوە، کارەکەی کاری بازرگانییە، ئەویش شێوەیەکی داڕێژراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین بۆچی هەردووکیان بەپێی مێژوو پێش شێوەی بنچینەیی تازەی سەرمایە دروست بوون.

وەکو دەبینین ناکرێ زێدەبایی لە سوڕانەوە دروست بێ، لەپێناو دروست بونیدا لەودیوی سوڕانەوەکانەوە شتێکی ناڕوون ڕوودەدات **

بەڵام ئایا دەکرێ زێدەبایی لەلایەکی ترەوە دروست بێ بەبێ پرۆسەی ئاڵوگۆڕ؟ سوڕانەوە کۆی هەموو پەیوەندی ئاڵوگۆڕی کاڵاکانە.لەدەرەوەی سوڕانەوە خاوەن کاڵا ناپارێزرێ مەگەر بەپەیوەندی لە بەرامبەر خودی کاڵاکەی خۆی. وایدانێین بابەتەکە دەربارەی بەهایە، ئەم پەیوەندییە کەمتەرخەم نییە لەوەی کە کاڵای تاکەکەسی مەبەست بێ، بڕێکی دیاریکراو کاری تایبەتی تێدا دەبێ.کەبەپێی یاسا کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان دەپێورێت .وایدانێین کە بڕی بەها بەدراوی ژمارەیی دەردەبڕرێت. ئەمە بەنرخی کاڵا دەردەبڕرێت، بۆ نمونە ١٠ لیرەی ئەستەرلینی بەڵام ئەم کارە بەهای کاڵا دەرنابڕێ لەگەڵ هەندێ زیادەدا، وای دەرنابڕن کە نرخێکە یەکسانە بە١٠، هەر لەوکاتەدا ئەکاتە١١، بە بەهایەک باسی ناکرێ کە لەسەروی خۆیەوە بێ. خاوەن کاڵا ئەتوانێ بە کارەکەی بەهایەک دروستبکا کە زێدەبایی نیە. ئەتوانێ بەهای کاڵا بەرزکاتەوە بەدانانی بەهایەکی زیاتر بۆ سەر ئەو بەهایەیەی کە هەیە لەڕێگەی کاری تازەوە، بۆ نمونە بە دروستکردنی پێڵاوی چەرم. ئێستا خودی مادده خۆی بەهایەکی زۆر لە خۆی دەگرێ کە بەهای کارێکی گەورەی تێدایە، بۆیە پێڵاو بەهایەکی بەرزتر لە بەهای چەرم دەگرێتە

خۆی، بەڵام بەهای چەرم وەکو خۆی دەمێنێتەوەو زیاد ناکا. لەکاتی دروستکردنی پێڵاودا، هیچ بەهایەکی زیاد ناچێتە سەر. کەواتە، بەرهەمهێنەری کاڵا ناتوانێ بەها زیاد بکا، بەو جۆرە دراوو کاڵا دەگۆڕێن بۆ سەرمایە لە دەرەوەی بواری سوڕانەوە، بێ ئەوەی لەگەڵ خاوەن کاڵاکانیتر یەکبگرنەوە. ناکرێ سەرمایە لە سوڕانەوەوە دروست بێ، هەروەها ناتوانێ لە دەرەوەی سوڕانەوەش دروست بێ. کەواتە ئەنجامێکی دوولایەنەمان دەست کەوت.ئەبێ گۆڕانی دراو بۆسەرمایە ئاشکرا بکرێ لەسەربنچینەی یاسا متبووەکان بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا، گۆڕینەوەی هاوکێشەکان ئەبێ خاڵی دەستپێکردنمان بۆ پێکبێنێ، هاوڕێمان خاوەن دراو، هێشتا کۆرپەی سەرمایەداری بوو، پێویستە لەسەری کاڵا بەنرخی بکڕێ و بەنرخی خۆی بیفرۆشێتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی ئەم پرۆسەیەدا بەهایەکی گەورەتری دەست دەکەوێ لەوەی کە خستبویە کارەوە. وەگۆڕینی بۆ سەرمایەیەکی ڕاستەقینە، ئەبێ لە بواری سوڕانەوەو لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی بواری سوڕانەوەدا، ڕووبدا. ئەمەیە مەرجی کێشەکە. (ئەمە دوورگەی ڕۆدۆسە، لێرە خۆت هەڵدە)

*"Aristototeles." De Republica، پەرتوکی یەکەم ، بەشی ١٠ ل . ١٧

**قازانج لە ئاڵوگۆڕێکەوە نایەت کە لە سایەی بارودۆخێکی ئاسایی بازاڕدا بێ، ئەگەر وەکو قەرز نەبێ لە دوای ئەو دەستە دەستکەوتەشەوە نابێ(Ramsay ،نوسەری ناوبراو ،ل١٨٤).

## کڕین و فرۆشتنی هێزی کار

گۆڕینی بەهای دراو،دیاریکراوە بۆ ئەوەی بگۆڕێ بۆ سەرمایە، ناکرێ لە خودی دراو ڕووبدا ، چونکە دراو ئامرازێکە بۆ کڕین و ئامرازێکە بۆ( دان، دفع (Pay شتێک ناکا، مەگەر بەدیهێنانی نرخی ئەو کەل و پەلەی کە پێی دەکڕێ یاخود لە بری دەدرێ، بەڵام ئەگۆڕێ، کاتێ لە شێوەیەکی تایبەتدا بەستەڵەک دەبێ، لە چەسپاوی بری بەها دەترسێ* هەربەهەمان بەها لە

درووست بوونی ئەم گۆڕانە ئەگەری لاوازبوونی هەیە ،لەکاری دووەمی سوڕانەوەدا لە دووبارەفرۆشتنی کەلوپەل، چونکە ئەم کارە دەکەوێتە سەرگۆڕانی کەلوپەل لە شێوەی بینینەوە بۆ شێوەی دراوی نوێ، کەواتە ئەبێ گۆڕان لە کەلوپەلی کڕاو ڕووبدا لە کاری یەکەمدا د-ک ، نەک لە بەهاکەی، چونکە ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشەدایە، ئەبێ ئەوەش بزانرێ بەرامبەر بە کەلوپەل بەپێی بەهاکەی پارە ئەدرێ.

بەم پێیە ، ناکرێ ئەم گۆڕانە ڕووبدا مەگەر لە بەهای بەکاربردووی کاڵا خۆی، واتە تەنها لە بەکاربردویی، بەڵام هاوکارمان خاوەن دراو ناچێتە خولانەوەی بەهای کاڵای بەکاربردوو مەگەر بەختی بیهێنێ

لە سنوری بواری سوڕانەوەدا، واتە لە بازاڕ وا دەرکەوتووە بەهای بەکارهێنانی کەلوپەل خاسیەتێکی بنچینەیی هەیە، چونکە سەرچاوەی بەهایە، بەکاربردویی کاڵا بەرجەستەیی کارەو دروستکەری بەهایە.خاوەن دراو لەنمونەی ئەم جۆرە کاڵا تایبەتانە لە بازاڕدا دەبینێ، کە بوونی هێزە بەسەرکاردا، یاخود هێزی کارە.

مەبەستمان لە هێزی کار، یاخود بوونی هێز بەسەرکاردا، کۆمەڵێ توانای جەستەیی و ڕوحییە کەئەندامەکانی لەشی مرۆڤ خاوەنین، کەسایەتی زیندو لە هەرجارێکی بەکارهێنانیدا ، بەهایەکی بەکارهێنراو دێتە بەرهەم.

بەڵام ئەبێ جۆرەها مەرج جێبەجێ بکرێو بۆ ئەوەی خاوەن دراو بتوانێ لە بازاڕدا هێزی کار وەکو کەلوپەل بدۆزرێتەوە.ئاڵوگۆڕی کەلوپەل هیچ جۆرەپەیوەندییەکی یەک لەدوای یەکی تێدانییە، جگە لەوەی کە سروشتیانە لەخۆیەوە دێ.

* سەرمایە لەشێوەی دراودا هیچ قازانجێک بە دەست ناهێنێ)

(P267 ،1821 ،Ricardo “Principal of Political Economy” “ 3rd ed. London.).

با بڵێین ناکرێ هێزی کار لە بازاڕدا دەرکەوێ وەکو کەلوپەل، مەگەر جارجار وەبەپێی ئەوەی کە دەبرێ بۆ بازاڕ یاخود خاوەندێتی تایبەتی دەیفرۆشێ، واتە ئەوکەسەی کە دەبێتە هێزی کارەکەی. بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بتوانێ بیفرۆشێ وەکو کەلوپەل. دەبێ خۆشیی لە بەکارهێنانی ببینێ، پێویستە ببێتە خاوەو ملکێکی ئازاد لەتوانای بەسەر کارکردندا،خاوەن کەسایەتی خۆی بێ، لەگەڵ خاوەن دراودا لە بازاڕ یەک دەگرنەوە پەیوەندی خاوەن ملکایەتی

دەکەوێتە نێوانیانەوە دڵخۆشن بەوەی مافی یەکسانیان هەیە، تەنها جیاوازییەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە یەکێکیان فرۆشیارەو ئەوی تر کڕیارە، دووکەسن لەمافدا یەکسان.

ئەوە دەخوازن ئەو پەیوەندییانە بمێنێ، خاوەن هێزی کار هەڵدەستێ بە فرۆشتنی بەردەوام بۆ کاتێکی دیاریکراو، چونکە ئەگەر یەک جار هەمووی بفرۆشێ بۆ هەتا هەتایە، ئەوکاتە خۆشی ئەفرۆشت و لە مرۆڤێکی ئازادەوە ئەگۆڕا  بۆ کۆیلەیەک، لە خاوەن کاڵاوە بۆ کاڵا، بەوپێیەی کە کەسایەتییە، پێویستە لە سەری هەمیشە ئەو پەیوەندییە بپارێزێ کە لە بەرامبەر هێزی کاری کە ملکی خۆیەتی وە کەلوپەلێکی تایبەتە، ئەمەش مەحاڵە مەگەر بەپێی ڕێپێدانی بەردەوامی کڕیار بە بەکارهێنانی هێزی کاری یاخود بەکاربردنی تەنها بەشێوەیەکی کاتی، تەنها لە پێناو دیاریکردندا، کەواتە بەقەی چۆک دانەدانی لە بەرامبەر مافەکانی لە ملکایەتی هێزی کاری کاتی لێی ئاوا دەبێ**

** بەپەلە جۆرەها یاسایان دانا بۆ بەستنی کار لای ئەو گەلانەی کە وایدەبینن کە کاری ئازادییان بەدەستە، یاسایەک کە بەردەوام لە جێبەجێ کردندایە بەمەبەستی لابردنی

(بەستنی کرێگرتەیی(Contract: لە هەندێ لەوڵاتان بەتایبەت (مەکسیک)(پێش شەڕی ناوخۆی ئەمریکا وەلەناوچەداگیرکراوەکانی مەکسیک وە لە ڕاستیدا لە پرۆڤانسی (دانوب)، هەتا کودەتای کوزا(٦٢)، کۆیلایەتی شاراوەبوو لەژێرناوی پیپۆنیpeonage   بەهۆی ئەوکارانەی کەدەبوو بدرێتەوە بە کارو ئەرکی تایبەتیان هەبێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، نەک تەنها کاری تاکەکەس بەڵکو خێزانەکەشی بە کارکرد دەبووە ملکیەتی کەسێکی تروخێزانێکی تر(بیۆنیش)لەناوبرا .بەڵام ئیمپراتۆری پێشەوا "ماکسیمیلیان" سەرلەنوێ بەڕاستی بەشێوەیکی یاسایی  گەراندیەوە، لەشورای واشنتن ناونرا بەوەی کە ئەم کارەیاساییە لە "مەکسیک" .

"ئەتوانم جێگە چۆڵکەم بۆ کەسێکی تر لەوریایی تایبەتی وجەستەیی و ڕوحی خۆمەوە، توانای چالاکیم و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی دیاریکراو لەڕووی کاتەوە، لە ئەنجامی ئەو دیاریکردنە پەیوەندییەکی دەرەکی گشتی و تەواو بەدەست دێنێ ، بەڵام ئەگەر هەموو وەختی خۆم بخەمەلاوە، کەئەبێتەشتێکی بەڵگەدار لە دووتوێی کارداو ئەگەر چالاکی بەرهەمهێنانم خستەلاوە، ئەوکاتە دەبمە دروستکەری کرۆکی ئەو چالاکییە، چالاکی گشتیم و بوونم و کەسایەتیم ئەبێتە ملکی کەسێکی تر"

.(67 ،Berlin 1840 .S.104 ،" Pilosophiedes Rechts"،Hegel)

مەرجی سۆزی دووەم پێویستە بۆئەوەی خاوەن دراو بتوانێ لە بازاڕدا هێزی کار بدۆزێتەوە وەکو کاڵایەکی مت بوو،ئەبێ خاوەن کار بێبەش بێ لە توانای کڕینی کەلوپەلێک کە جەستەی تێدا خستوتەکار، وەبەپێچەوانەوە، ئەبێ ناچاربێ هێزی کاری خۆی وەکو کاڵایەک بفرۆشێ کە تەنها لە لاشەی زیندویدا هەیە.

بەڵام بۆئەوەی کسێکیان بتوانێ ئەوکاڵایە بفرۆشێ کە جیایە لە هێزی کارەکەی، ئەبێ ئامرازی بەرهەمهێنانی هەر هەبێ، بۆنمونە مادەی خاوو ئامرازی کارو..هتد

نابێ پێڵاو دروست بکرێ بەبێ چەرم، هەروەها ئەبێ کرێکارئامرازی بژێوی هەبێ ،

ئەوکەسەی کە خەو بە دانانی مۆسیقای داهاتووەوە دەبینێ، کە بە بژێوی داهاتوو بژێت، ناتوانێ لە سەر حیسابی بەهای بەکارهێنانێک بژێت کەلە داهاتوودا بەدەستی ئەهێنێ .

مرۆڤ هەرلە یەکەم رۆژی دەرکەوتنیەوە لەسەر تۆپی زەوی، ئەبێ رۆژانە بەکار ببا پێش ئەوەی بەرهەمبێنێ ، ئەبێ بەکارببا لەهەمان کاتا کەبەرهەمدێنێ، وەئەگەربەرهەم وەکوکاڵابێتەبەرهەم ئەبێ لەپاش بەرهەمهێنانی بفرۆشرێت، تەنها پاش فرۆشتنی پێویستیەکانی بەرهەمهێن پڕکاتەوە، کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی،کات ڕێکدەخات بۆ فرۆشتنی. بەوجۆرە خاوەن دراو ناتوانێ دراوەکەی بگۆڕێ بۆ سەرمایە، مەگەر لە حاڵەتێکدا کە لە بازاڕی کاڵادا کرێکاری سەربەخۆ هەبێ، سەربەخۆ بەدوو مانا ، بەمانای کرێکار کەسێکی سەربەخۆیە بەهێزی کارەکەی خۆی هەڵسوکەوت دەکا وەکو کاڵا لە لایەکی ترەوە هیچ کەلوپەلێکی تری نییە بۆ فرۆشتن، خاوەن شتێک نییە وەئازادە لە هەموو مادەیەکی پێویست بۆ بەدیهێنانی هێزی کار.

ئەم پرسیارە: بۆچی ئەوکرێکارە سەربەستە ڕووبەڕووی خاوەن دراو دەبێتەوە لە بواری سوڕانەوەدا بەلای خاوەن دراوەوە گرنگ نییە کە بازاڕی کار دەدۆزێتەوە بە شێوەیەکی ئامادەکراو وای باس لێ دەکا کە لقێکی تایبەتە لە بازاڕی کاردا. ئێمەش ئەم پرسیارەمان بەلاوە گرنگ نییە بەهەمان پلە.

بیردۆزێک بەرز دەکەینەوە لە دانانی شتومەک وەکوچۆن خاوەن دراو بە پراکتیک بەرزی دەکاتەوە.

بەهەرحاڵً لێرەدا یەک شت هەیە، سروشت خاوەن دراو و کەلوپەل بەرهەم ناهێنێ لەلایەک. وەخاوەن کار بەتەنها لەلایەکی ترەوە. ئەم پەیوەندییە لە خودی سروشتەوە نەهاتووە.وەکو

دەبینرێ لە ئەنجامی  پێشکەوتنی مێژوویی پێشترە، بەرهەمی زۆر کودەتای ئابورییە ، ئەنجامی نەمانی کۆمەڵێکی تەواو پێکهاتە کۆنەکانی بەهەمهێنانی کۆمەلایەتییە.

ئەوشێوە ئابوریانەی کەپێشتر باسمانکرد مۆری مێژووی لێدراوە   ، بوونی بەرهەمهێن وەکوکالا   کاتوشوێنی مێژوویی   دیاریکراوی خۆی ئەسەپێنێ. لەپێناوی ئەوەی کە بەرهەمهێنەری کالا ئەبێ بەرهەمبێنێ نەک وەکو ئامرازێکی ڕاستەوخۆ بۆ بژێوی بەرهەمهێن خۆی. ئەگەر لە باسەکەماندا ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین، لەسایەی چ بارێکدا هەموو بەرهەمەکان وەردەگیرێ یاخود زۆربەی  بەکەمترین بەهای شێوەی کالا بۆمان دەرکەوت کە لەسەربنچینەی شێوەی بەرهەمهێنانی جیاواز  ناچێتە ڕێوە مەگەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدار بەشێوەیەکی زۆر تایبەت .

ئەم شێوە باسە لە چێوەی شیکردنەوەی کالا دەردەچێ. ئەکرێ بەرهەمهێنانی کالاو خولانەوەی کەلوپەلیش بەدی بکرێ کاتێ زۆربەی بارستایی بەرهەمهێنان  تەرخان بکرێ بۆ بەکاربردنی خودی خۆی بە ڕاستەوخۆیی کەناگۆڕێ بۆ کەلوپەل، هەروەها پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی تاکۆ ئێستا دوورە لەوەی کە بەتەواوی کێشیەوە بچێتە ژێر کۆنترۆڵی بەهای ئاڵوگۆڕەوە. بۆئەوەی بەرهەمهێنەر بگۆڕێ بۆ کالا ئەبێ داربەشکردنی کار لەناو کۆمەڵدا بەرەو پێش بڕوا بە پلەیەک کە جیاوازی بکرێ لە نێوان بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵۆوگۆڕ، ئەم جیاوازییە لە سایەی بازرگانی ئاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆوە دەست پێبکا، وە ئەبێ تەواوبکرێ. بەلام پلەی پێشکەوتن وەکو مێژوو پێویستی بە ڕێکخراوی کۆمەلایەتی-ئابوری جۆراوجۆری مەتین هەیە.

ئەگەر زۆر بەوردی بڕوانینە دراو ئەبینین ئاستێکی دیاریکراوی ئاڵوگۆڕ خۆی دەچەسپێنێ. شێوەی جیاجیای دراو هاوسەنگی کالای سادە، یاخود ئامرازی خولانەوە، یاخودئامرازی پارەدان،یاخود (گەنجینەی پاشەکەوت کردوو)، یاخود دراوی جیهانی ئیشارەت بەوە دەکات کە بەپێی بڕی بەکارهێنان و بلاوبونەوەی ڕێژەی ئەم کارە یاخود ئەو بۆ پلەی زۆر جیاوازی پرۆسەی بەرهەمهێنی کۆمەلایەتی. لەگەڵ ئەو بۆ پلەی زۆر جیاوازی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی . لەگەڵ ئەوەشدا، هەربەتاقی کردنەوە دەزانین کالا بۆئەوەی هەموو شێوەکان پێک بێ. ئەوکارەی دەربارەی سەرمایەیە جیاوازە.

مەرجی مێژوویی هەبوونی ناکەوێتە سەر بوونی سوانەوەی کالاودراو، سەرمایە لەوێ نەبێ پێک نایا، خاوەن  ئامرازی بەهەمهێنان و ئامرازی ژیان لەبازاڕدا کرێکاری ئازاد دەدۆزێتەوەو کە هێزی کارەکەی

دەفرۆشی،ئەم مەرجەمێژووییە تەواو خۆی بەتەنها گرەنتی مێژوویەکی جیهانی تەواوە. بۆیە سەرمایەدار پێش ساتی دروست بوونی ڕێگە ئەدا بە پێکهێنانی چەرخێکی نوێ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، ئێستا ئەبێ زۆر لە نزیکەوە بڕوانینە کەلوپەلە جیاوازەکان، هێزی کاریش وەکو هەموو کەلوپەلێکی تر بەهای خۆی هەیە*

*"نرخی مرۆڤ، یاخود گرنگێتی، نرخەکەیەتی وەکو هەموو کەلوپەلێکی تر. واتە بڕەپارەیەک دەدرێ لەبەرامبەر بەکارهێنانی هێزەکەی.

.V ،1839-1844 ،III.p.76))Th."Leviathan"in "works" edit. Molesworth .London

بەچی ئەو بڕە دیاری دەکرێ؟ نرخی هێزی کار دیاری دەکرێ، وەکو هەرکەلوپەلێکی تر،بەکاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی مادەی پیشەسازی جیاواز، هەروەها بۆ تازەکردنەوەی بەرهەم. وایدانێین کە هێزی کار بەهایە، جگە لە نواندنی بڕێکی دیاریکراو لە کاری جەستەی مام ناوەندی کۆمەڵایەتی شتێکی تر نییە. هێزی کار وەکو هێزی توانای تاکی زیندو دەردەکەوێ. بەرهەمی هێزی کار ئەمەی دواییان ئەسەپێندرێ. بەرهەمهێنانی هێزی کار پێک دێ لە تازەکردنەوەی بەرهەمهێنانی خودی تاکەکەس وەپاراستنی و مانەوەی.

تاکە کەسیش بۆ پاراستن و هێشتنەوەی پێویستیی بە بڕێکی دیاریکراو لە ئامرازی ژیانە.کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار کپ دەبێتەوە لەگەڵ کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئەو ئامرازی ژیانە.

بەهای هێزی کار هەمان بەهای ئامرازە پێویستەکانی ژیانە بۆ پاراستن و مانەوەی خاوەنەکەی، بەڵام هێزی کار پێک نایا مەگەر لە ڕێگەی مانەوەی بەرچاو، واتە بەدی نایا مەگەر لە کاردا، وە بۆ بەدیهێنانی بڕێکی دیاریکراو لە جەستەو دەمارو مۆخی ..مرۆڤ دەدرێ، وە دەبێ سەرلەنوێ قەرەبو بکرێتەوە، ئەم خەرجییە زۆرە داهاتێکی زۆری دەوێ**

خاوەن هێزی کار ئەمڕۆ ڕەنج دەدا، دەبێ سبەینێ بتوانێ خودی ئەم کارە دووبارەبکاتەوە لەژێر سایەی هەلومەرجی هێزو تەندروستی پێشوی، کەواتە ئەبێ کۆی ئامرازی ژیان بەشی مانەوەی تاکی ڕەنجدەر بکات، وەکو لەباری چالاکی ژیانێکی ڕۆتین دا .

داواکارییە سروشتیەکانی وەکو خواردن و جلوبەرگ، سوتەمەنی، شوێنی ماڵ و ژیان بەپێی گۆڕانی کەش ، ئاووهەواو سروشتی ئەم یاخود ئەو وڵات . لە لایەکی ترەوە ئەوبڕەی پێی دەڵێن پێویستییەکان و ڕێگە پڕکردنەوەشی هەڵقوڵاوی مێژووەو ڕادەیەکی زۆری دەکەوێتە

سەرئاستی ڕۆشنبیری وڵات، وەبەپلەیەکی زۆر گوزەران، هەروەها دەکەوێتە سەر داب ونەریت و پێویستیەکانی ژیان کەتیایدا چینی کرێکاری ئازاد پێک هاتووە .***

**Villiaus، سەرپەرشتیارێک کە سەرپەرشتی کۆیلەی کشتوکاڵی دەکرد لە ڕۆمای کۆن، "دەستکەوتێک بەدەست دێنێ کەمتر لەوەی کە کارەکەی بەدەستی دێنێ ، چونکە ئەوکارەی کەوتۆتە سەرشانی سوکترە لە کارەکەی ئەوان.

(s 810 ،1856 ،Th. Mommsen."Romische Geschichte").

***بەراورد کە Thornton." Overpopulation and its remedy". London ،W. Th، 1846.

کەواتە پێچەوانەی کەلوپەلەکانی تر، دیاریکردنی نرخی هێزی کار بە توخمێکی مێژوویی ئاکاری قەبارەو پێکهێنانی ئامرازە پێویستەکانی ژیانێکی مامناوەندی کرێکار.برێکی دراون بەپێی ئەو وڵاتەی کە جێی مەبەستەو لە ئاستێکی دیاریکراودایە، خاوەن هێزی کار لە لەناوچووەکانە. هەروەها لەسەر فرۆشیاری هێزی کارە، لەپێناو دەرکەوتنی لە بازاڕ بەشێوەیەکی بەردەوام هەروەها ئەمەش وا دەخوازێ دراو بگۆڕێ بۆ سەرمایە بەشێوەیەکی بەردەوام،

"خۆی دەژێنی وەکو هەرتاکێک کە خۆی دەژێنێ، لە ڕێگەی زۆر بوونەوە"

ئەو هێزی کارەی کە لە بازا ڕەوە دەرئەچێ بەبۆنەی بەلاو مردنەوە، ئەبێ هەمیشە بگۆڕێ بەهەمان بڕ کەمتر لە هێزی کاری نوێ. بۆیە کۆی هەموو ئامرازە پێویستیەکانی ژیان بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کارو ئامرازی ژیانی مناڵی کرێکاران، بەوجۆرە توخمی خاوەن کاڵا جیاوازەکان لە بازاڕی کاڵادا ئەمێننەوە***

سروشتی مرۆڤایەتی بەگشتی بەو شێوەیە ئەبێ بگۆڕێ بۆ ئەوەی ژمارەیەک کەسی وریاو شارەزایان دەست بکەوێ لە لقە دیاریکراوەکانیدا، وە هێزی کار جیاوازو پێشکەوتوبێ، ئەم بابەتەش زانستێکی دیاریکراوی دەوێ، یاخود پەروەردەیەکی دیاریکراو ڕۆڵی زیادبوون یاخود کەم بوون دەبینێ لە هاوکێشەی کاڵاکاندا.

چەندایەتی تێچونی فێربوون جیاوازە بەپێی وریایی و زیرەکی هێزی کار، هەروەها چەندایەتی تێچونی فێربوون زۆر کەمە لە بەرانبەر هێزی کاری ئاسایی کە دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی بڕی سەرفکراوی بەروبومی هێزی کار، نرخی هێزی کار دەکەوێتە نێوەندی کۆی بڕێکی دیاریکراوی ئامرازی ژیانەوە، ئەوەش لە گەڵ گۆڕانی نرخی ئامرازی ژیان دەگۆڕێ، واتە لەگەڵ گۆڕانی بڕی کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئەو ئامرازانە.

بەشێک لەو ئامرازی ژیانە، وەکو خواردەمەنی و سوتەمەنی...هتد ڕۆژانە بەکار دەبرێ بۆیە پێویستە ڕۆژانە قەرەبوو compensationبکرێتەوە، لێرەدا ئامرازی تری ژیان هەیە وەکو جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ Furniture ..هتد ، لەماوەی کەمخایەن یاخود درێژخایەن بەکار دەبرێ، قەرەبوناکرێتەوە مەگەر لە دوای تەواوبوونی ماوەیەکی درێژخایەن. هەندێ لە کاڵاکان دەکڕێ و ڕۆژانە پارەکەی دەدرێ ، هەندێکی تریان هەفتانە یاخود هەرسێ مانگ جارێ، بەوجۆرە بەڵام کۆی ئەم خەرجیانە alimony بۆ نمونە لەماوەی ساڵێکدا ئەبێ دەستکەوتی مامناوەندی بپۆشێ لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر. ئەگەر بارستایی کەلوپەلی ڕۆژانەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار =ِ A،

وە بارستایی کەلوپەلی پێویستی هەفتانە = B ، بارستایی کەلوپەلی پێویستی هەرسێ مانگ جارێ= ..Cهتد بەوجۆرە بڕی مامناوەندی ڕۆژانەی کاڵا= +٢٤ B52+A 365 هتد.

***نرخی سروشتی کار... ئەو بڕە لە مادەی پێویست لەگەڵ ئامرازەکانی ئاسودەییLuxury دەگونجێنن.

وایدانێین کە ئەو بارستاییە لە کەلوپەلی پێویستی ڕۆژێکی مامناوەندی شەش کاتژمێر لە کاری کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆ، واتە پێویست بە نیوڕۆژ کاری مامناوەندی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێتەوە. کەواتە ئەمە نیوڕۆژ کارکردنی دەوێ بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کاری ڕۆژانەو ئەم چەندایەتی کارە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کاری ڕۆژانە بەرهەمەکەی تازە دەکاتەوە.ئەگەر نیوڕۆژ کاری کۆمەڵایەتی مامناوەندی بەبارستاییەک لە زێڕ دابنرێ بە بڕی ٣شلن ئەوە نرخی گونجاوی بەهای ڕۆژانەی هێزی کارە، ئەگەر خاوەن کار ڕۆژانە بیفرۆشێ بەرانبەر بە شلنێک واتە نرخی فرۆشتنی یەکسان ئەبێ بە بەهاکەی، بەپێی گریمانەمان خاوەن دراو، کە ئارەزووی گۆڕانی (شلن) هەیە بۆ سەرمایە وەبە کارکرد ئەوبەهایە دەدا.

کەمترین دیاریکراو لە هێزی کار نرخی ئەو بارستاییە کاڵاییە پێک دێنێ کە هەڵگری هێزی کار، واتە مرۆڤ ناتوانێ بەبێ دەرچوونی ڕۆژانەی پرۆسەی ژیانی نوێ بکاتەوە، واتە نرخی

ئامرازی پێویستییە جەستەییەکانی ژیان، ئەگەر نرخی هێزی کار نزم بۆوە تاکو کەمترین سنور کەواتە بەبێ نرخ نزم دەبێتەوە، چوکە هێزی کاری ناتوانێ مانەوەی خۆی بپارێزێ لەبارودۆخی سادەی لەم جۆرە مەگەر بەشێوەیەکی لاواز. بەڵام نرخی هەرکەلوپەلێک بە پێی کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکە دیاری دەکرێ کەهاوشێوەن. کەسانێکی بێ سنورکەم هەستن کەوایادەنێن کە ئەمە دیاریکردنی نرخی هێزی کارە، کەلەناخی خودی بابەتەکەوە هەڵدەقوڵێ.

ئەم بیردۆزە لەلایەن بڕیاردەرێکەوەیە کە زۆر سروشتیانە دەڕوانێتە بابەت و بەڕووسی سکاڵا دەکات:

"ڕوانینە توانای کارکردن (Puissance de travail)دوور لە ئامرازی پێویستی ژیان بۆ کارکردن لەکاتی پرۆسەی بەرهەمهێناندا، واتە ڕوانینە بیرکردنەوەی خودی جیاواز etrede raison )). وە دووان لە کارکردن دووانە لە توانای کارکردن، واتە لەهەمان کاتدا دووان لە کرێکارو ئامرازەکانی ژیانی و کرێکارو کرێ*

توانای کارکردن مانای کارکردن نییە، توانانی هەرسکردنی خواردن بۆیەک تۆزیش پراکتیکی هەرسکردنی خواردن بە فیعلی ناکا. بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بێتەدی وەکو زانراوە گەدەیەکی باش بەس نییە. ئەوەی باس لە توانای کارکردن دەکا لە ئامرازە پێویستییەکانی ژیان جیانابێتەوە کەدەیپارێزێ بەهاکەی بەتەواوی باس لە بەهای ئامرازی ژیانی دەکا.

وە ئەگەرهێزی کارەکەی نەفرۆشێ هیچ سودێکی پێنابەخشرێ، هەروەها کرێکار لەم حاڵەتەدا وایادەنێ کە پێویستییەکی سروشتی ئازاردەرە توانای دروستکردنی بڕێکی دیاریکراو لە ئامرازی ژیان دەخوازێ بۆ بەرهەمهێنانی و بەکاربردنی جار لەدوای جار بۆ تازەکردنەوەی بەرهەمەکەی.

*Rossi."Cours d'economie Politique". 1843، p370، 371.

لەوکاتەدا لە گەڵ (سیسموندی)دا هەڵدەستێ بەم دۆزینەوەیە:" توانای کارکردن .. شتێک نییە ، کەوابێ ناکرێ بفرۆشرێ**

سروشتی جیاوازی ئەم کالا تایبەتە، واتە هێزی کار، دەردەکەوێ و دەردەکەوێ ، بەهای بەکارهێنانی بە کارکردەوە ناگوێزرێتەوە بۆ دەستی کڕیار دوای بەستنی پەیمان Contract لەنێوان کڕیاروفرۆشیار. نرخیان وەکو بەهای هەرکالایەکی ترە، دیاری کراوە پێش ئەوەی بچێتە ناو خولانەوەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی بڕێکی دیاریکراوی کاری کۆمەڵایەتی خەرج کراوە بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار..بەڵام بەهای بەکارهێنانی لەشێوەی سادەی چالاکی داهاتوو پێک نایا، بەوجۆرە بەڕەسمی پێچەوانە بەفرۆشتنی بەهای بەکارهێنانی خۆشگوزەرانی، ڕووداوی یەک کات نین، بەڵام دراوی کڕیار وەکو ڕۆتین هەڵدەستێ بە پارەدان لە کاتی کڕینی ئەو کەلوپەلانەدا پێکهاتی شێوەیی جیادەبێتەوە لە بەهای بەکارهێنان لە ڕووی کاتەوەو لەڕووی دانی پارە بەکارکردەوە بەکڕیار**لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە شێوەی بەرهەمهێنان لە لایەن سەرمایەدارەوە بەرانبەر بە هێزی کار نادرێ مەگەر دوای ئەوەی کاربکا بۆ ماوەیەک کە پەیمان بەستن دیاری دەکا. لەکاتی کڕیندا، بۆنمونە لە کۆتایی هەرهەفتەیەک ..هتد

کرێکار بۆ سەرمایەدار خەرج دەکا لە هەرشوێنێ کە ئەبێتە بەهای بەکارهێنانی هێزی کار، ڕێگە بۆ کڕیار خۆش دەکا کەهێزی کاری بەکارببا پێش ئەوەی ئەمەی دواییان نرخ بدا، بە وشەیەک: لەهەموو شوێنێ کرێکار قەرز دەدا بە سەرمایەدار. بەڵام قەرز تەنها جیاوازییەکی ڕووت نییە، وەکو دەڵێن تەنها لەدەستدانی کرێی خاوەن قەرزنییە لە کاتی (افلاس) bankruptcyبونی سەرمایەداری****

« Sismondi> « Nouveaux Principes d'Economie Politique ،t.1،، **.p.113

***تەنها لە کۆتایی کارکردن پارە دەدرێ

،respecting the Nature of Demand etc." ،An Inquiry in to those principles (p. 104.

ئەبێ وا دانرێ کە سەرەتای قەرزی بازرگانی ئەگرێتەوە بۆ ئەو چرکەیەی کەکرێکار بەتوانایە ئەمە سەرچاوەی هەموو بەرهەمهێنانێکە. بە پشتگیری پاشەکەوت کردن لە چاوەڕوانی کرێ بەرامبەر بەکارکردن تاکو کۆتایی هەفتە یاخود دووهەفتە یا مانگێ یان سێ مانگ ..هتد "

2eme ،Ch.Ganilh."Des Sustemes d'Economie Politique" (p.150،t.11،1821،edit.Paris.

***شتورخ دەڵێ:"کرێکار...هێزی بەرهەمهێنانی قەرز دەکات"، بەڵام شتورخ سەڵماندنی دەخاتە سەر"توشی مەترسی نایا "مەگەر لەدەستدانی کرێکەی..کرێکار بەهێچ جۆرێ بەپارە بەشداری بەرهەمهێنان ناکا"

.(37،p.36 ،II ،1815 ،Storch. »cours d'economie Politique ». petersbourg

بەڵام ڕستەیەکی تەواو لەوڕاستییانەی کە پراکتیکی کارلێکردنی درێژخایەنی هەیە*

---

*نمونەیەک. لە لەندەن دووجۆر نانەواخانە هەیە کە نان بەتەواوی بەهاکەی دەفرۆشن،

Tremenheere "Grievances complained of by the journeymen

Under sellers bakers etc." London.1862

بەبێ هەڵاواردن نان دەفرۆشن کەتێکەڵ بەکانزای ئەلەمنیۆم، سابون،مرواری وردکراو، تەباشیر، تۆزی بەردین، زۆری تری لەم توخمە بەتامانە لە خواردنی پرتەندروستی.(بڕوانە پەرتوکی شین" دانەر د. هاسل،

Committee of 1855 of the Adulteration of bread

سیرجۆن گۆردن تێبینی ئەوەدەکات لەبەردەم لیژنەی ١٨٥٥ "لە ئەنجامی ئەو فێڵەی کە ئەوهەژارەی کە ڕۆژانە بە٢ پاوەن نان دەژێت کەلە ڕاستیدا چارەکێکی ئەو توخمەی دەست ناکەوێ کەلە هەمان نانی ساختەوفێڵ دا هەیە، ئەو زەرەرانەش باس ناکرێ کە خڵتەکان بە تەندروستی دەگەیەنن".

دەربارەی ئەم پرسیارەی دواییان. کەواتە بۆچی، "بەشێکی زۆر چینی کرێکار" دەیکڕێ، لە گەڵ ئەوەی کە بەدڵنیاییەوە فێڵی تێدا دەکرێ، شب و تۆوی بەرد..هتد، تریمنهیر وەڵام دەداتەوە ("P.XLVIII، Report ) ناوبراو

کرێکاران "ناچارن لە فڕنەکان یان دوکانەکانیان وەربیگن، ئەونانەی کە بەچاکی دەزانن بیخەنەڕوو بۆیان" .

وایدانێین کە بەرابەری کارەکەیان تەنها کۆتایی هەفتەی کارە، ئەوانیش بەدەوری خۆیان تەنها لەکۆتایی هەفتەی کاردا دەتوانن بەرابەری ئەونانە بدەن کەخێزانەکەیان لە هەفتەیەکدا بەکاری (بردووە استهلاک)، هەروەها تریمنهیر سوورە لەسەر ئەوەی کە بەسود وەرگرتن لە گەواهیدەران": ئەوە چەسپاوە کە بێگومان لەم جۆرە نانە بە خڵتەوە تایبەت دروست دەکرێت بۆ ئەم جۆرەکڕیارانە"

made expressly ،It's notorious that bread composed of those mixtures .("for sale in this manner

لەزۆربەی ناوچەکشتوکاڵیەکانی ئینگلتەرا" بەتایبەت (سکوتلاند)، جارێک لە دووهەفتەدا، تەنانەت یاخود یەک جار لە مانگێکدا هەقدەست دەدرێ. کرێکاری کشتوکاڵی دوو شلن و بەنس ئەدا لەبەرامبەر ٦٠کە بەهەمان ئارد دروست دەکرێ لە شوێنێکی تر بە شلنێک و ١٠ بەنس بەرانبەر بە ٦٠

Sixth report on " public Health by " the medical officer of the privy ") .(p.264 ،council etc." 1864

کرێکاری چاپی دەستی توانییان لە بیسلی و کیلمارنوک(سکوتلاندی ڕۆژ ئاوا) لەساڵی ١٨٥٣ مان بگرن بۆ ئەوەی دووهەفتەجارێ هەقدەست بدرێ لە جیاتی یەک مانگ جارێ.

(p34 ،Reports of the Inspectors of Factories for 31st October 1853"

وا دادەنرێ کە هەنگاوێکی فێڵئامێزە بۆ ئەوەی پەرە بە قەرزکردن بدا کە کرێکار دەیکا لەبەرانبەر سەرمایەدار، ئەوڕێگەیەی کە زۆربەی خاوەن پیشەسازییەکانی خەڵوزی ئینگلیز بەدوایدا دەچن، ئەوانەی کە هەقدەستی کرێکاران لە کۆتایی مانگ دەدرێ، بەڵام (خەرجی،سلفە،advance ) دەدرێ پێش وەرگرتنی هەقدەست. زۆرجار بە شێوەی کەلوپەل، کرێکار ناچار دەبێ چونکە کرێکار دەبێ نرخێکی زیاتر لەنرخی بازاڕ بدا(Truck system ) ." خاوەن کارگەی خەڵوز ئەوەی کردووە بەبار کەمانگی جارێ هەقدەست بدەن ، وە خەرجی بدەن بە کرێکاران لە کۆتایی هەرهەفتەیەک. وە ئەو خەرجییە لە دوکانەکان بەتایبەتی لە Tommy-Shop واتە ئەو دوکانەی کەدەگەڕێتەوە بۆ خاوەن پرۆژە، کرێکاران لەگۆشەیەکەوە ئەو پارەیە وەرگرن و لەگۆشەیەکی ترەوە دەیدەنەوە.

N2 ،p.38 ،1864 ،3rd Report". London،Children' Employment Commision") .(192

سیمای ئاڵوگۆڕی کەلوپەل لەخۆیەوە  ناگۆڕێ ئەگەر دراویش ببێتە ئامرازی کڕین یاخود ئامرازی پارەدان.نرخی هێزی کاری دیاریکرا کاتێ پەیمانی بۆ بەسترا ئەویش نایاتە دی، وەکو کرێی نیشتەجێ بوون، هێزی کاردەفرۆشرێ و کرێکەشی بەدەست نایا مەگەر بە شێوەی درەنگ وەخت. بەڵام باشترە بڵێین شتێکی کاتیە، بەبەهانەی لێکۆڵینەوە لەم پەیوەندییە بەشێوەیەکی بێگەرد، خاوەن هێزی کار هەمیشە نرخێکی دیاریکراوی دەست دەکەوێ لەو پەیمانەدا لە هەمان کاتدا لەگەڵ فرۆشتنیدا.

ئێستا دەزانین ڕێگەی دیاریکردنی بەهایەک کەخاوەن دراو دەیدا بەو خاوەن کاڵا جۆراو جۆرانە، واتە هێزی کارو نرخی بەکارهێنانی، کە خاوەن دراو دەستی دەکەوێ لە ڕۆڵ ً ◌َ ی ئاڵوگۆڕدا، دەست پێ ناکا مەگەر لە پرۆسەی بەکارهێنانی فیعلی، لە پرۆسەی بەکار بردنی هێزی کار.

هەموو  شتێکی پێویست بۆ ئەم پرۆسەیە، وەکو مادەی خاوو شتی تری لەو چەشنە، خاوەن دراو دەیکڕێ لە بازاڕی کەلوپەل وە نرخەکەشی بە تەواوی دەدا.پرۆسەی بەکار بردنی هێزی کار لە هەمان کاتدا پرۆسەی بەرهەمهێنانی کەلوپەلو زێدەباییە، هێزی کاریش بەکار دەبرێ وەکو کاڵایەکی تر لەدەرەوەی سنوری بازاڕدا یاخود لە بواری سوڕانەوەدا. با لەم بوارە پڕلە هەرایە گەڕێین، لە دیدگای هەموو پیاوێکەوە هەر شتە لە شوێنێک ڕوودەدا، ئەگەر بەدوای هەردووکیاندا بچین خاوەن دراو،  خاوەن هێزی کار. پەراوێزی شاراوە هەیە بۆ بەرهەمهێنانێک کە لە چونەناویەوە دەبینرێ.( چوونە ژوورەوە قەدەغەیە بۆ کەسی بێگانە (  No Admittances expect business لێرەدا  تەنها چۆنیەتی بەرهەمهێنان نابینین لای سەرمایەدار، بەڵکو چۆن بەبەرهەم دەهێنرێت.

ئەبێ نهێنی تەواوی ئەو قازانجەی دەیکەن لە بەردەممان ئاشکرا بکرێ.بواری خولانەوە. یاخود ئاڵوگۆڕی کاڵا، کەلەچوارچێوەی کڕین و فرۆشتنی هێزی کار. دێتەدی ئەوە بەهەشتێکی ڕاستەقینەی مافی مرۆڤی مشەخۆرە.لێرەدا تەنها ئازادی و یەکسانی و موڵکایەتی ئازادی (بێنتام) دەبێتە باو چونکە کڕیارو فرۆشیاری کاڵاو هێزی کار بۆنمونە تەنها دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی  ویستی ڕەهای خۆیانەوە، وەکو دووکەسی ڕەها، بەتوانا لەڕووی مافەکانیانەوە، پەیمان دەبەستن، پەیمان دوا ئامانجە کە ویستەکانیانی تیا دەبینن وەکو دەستەواژەیەکی مافی گشتی.

یەکسانی! چونکە ڕووبەڕووی یەکترنابنەوە تەنها وەکو خاوەن ملکی کاڵا نەبێ ئاڵوگۆڕی یەکسان بەیەکسان دەکەن.

موڵکایەتی! چونکە هەریەکەلەوان سەودا ناکا مەگەر تەنها بەوەی کە بۆی دەگەڕێتەوە. Bentham!

چونکە هەریەکە لەوانە تەنها گرنگی بەخۆی دەدا، تاکە هێز کە دەیانبەستێتەوە بەیەکەوە تێکۆشانی هەریەکەیانە بەرەو قازانجی تایبەتی، ئەوەش خۆویستن و بەرژەوەندی گشتییە

ئەگەر ئەم بواری خولانەوە سادەیە جێبێڵین، یاخود ئاڵوگۆڕی کاڵا، داکۆکیکەری بازرگانی سەربەخۆ Vulgarise ی لێوە سەرچاوە دەگرێ، هەموو دیدگاو بیرکردنەوەو تێگەیشتن و پانتایی هەموو دەسەڵاتەکانی دەربارەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و کاری کرێگرتە، ئەگەر ئەم بوارە جێبێڵین ئەبینین dramatis personae (کەسەکانمان دەکەونە ژێر کارگەرییەوە) هەندێ شت دەگۆڕن، خاوەن دراوی پێشو لە پێشەوە دەوەستێ وەکو سەرمایەدارێک، خاوەن هێزی کار وەکو کرێکارێک دوای دەکەوێ یەکێکیان لە ناخەوەخەندەی شازی بەخۆوە کردنی لێ بەدی دەکرێ ئارەزووی دەستپێکردنی کاری هەیە. ئەوی تریان هیچ ئاسۆیەک بەدی ناکا جگە لە یەک شت وەکو فرۆشیارێ لە بازاڕی تایبەتی پێستە، ئەو پێستەیە خۆشەدەکا.

# بەشی سێهەم

# دراو، یان سورانەوەی کالاکان

## ١-پێوەری بەها:

لە تەواوی ئەم کارەدا هەوڵ دەدەم بۆ سادەکردنەوەی بەهای کالای ئالتوون.

یەکەم کاری سەرەکی دراو ، ئامادەکردنی کالاو ماددەیە بۆ دەربرینی بەهاکانیان، یان بۆ دەربرینی بەهاکانیان وەک چەندایەتی هەمان هاوشێوەی یەکسان بەشێوەی چۆنایەتی وە بەراورد کردنی بەشێوەی چەندایەتی. بەم شێوەیە کاردەکات بۆ "پێوانەی جیهانی بەها". وە تەنها بەهۆی ئەم تایبەتمەندیەوە ئالتون کالایەکی هاوشێوەو یەکسان و "سەرکەوتوە"و دەبێت بە دراو.

ئەوە دراو نیە کە کالا هاوکێشەکان دەگۆڕێتەوە، بەلکو بە پێچەوانەوە ، بەهۆی ئەوەی کە گشت کالاکان، وەک بەهاکان تێدەگەن لە کاری مرۆڤایەتی، وە لەبەر ئەوەی کە هاوکێشە، بەهاکانیان بەیەکێک لە هەمان کالای تایبەت پێوراوە و دواتر دەگۆڕین بە پێوانەی گشتی بەهاکانیان بەمانایەکی تر بۆ دراو. دراو وەک پێوانەیەکی بەها شێوەیەکی بەرچاوە کە لە گرنگیدا پێویستە دەرکەویَ لەلایەن ئەو پێوانی بەهایەوە کە بنەرەتیە لە کالاکان و سەعات- کاردا[1].

دەربرینی بەهای کالا لە ئالتوندا ، Xکالای A= Y دراوی کالا، فۆرمی —دراو یان نرخەکەیەتی.

---

١-پرسیار ئەوەیە بۆچی دراو بە راستەو خۆیی سەعات-کار دیاری دەکات، لەبەر ئەوەش رەنگە پارچە کاغەزێک دیاری بکات، بۆ نموونە، Xسەعات-کار ،لەخوارەوە هەمان شتە لەگەل ئەو پرسیارەی بۆچی دانی بەرهەمی کالاکان پێویستە شێوەی کالاکان بەرهەم بهێنیَ؟ ئەمە رۆشنە بەهۆی وەرگرتنی شێوەی کالاکان و بەشبوونی جیاوازیان بۆ کالاکان و دراو. یان بۆچی کاری تایبەتی-کار بۆ سندوقی بانکی لە کەرتە تایبەتەکاندا مامەلە بکرێت وەک پێچەوانەکەی لە کاری کۆمەلایەتی هەرئێستایی(هەنوکەیی)؟

من جێگایەکی ترم هەیە بەفراوانی رای خەیالی لە بارەی "کرێی-کارەوە، حەق-دەستەوە" لە کۆمەلگادا تاقی کردوەتەوە، کە دۆزراوەتەوە لە بەرهەمی کالاکاندا. لەسەر ئەم خالە لە داهاتوودا دەلێم ( حەق-دەستی) "Owen،ئۆوین" *( ئۆوین ناوی کرێکارێکە وەک نموونە هێنراوەتەوە...وەرگێر) بۆ نموونە زیاتر نیە لە کرێی بلیتی چوونە ژورەوەی سینەمایەک. پێشبینیەکانی ئۆوین راستەوخۆ وابەستەیە بەکارەوەو شێوەیەک لە بەرهەم کە بەتەواوی وابەستە بێت لەگەل بەرهەمی کالاکاندا. دۆکیومێنتی کار تەنها دەلیلی بەشی وەرگیراوە بە

شەخسی لە کاری گشتی دا، هەروەها لەسەر ئەم مافە بۆ بەشی دیاری کراو لە بەرهەمی گشتی دیاریکراو بۆ بەکاربردن(استیهلاک). بەلام هەرگیز ناچێتە مێشکی ئۆوینەوە پێشبینی بکات کە بەرهەمی کالاکان ، هەروەها لە هەمان کاتدا بەیاری کردن لەگەل دراو هەولی گۆشەگیری بدات لەگرنگی هەلومەرجی دەوری بەرهەمهێنان.

هاوکێشەیەکی تاک وەک، ١تۆن برنج=٢ مسقال ئالتون، ئێستا خاوەنی کەسایەتی دراوە، شێوەی گشتی بەهای رێژەیی بەسادەیی بەردەوامی داوە بە شێوە سروشتیەکەی، یان بەشێوەی بەهای لێکدابراو. لەلایەکی ترەوە دەربرینی فراوانی بەهای رێژەیی، زنجیرە هاوکێشەیەکی بێ کۆتاییە کە ئێستا بوە بە بە شێوەیەکی شازی بەهای رێژەیی بۆ دراوو کالا. هەروەها ئێستا ئەو زنجیرەیە خۆی بەربلاوەو ناوبانگی کۆمەلایەتی هەیە لە نێو بەهای کالا راستەقینەکاندا. ئێمە تەنها ئەوەمان لەسەرە کە دوا بەدوا دووبارەی لیستی-نرخ بخوێنینەوە، بۆ دۆزینەوەی قەبارەی دەربردراوی بەهای دراو لە گشت دوکانەکانی کالاکاندا. بەلام دراو خۆی بەهای نیە . بۆ ئەوەی بیخەینە جێگاو رێگایەکی یەکسان لەگەل تەواوی کالاکانی تردا لەو ئاستەدا ئەبێ پابەند بن بەوەی خۆی یەکسان بکەین بە خۆی وەک هاوشێوەی خۆی.

نرخ یان فۆرمی- دراوی کالاکان، وەک فۆرمەکانی خۆیانن لە بەها بەگشتی ، شێوەیەکی تەواو خاوێنە لە شێوەی ماددی و بەرجەستەی خۆیان، لەبەر ئەوە شێوەیەکی، بێگەردی، نموونەیی، فکریە. بەهای ئاسن، کەتان، گەنم بوونێکی واقعی هەیە لەنێو ئەو هەموو ماددانەدا، هەرچەندە نادیارە: ئەمە نموونەییانە دەرک پێکراوە لەلایەن هاوتاکانیانەوە لەگەل ئالتووندا ، پەیوەندیەکە ئەوەیە کە بلێیت، تەنها بوون لە پێشەنگیاندایە. ئینجا پێویستە خاوەنەکانیان ئاگاداریان کاتەوە لە زمانیان، یان بلیتیان پیاهەلواسێ پێش ئەوەی لە دەرەوە بەهاکانیان گفتوگۆیان لەسەرکرابێ[2]

---

[2]- Captain Parry کاپتن پاری دانیشتووی رۆژئاوای کەناری "بەندەری بافن، Baffin's Bay" دەلێت: "بەربەری و نیمچە مەددەنیەکان بە جیاوازیەوە زمان بەکار دەهێنن" لێرەدا ئەو دەگەرێتەوە بۆ ئالو وێلکردن بە خۆراک، ئەوانە شتەکانیان دووجار هەلدەگێرایەوە لەسەر زمانیان، دوای ئەوەی کە وا دەردەکەوتن کە پێیان وایە معامەلەکە بەرازیبوون تەواو بوە. بەهەمان شێوە لە رۆژئاوای ئاسکیمۆکان کالاکانیان تازەدەکردەوە کە بۆیان وەریاندەگرت لە ئالو وێلدا. ئەگەر زمان ئەوەبێ لەبەشی سەرەوە بەکاردەهێنرێت وەک ئەندامێکی تایبەت، گومانی تێدانیە کە لە خوارەوە مەعیدە وەک ئۆرگانێکی ئامادەو کۆکراوە کار بکات، هەروەها (کافر،Kaffir) (کافر-ناوی قەومگەلێکن لە ئەفریکای باشوور...وەرگێر) پێیان وابوو سامان و

دارایی پیاو بەپێی قەبارەی سکیەتی. بەپێی ئەوانە کافرەکان دەزانن ئەوان چۆن وەسف کراون، لە هەمان کاتدا کە راپۆرتی کاربەدەستی تەندروستی بەریتانی لە ١٨٦٤ دا کەموکوری قەڵەویی و شێوەی خواردن لە نێو بەشێک لە کلاسی- کارکردندا ئاشکراکرد، "نەخێر،هەرچەندە، دۆزینەوەی سەرکەوتوی (سورانەوەی خوێن) ، شتێکی باشی کرد بە ئاشکراکردنی (رسیپس- لیستی خواردن داواکردن) بۆ کەمکردنەوەی قەڵەوی بێبایەخی بۆرژوازی و ئەرستۆکراسیەکان" تەئکیدکردنەوەی د.هارڤی.

لەبەرئەوەی کە دەربرینی بەهای کالاکان لەبەرامبەر ئاڵتووندا نموونەیەکی سادە دەنوێنێن، رەنگە ئێمە بۆ ئەم مەبەستە نرخێکی نموونەیی یان خەیالی بەکاربهێنین. هەموو بازرگانێک دەزانێت، کە ئەو دوورە لەوەی کە کالاکانی گۆرییێ بە دراو، کاتێک ئەو نرخی کالاکانی بە برێکی خەیالی دەربرییێ، کە ئەمە پێویست نیە کە بەهاکەی کەمێک لە ئاڵتوونی راستەقینە کەمتر بێت، بۆ بەراورد کردن لە نێوان ئەو ماددانەدا ملیۆنەها پاوند بەهای کالاکانن. کاتێک کە دراو پێوانەی بەها دەکات، ئەوە تەنها خەیالیە یان نرخێکی نموونەییە. ئەم حالەتە بوە هۆی دەرکەوتنی بیرورای درندانەتر[3].]

---

[3]-سەیری Karl Marx،Zur Kritikk "&c.

" Theorien von der Masseinheit des Gelda" p.53 بکە.

بەلام هەرچەندە دراو کە رۆلی پێوانی بەها دەبینێ، تەنها برێکی نموونەییە نرخ بە تەواوەتی وابەستەیە بەو ماددە واقعیەوە کە دراوە. بەها یان بە واتایەکی تر، بری کاری مرۆڤایەتی لەنێو یەک تەن ئاسندا، لە خەیالدا وەک بری بەهای کالا دەربرراوە، وەک پێکهاتوەکانی هەمان بر لە کار لە ئاسندا. بەم پێیەو لەبەر ئەوە کە پێوانەی بەها ئاڵتون و زیوو یان مسە، بەهای یەک تۆن لە ئاسن بە نرخی زۆر جیاواز دەردەبردرێت، یان بەبری زۆر جیاواز لەو ماددانە بە رێژەیی نیشاندەدرێن.

لەبەر ئەوە ی، دوو کالای جیاواز وەک ئاڵتون و زیوو، پێکەوە پێوانی بەهان، گشت کالاکان دوو نرخیان هەیە، یەکێکیان نرخی-ئاڵتونە، ئەوی تریان نرخی-زیووە. ئەمانە بەهێواشی لاکەوتە دەبن، لانی زۆر وەک بەشی بەها لە زیوودا وەک ئەوەی لە ئاڵتوندا بەنەگۆری دەمێنێتەوە، لە ١٥:١ دەڵێت، هەموو ئالوگۆرێک لە رێژەکانیان، ئەو رێژەیە تێک دەدات کەلە

کالاکاندا کە لە نێوان نرخی-ئالتون و نرخی-زیوو دا هەیە، وە ئەمەش ئەو راستیانە دەردەبرێ کە دوو پێوەری بەها ناجۆرە لەگەل رۆلی پێوەرێکدا.٤]

---

٤- لەهەرکوێ ئالتون و زیوو وایان لیبکرێت بەشێوەیەکی یاسایی رۆلی دراو یان پێوانەی بەها ببینن یەک لە دوای یەک هەولی بۆ دراوە، بەلام بێسوود بووە وەک هەمان ماددە مامەلەیان بکرێت.  بۆ نیشاندانی ئەوەی کە رێژەیەکی نەگۆر هەیە لە بری ئالتون و زیوودا لە هەر برێکی پێدراودا بە سەعات-کاری کۆکراوە، بۆ نیشاندانی ئەو راستییەی کە ئالتون و زیوو یەک بابەت و هەمان ماددەن، هەروەها بری پێدراوی ماددەیەکی کەم بەهاتر، زیوو پێکهاتویەکی دابەشکراوی بری وەرگیراوی ئالتوونە.  لە ماوەی رژێمی( Edward III ) هەتا کاتی ( George II) مێژووی دراو لە ئینگلترا پێکهاتوە لە هەلچوون و داچونێکی جدی دورودرێژ کە بوە هۆی روبەرو بوونەوەی یاسایی رێژەی تێکەلی نێوان بەهای ئالتون و زیوو، لەگەل گۆرانی بەهای راستەقینەیان.  تاوێک  ئالتون زۆر بەرز بوو، تاوێکیتر زیوو بەرز بوو، ئەو ماددەیەی کە بۆ تاوێک لە بەهاکەی دابەزێنراوە ، لە سوورانەوە دەرکرابوو، وە پێچراوەتەوەو دەرهێنراوە (ێادرە) رێژەی نێوان دوو ماددە دیسان لە یاسادا گۆرابوو، بەلام رێژە رووکەشەکە بەزوویی جارێکی تر هاتەوە نێو کێشمەکێشەکان بەرێژەیەکی راستەقینەوە.  لە سەرەکانی خۆماندا رێبواران و خەلکی راگوزەر کەوتنە بەراوردکردنی بەهای ئالتوون بەرامبەر بە زیوو، کە ئەوە سەرئەنجامی داواکاری هیندو چاینیەکان بوو بۆ زیووی بەرهەم هێنراو لە ئاستێکی بەرفراواندا. لە فەرەنسا هەمان دیاردەی (ێادرە ) دەرهێنان زیوو لەگەل دەرکردنی لە سوورانەوەی بەهۆی ئالتوونەوە.  لە دەورانی سالەکانی ١٨٥٦-١٨٥٥ لەگەل ١٨٥٧دا لە فەرەنسا زیادەی ئالتوونی-هێنراو(مستورد) بەسەر ئالتوونی-براودا(ێادرە) دا مەزەندە کراوە بە 00،580،E 41 لەکاتێکدا زیادەی زیووی-هێنراو بەسەر زیووی- براودا14 E،704،000 .  لە راستیدا لەو وولاتانەدا هەر کام لەو ماددانە پێوانەی یاسایی بەها دەکرێ، لەبەر ئەوەی هەردووکیان یاسای لاوازن ، بۆیە هەموو کەس دەتوانێ فرسەتی هەلبژاردن و کرینی هەرکام لەو ماددانەیان هەبێت ئەو ماددەیەی کە نرخی بەرز دەبێتەوە باجی لەسەر دادەنرێ وەکو هەموو کالایەکی تر نرخەکەی پێوانە دەکرێ لەسەروو پێوانەی ماددەکەوە، کە لە راستیدا بەتەنها وەک پێوەری بەها کاردەکات.  سەرئەنجامی هەموو مێژوو و ئەزموونەکان  لەگەل رەچاوکردنی ئەو یەکسانیە، بەسادەیی ئەوەیە کە لە کوێ دوو کالای دیاریکراو بە یاسا رۆلی پێوەری بەها بێت، لە تاقیکردنەوەدا هەر خۆی بەتەنها لەو حالەتەدا دەمێنێتەوە."Karl Marx، c. 1، pp. 52، 53."

---

کالاکان بەنرخی دیاریکراوەوە خۆیان نیشاندەدەن لە شێوەی کالای= Ḁ ͦ ͦ X ئالتوون، کالای B =Zئالتون، کالای Z= C ئالتون ، کالای Y = C ئالتون ...&c، لەکوێ C،B،A بری دیاریکراوی کالاکانی C،B،A لەگەل Z،Y،X ، وە بری دیاریکراوەکانی ئالتوون نیشاندەدەن. هەرچەندە بەهای ئەم کالایانە لە خەیالدا گۆردراون بۆ چەندین بری جیاواز لە ئالتون . ئێستا لە جیاتی تێکەلاوکردنی جۆراوجۆری کالاکان خۆیان، بەهاکانیان دەبێت بە ئەوەندەی هەمان جۆری گرنگی ئالتون. ئەوانە ئێستا دەتوانرێ بەراورد بکرێن بەیەکتری و بپێورێن، هەروەها پێویستیەکە دەبێت بە هەستکردن بەشێوەیەکی تەکنیکی بەراوردکردنیان لەگەل هەندێ بری دیاریکراو لە ئالتون وەک یەکەیەکی پێوانە. ئەم یەکەیە دواتر بە دابەشکردنی بۆ دوو بەشی یەکسان، خۆی دەبێت پێوەر یان پێوانە (ستاندارد). پێش ئەوەی ببن بە دراو، ئالتون، زیوو، مس، خۆیان ئەم پێوەری پێوانانەیان لەخۆ گرتوە، لە پێوانەی قورسایی خۆیاندا، لەبەر ئەوە بۆنموونە یەک پاوەند قورسایی، کاتێک وەک یەکەیەک کار دەکات، لەسەر یەک تا، توانای دابەشبوونی بۆ مسقالەکان، هەروەها لەلایەکی تر رەنگە لەیەک بدرێن بۆ دروست کردنی ١٠٠پاوەندە٥].

---

٥- ئەو هەلومەرجە نامۆیە کە کاتێک مسقالی ئالتون لە ئینگلترا کاری یەکەیەکی پێوەری دراو دەکات، کە پاوندی ئیسترلینی نایکات بە شێوەی بەشێکی یەکسان لەو، وە بەم شێوەیە ئاماژەی بۆکراوە دارایی ئێمە لە بنەرەتدا هەلگیراوە تەنها بۆ بەکاربردنی زیوو، ئێستا یەک مسقال زیوو هەموو کاتێک دەتوانێ بەش بکرێت بە ژمارەیەکی دیاریکراوی گونجاو لە پارچە مەعدەن، بەلام وەک ئەوەی کە ئالتون لە دواتردا پێناسە کرابوو وەک داراییەکی هەلگیراوە تەنها بۆ زیوو، یەک مسقال ئالتون ناتوانێ ئامادەکراوی ژمارەیەکی یەکسانی بەشەکان بێت. " Maclaren، "A Sketh of the History of the Currency

.p.16،London 1858